# لەم ژمارەیەدا

## سەروتار


■ کۆڕی زانستی زمانی کوردی دادەمەزرێت .................................خاوەن ئیمتیاز ٣


## لێکۆڵینەوە


■ هەندێ وردەکاری و تێبینی لە بەکارهێنانی مۆرفیمی — لا– ................ئەحمەد هیرانی ٥
■ کوشتنی زمان ........................................................... سەلام ناوخۆش٢٤
■ ناونان وهەست ................................................... ڕێژنە ئیسماعیل ٣٨
■ هەندێ لایەنی سینتاکسی لە شێوەزاری ڕواندزدا................ ئا: رازاو ڕەشید سەبری٦١
■ دیوە تیۆرییەکانی فۆنیم و برگەی دەنگسازی لە ئاخاوتنی کوردیدا .......د. شێرکۆ بابان ٧٩


## ژیاننامەی زانستی


■ مەسعود محەمەد زمانناسی گەورەی کورد ............................. نەریمان خۆشناو ٩٨


## وەرگێران


■ گەشەکردنی زمان ................................................و: د.ئازاد ئەمین باخەوان
د. لەیلا جەلیل ١٠٦
■ لادان و جۆرەکانی لە شیعری نوێی کوردیدا .............................. ئیدریس عەبدوڵلا١٢١
■ توێژینەوەی کۆمەڵایەتییانەی زمان ................................ و: کاوە عەبدولکەریم١٣٥


## ئەرشیفی زمانناسی


■ حەشارگەی ( ڕاناو) ..................................................مەسعود محەمەد ١٥٤


## فەرهەنگی زمانناسی


■ زاراوەگەلی بواری وزە و گەرمی بزووتن ........................ پ.ی . رزگار بەکر وەلی ١٦١

# کۆڕی زانستی زمانی کوردی دادەمەزرێت

ڕێنیسانسی ئەوروپی هەر گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی و هەژموونی دەستەڵاتی کەنیسە بەرپانەکرد، بەڵکو دەرگای بەڕووی نیشانەیەك لە نیشانەکانی هەست و حەزی مرۆڤەوە کردەوە. بەڵێ، ئەو ڕێنیسانسە چۆکی دادا بە هەژموونی زمانی لاتینی و دەستەڵاتی ئەو زمانە لە هەموو بوارەکاندا: بواری لاهوتی، ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆناکبیری... هتد. سەردەمانێك بوو، هەموو ئەوروپا لە نێو ئەو سیستەمە پڕ ستەمکارییە دەچەوسایەوە،هەموو ئەدەبێکی باڵا، ئەدەبێکی ئینسانی پڕ هەست و سۆز دەبوو هەر بە لاتینی بێت.شەرم بوو، ڕۆناکبیرێکی ئەوروپی بە زمانی خۆی گوزارشت لە خۆی و هەست و سۆزی خۆی بکات. هەر ئەمەش وایکرد دەقێکی ئینگلیزی، بۆنموونە، هەتا سەدەی چواردە و پازدە دەرنەکەوێ، کەچی لە ڕۆژهەڵات، بۆ نموونە، کورد لە سەدەی دەیەم و یازدەم دەقی بە کوردی هەیە!!

ئەو گەلانە، کە لەدەستەڵاتی (ئیمپراتۆریەتی سیاسی) و (ئیمپراتۆریەتی ئاینی) و (ئیمپراتۆریەتی تاك زمان) ڕزگاریان بوو، پیتۆڵ و زانا و ڕۆناکبیرانیان بیریان لە دامەزراندنی ئەکادیمایەکیش تایبەت بە زمانی نەتەوە کردەوە.

سەدەی شازدەهەم، سەدەی دامەزراندنی چەندەها ئەکادیمیی زمان ـ Academy of Language بوو: کۆڕی زانستی زمانی ئینگلیزی لە (١٥٤٠) و ئیتالی (١٥٨٢)و فەرەنسی (١٦٣٥) و ئیسپانی (١٧١٣) .. هتد. کاری ئەو ئەکادیمییانە هەر پاککردنەوەی زمانی خۆیان نەبوو لە لاتینی وگریکی ،بەڵکو دانانی ئەلفبێ و ڕێنووسی خۆیان بوو. هەر بەو هەوڵە بەراییانەش قۆناغ بە قۆناغ زمانی نەتەوەییان بووە زمانی فەرمی ، زمانی خوێندن و نووسین و هەتا دینداری (ئینجیل بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان وەرگێڕدرا).

ئێستا، بەدەگمەن، ئەگەرنا هەر نەتەوەیەك لە وڵاتی خۆی کۆڕی زانستی زمانی هەیە.

هەندێ لە میرەکانی کورد لە سەردەمی خۆیاندا پێکۆلی ئەوەیان کردووە کە زمانی کوردی بکەنە زمانی دەستەڵات و ئەدەبیات و هەتا خوێندنی حوجرە.

لە سەردەمی ئاشتەوایی (سەدەی پازدەم هەتا نۆزدەهەم) نێوان دەوڵەتی عوسمانی و میرانی کورددا، زمانی کوردی لەژێر سایەی هەندێ میر و ڕۆناکبیری ئەو سەردەمە ، گەشەیەکی باشی بەخۆوە بینیوە ،بەجۆرێ ئەدەبێکی کوردی بەکوردی نووسراوە! لەسەردەمی میرنشینی ئەردەلاندا، (گۆران) بۆتە زمانی ئەدەب و سیاسەت ،هەروەها لەسەردەمی میرنشینی بۆتاندا ،(کرمانجی سەروو) بۆتە زمانی گەورە شاعیران وەك (جەزیری) و(خانی)، لەسەردەمی میرنشینی بابانیشدا، کرمانجی ناوەڕاست لەسەر دەستی هەرسێ شاعیری مەزنی کورد (نالی )و (سالم) و (کوردی) هەرەشەی نەك لەدەستەلاّتی فارسی و عەرەبی و تورکی کردووە ، بەڵکو کاری لە (گۆران)یش کردووە ،بەجۆرێ زۆرێك لە شاعیرانی ئەو دەقەرە بە کرمانجی ناوەڕاست شیعریان هۆنیوەتەوە. شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و شۆڕشی ئەیلول و قۆناغی گفتوگۆی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤، کرمانجی ناوەڕاستی بە ئاستێکی تردا برد. دامەزرانی کۆڕی زانیاری کوردیش لەبەغدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە گرنگی دان بە کرمانجی ناوەڕاستدا.

بەڵام، لەماوەی حوکمڕانی دەستەلاّتی کوردیدا ١٩٩١ـ ٢٠٠٩، زمانی کوردی نەك تەواو دەرفەتی پێنەدرا بەرەو ستاندەر بوون بچێت ، بەڵکو ئەو پرۆژە ستراتیژییەی نەتەوە خەریکە دەکوژرێ و جارێکی تر نەتەوە و نیشتمانی نەتەوە لەسەر شەنگست و بنەمای ناوچەگەریی دابەشکدەکرێتەوە! ئەو ماوەیە، دەبوو وەك ئەوروپییەکان بکرێتە ڕێنیسانسی وشیاریی نەتەوەیی و کار لەسەر هەموو پرۆژە ستراتیژییەکانی نەتەوە بکرێ و، زمانی کوردی هێندە زانستیانە گرنگی پێبدرا بووایە کە نەك هەر لە هەرێم زمانی ستاندەر بێ، بەڵکو عەرەبەکانی بەغداش ناچاربکرابان لە پەرلەمانی عێراقیدا گوێ لە نوێنەری کوردی بگرن!

کۆڕی زانستی زمانی کوردی زۆر جودایە لە کۆڕی زانیاری کوردی! کۆڕی زانیاری کوردی یاخود ئەکادیمیای کوردی تەنها کار لەسەر زمانی کوردی ناکات، بەڵکو زمانی کوردی تەنها بەشێکە لە کارەکانیان ،هەرچی کۆڕی زانستی زمانی کوردییە تەنها و تەنها کار لەسەر زمانی کوردی دەکات و هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ئەکادیمیی و زانستی لە هەموو بوارەکانی زمانی کوردی بدوێت. ڕێنووس و زمانی ستاندەر و لێکسیکۆلۆژی و زارناسی و هتد .کارنامەی سەرەکی کۆڕی زانستی زمانی کوردی پێکدێنن.

داوا لە زمانەوان و شارەزایانی زمانی کوردی دەکەین هاوکاریمان بکەن لەو پرۆژە نیشتمانی و نەتەوەییە ، چونکە ئێمە لە سەنتەری زمانناسی بەنیازین پرۆژەکەمان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکەین. جا هەتا مانگی تشرینی یەکەم چاوەڕێی هیممەتی ئێوەین.

**خاوەن ئیمتیاز**

# هەندێ وردەكاریی و تێبینی لەبەكارهێنانی مۆرفیمی ـ لا ـ لەڕێزمانی كوردیدا

ئەحمەد هیرانی

## بەشی دووەم و كۆتایی

٤ـ سەر/ بەهۆی فۆنیمی ـ ە ـ كە وەك ئاوەڵفرمانی شوێن یان وەك ناوێكی گشتی وەربگرین، دەگۆڕێت بۆ ناوێكی واتایی و دەبێت بە (سەر) لەڕستەدا وەك:
**سەرە بگرن بۆ ئازوقەوەرگرتن لای فرۆشیارەكە.**
ئەم ناوە گشتیە بەهۆی مۆرفیمی ـ لا ـ كە دێتە پاڵی دەگۆڕێت بۆ واتایەكی تر، وشەیەكی نوێ پەیدا دەبێ دەگوترێ ـ لاسەرە ـ لاسەرەش ناوی خشلێكە بووكەكان و ژنان پێوە دەنازن كە بەخۆی وەدەكەن. لەڕستەدا وەك:
**أ ـ بازن و سنجاق و لاسەرو پاوان، زەمانی جاران لە زێر دروستدەكران.**
**ب ـ نەسرین داوای كرمەك و لاسەرە دەكات لە دەزگیرانی.**
٥ـ پەڕ/ بەواتای كاغەز یان ـ قاقەز ـ دێت، بەهۆی مۆرفیمی ـ لا ـ دەبێت بە :
ـ لاپەڕ ـ واتا ـ گۆشەگیر ـ كەواتە ناوەكەی گۆڕی ب ۆئاوەڵناو لەڕستەدا وەك:
**أ ـ ئازاد هەمیشە لاپەڕ دادەنیشێ.**
دەبێ ئەو راستیەش فەرماۆش نەكرێ، وشەی ـ پەڕ ـ بەهۆی فۆنیمی ـ ە ـ دەكرێت بە ناوێكی تر ـ پەڕە ـ پەڕەكردنیش كارێكە بەكاری پەڕەكاری رادەبێ، واتا لۆكە پەڕە دەكات بۆ لێف و دۆشەك و بالیف، كاتێ مۆرفیمی ـ لا ـ دەچێتە پاڵ ـ پەڕە ـ دەگوترێت ـ لاپەڕە، ناوەكەی گۆڕی بۆ واتایەكی تر و ناوێكی تازە، لەڕستەدا وەك:

ب ـ سەیری لاپەڕەی ژیانم بکەی ئەوسا بەختی رەشم تێدەگەی
درەختی ژینم گەڵای وەریوە چونکە بەدبەختی قەدی بڕیوە.

٦ـ وشەکانی/ سوور، رەش، ئاوەڵناون بەهۆی مۆرفیمی ـ ە ـ دەکرێن بە ناو ـ سوورە ـ رەشە، ئەم ناوانە بەهۆی مۆرفیمی ـ لا ـ دیسان لەواتا بنچینەیەکەیان لادەدەن و دەگۆڕێن بۆ واتایەکی ترو ، وشەیەکی تازە، بۆ نموونە لەڕستەدا وەك:

**أ ـ رووی خۆی نیشاندا شای سۆسەن خالآن**
**کەمکەم لەگۆشەی لای سیامالآن.**

سیا ـ بەواتای ڕەش دێت، کە ئاوەڵناوە، واتا لای رەشمالآن.

**ب ـ پیاوە کە لارەشەی لەجەرگی هاتبوو کە مرد.**

**لاڕەشە ـ ناوی نەخۆشیەکە تووشی جەرگ دەبێت.**

**ج ـ هەرمێ لاسورەکان دەخۆین.**

٧ـ جانگ/ بەواتای خام کە ناوێکی گشتی بەرجەستەیە، بەهۆی مۆرفیمی ـ لا ـ دەبێت بە ـ لاجانگ ـ بەواتای لایەکی رووی مرۆڤدێت، لەڕستەدا وەك:

**أ ـ بابرێ تاجانگ هەرزانە، واتا خام هەرزانە.**

**ب ـ لاجانگی هیوا سوور هەڵگەڕاوە.**

**ج ـ بۆچی وا لاجانگت شین و مۆر بووە؟!**

**د ـ رەجیم لاجان و سەری خستبوە ناو هەردوو لەپی دەستی.**

لێرەدا فۆنیمی ـ گ ـ لە وشەی ـ لاجان ـ پەڕیو، بەڵام مەبەستی هەر ـ لاجانگ (ـ ە) جگە لەوەش ـ لاجان ـ ناوی شارێکی کوردستانە لە ئێران کە ئەم باسە بەسەریدا پرەکتیك دەبێ...!؟

چەندها وشەی تر لەو بابەتە هەن، وەك: ﴿رێ ـ لارێ، دێ ـ لادێ، لێو ـ لالێو، تەنیشت ـ لاتەنیشت، پاڵ ـ لاپاڵ، تەریك ـ لاتەریك، بار ـ لابار ...هتد﴾

ئەگەرچی مۆرفیمی ـ لا ـ ئەرکی ئاوەڵکار بنوێنێ لە زۆر وشە و ڕستەدا، بەڵام هەر کاتێ کەوتە پاڵناوێ یان ئاوەڵناوێ کە دەبێتە هۆی گۆڕینی چەمکی واتای وشەکە، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەوری پێشگر دەبینێ وك پێشگرەکانی تری ناو زمان، نموونە وەك:

**بەیادی خاڵی لالێوی بەدایم دڵ ئەناڵێنێ**
**بەڵێ سەرسەخت و بێچارەم لەمردن فرەم پێچوە**

**چوارەم / مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوە کەسیە لکاوەکاندا:.**

لەو حالەتەدا مۆرفیمی ـ لا ـ گرێیەکی ئاوەڵفرمانی شوێنی دروست دەکات، لەهەمان کاتدا دەبێتە تەواوکەری ڕاناوە لکاوەکان، گرێیەکانیش وەك:

﴿لام ـ لامان ـ لات ـ لاتان ـ لایان ـ لاو﴾

١ـ لام لەڕستەدا وەك:

**أ ـ لەلام تەختی سولەیمان بۆیە ئەیبرد بە ئاسمان**

**بزانن سەلتەنەت بایە بەقال نابێ لە ئینسانا**

**ب ـ یاکەیفت لایە لای خۆی گومکردووە**

**لام وایە زامت نەسرەوتۆتەوە.**

٢ـ لامان ـ لەڕستەدا وەك:

**أ ـ راستت دەوێ، لەرێی راستی لامان داوە.**

**ب ـ ئەمشەو لامان بمێنەوە.**

٣ـ لات ـ لەڕستەدا وەك:

**أ ـ هەمیشە بەندەی ئارەوزووی خاوی**

**یەکسانە لەلات چاکی بەد ناوی**

**ب ـ لەتلەتمکەن بمکوژن هەر ناچارم کە بێمەلات.**

٤ـ لاتان ـ لەڕستەدا وەك:

**أ ـ رەفیقان من ئەوا رۆییم لەلاتان**

**سەرم قەلغانە بۆ تیری قەزاتان**

**ب ـ تەنها دوو رۆژ لاتان دەمێنمەوە و رادەبورم.**

٥ـ لای/ لەڕستەدا وەك:

**أ ـ گەر لەڕێی راستی لای داوی تاوان**

**بگرە شوێن پێی کردەوەی پیاوان**

**ب ـ بەعاشق کوژی ناوی بەدناوە**

**ترسی لای خواشی ناوە بەلاوە**

٦ـ لایان/ لەڕستەدا وەك:.

**ئارووی دوی و جود سۆزیاگ ئەوێ**

**نیە لەلایان هیچ رۆژو شەوێ**

٧ـ لاو/ لەڕستەدا وەك:
**أ ـ لاو وایە کە من ناتناسم؟!**
**ب ـ لاو دا بۆ کاملا؟!**
**پێنجەم/ مۆڕفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ئاوەڵناوی نیشانەدا:**
مۆرفیمی ـ لا ـ لەو بارەشدا، دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵناوی نیشانە، سەرەڕای کە بەکاری ئاوەڵکاریەتی خۆی هەڵدەستێ، وەك:
**﴿لەملا ـ لەولا ـ لەمەولا ـ لەوەولا ـ لەئەملا ـ لە ئەولا﴾.**
**١ـ لەملا ـ لەئەملا ـ لەڕستەدا وەك:**
**أ ـ پەری لەم لا هات و لەولا دەرچوو ـ لەئەملا هات و لەئەودەرچوو.**
**ب ـ ئێستای دەستەمل لەگەڵ لەمەولای**
**مارای و ئیستقبال لە حاڵ یەکسانە لای**
**ج ـ لەولاوە دەبێ بێی بۆ سەردانمان.**
گرێیەکانی ﴿لەملا ـ لەولا ـ لەمەولا ـ لەوەولا﴾، هەندێ لەنووسەرانی کورد واراهاتوون کەبنووسن : لەئەملا ـ لەئەولا ـ لەئەمەولا ـ لەئەوەولا...
ئەمەیان هەرچەندە کەنووسینەکەی خۆمان بەراست و ڕەوانتر دەزانم، بەڵام ئەمە زۆر گرنگ نیە، چونکە کێشەی ئێمە لەمەڕ مۆڕفیمی ـ لا ـ یە نەك ڕێنوس.
**شەشەم/ مۆڕفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوی نادیارو ئاوەڵناوی ژمارەو ئاوەڵناوی پرسدا:**
أ ـ مۆڕفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوی نادیاردا:.
مۆڕفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوە نادیارەکاندا لە دوو شێوەی جیاوازدا خۆی دەسازێنێ لەگەڵێاندا، حالەتی یەکەم ئەوەیە کە ئەو مۆرفیمە پێش ڕاناوەکان دەکەوێت، بەڵام بەهۆی ئامرازی پەیوەندی ـ ی ـ نموونە وەك: ﴿لای هەموو، لای گشت، لای هەر، لای زۆر، لای هەندێ، لای هیچ، لای چەند، لای چ، لای کەم...تر﴾.
لەباری دووەمیشدا دوای ڕاناوە نادیاریەکان بەدەردەکەوێت ... لەهەر دوو باریشدا مۆڕفیمەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرێیەکی ئاوەڵناوی، جگە لەوەی کە لە ئەرکی ئاوەڵکاری ناکەوێت، دەبێـە تەواوکاریش لە دروستکردنی گرێیەکانیشیدا لە زۆربەی زۆریاندا لەهەردوو حاڵەتدا ئامرازی پەیوەندی ـ لە ـ

هاوبەشە لەگەڵیاندا، لە پێشەوەی ڕستەكانیش دێت، بۆ نموونە وەك:
**١ـ هەموو لا دەزانین كە قەومی كورد ـ ماد ـ بوینە.**
**٢ـ تكام لەگشت لاكرد قبولیان نەكرد بچمە ژووری.**
**٣ـ زۆر لا گەڕاوم، لە خۆم سەرگەردانتر نەدۆزیەوە.**
**٤ـ هیچ لا نەما لەدوات نەگەرێم.**
**٥ـ چەند لا گەڕاوم لەشاری كۆیەم خۆشتر نەدیوە.**
**٦ـ بۆ هەر لایێ بڕۆم هەر سەرگەردانم.**
**٧ـ چ لا نەما بۆ نەگەرێم.**
**٨ـ هەندێ لا قسەو كرداریان یەكنیە.**

نیگایەك/ لەسەرجەم ڕستەكانی سەرەوەدا مـۆرفیمی ـ لا ـ شـوێنی ناوێـك یـان ڕاناوێكی گرتۆتەوە بۆ نموونە ﴿چەند شار گەڕاوم لەكۆیە خۆشترم نەدیوە﴾، كەواتە لەهەموویاندا باسكراوە واتا ﴿مەوسوفە﴾.

نیگایەكی تر/ لە ڕێساو یاسای ڕێزمانی هەر زمانێكدا، هەوڵـدەدرێ لەداڕشـتنی ڕستەدا شتی لاوەكی لابرێت و ڕستەكە كورتبێ، زمانی ئێمەش ئەو خاسـیەت و تایبەتمەندییەی پێوە دیارەو هەڵدەگرێ، چونكە لە داڕشتنی ڕستەكانی لەمەوبەر، ڕاناوە لكاوەكان لە جغزی بەكارهێنانیاندا فڕێدراون، واتا لەدوای هەر مۆرفیمێكی ـ لا ـ لەو رستانەی رابردوودا دەمانتوانی كە ڕاناوە لكاوەكـانیش لەگـەڵ گرێیـە ئاوەڵناوەكان بنووسین، واتا دەتـوانرا بنووسـرێت ﴿تكـام لەهـەموو لایـان كـرد، قبولیان نـەكرد بـچمە ژوری﴾ بـەكاربردنی ئـەو گـرێ ئاوەڵناویانـە لـە حاڵـەتی یەكەمیشدا هەر بەهەمان شێوە دەبێت وەك:
**١ـ لای هەموو كەس روونە كە گۆی زەوی بەدەوری خۆردا دەسورێتەوە.**
**٢ـ لای گشت ئاشكرایە كە كورد بەكۆیلەیی و ژێر دەستی رازی نیە.**
**٣ـ لای هیچ كەس نهێنی خۆت مەدركێنە.**
**٤ـ لای هەندێ وایە كە ژیان خواردن و خەوە.**
**٥ـ پرست لای زۆرەو نهێنی لای یەكێ دانێ.**

وەك بۆمان دەردەكەوێ كە مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوە نادیارەكاندا دەبێتە هۆی دروسـتبوونی وشـەیەكی لێكـدراو كـە پێـی دەڵـێن ـ گرێـی ئاوەڵنـاوی ـ ب ـ مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ئاوەڵناوی ژمارەدا:

یەکگرتنی مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ئاوەڵناوی ژمارەدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاوەڵناوێکی لێکدراو، لەسەر کاری ئاوەڵکاریەکەشی دەمینێ وەك: «یەکلا ـ دوولا ـ سێلا ـ نۆلا ـ حەوتلا ـ سەدلا ـ هەزارلا...»

باهەندێ ڕستە بخەینە پێش چاو بۆ ئەمانە، وەك:

**١ـ گوریس بەیەك لا نەدەگەیشتەوەیەك، ئەو داوای دوولام لێدەکات.**

**٢ـ نهێنی لای یەکێ دابنێ و پرست لای هەزار.**

**٣ـ لایەکمان ئاوەو چوارلاشمان ئاگر، هەستین ئاوەکە دەمانبا، دانیشین ئاگرەکان دەمانسوتێنن.**

**٤ـ لەدوولا مەست و حەیرانم بەقووەی جەز بە نازانم**
**نەقوربانی سەرو گەردن نەقوربانی لەبانت بم**

ئاوەڵناوە ژمارەییەکانی تریش لەسەر هەمان ڕێچکە و شێوە دا لەڕستەدا بەکار دەبرێن.

پۆزش/ کە سەرنج ئەدەینە ئاوەڵناوی ژمارە ـ یەك ـ دوای مۆرفیمەکە دێت وەك ڕستەکانی ٢ـ ٣ـ ئەو دیاردەیە لەئاوەڵناوە ژمارەکانی تر کەمتر بەرچاو دەکەوێ .. ئامرازی پەیوەندی ـ ی ـ دەکەوێتە نێوان ـ مۆرفیمەکە و ئاوەڵناوە ژمارەییەکان وەك:

**١ـ لای سەد کەس باسم کردووی بەباشی.**

**٢ـ شەو لای دوو برادەر مامەوە تا درەنگانێ..**

ج ـ مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ئاوەڵناوی پرسدا:.

مۆرفیمی ـ لا ـ کە لەدوای ئاوەڵناوە پرسەکاندا دێت. دیسان وەك باسیکراوە واتا ـ موصوف ـ خۆی دەنوێنێ و دەردەخات، واتا لەبری ناوێ دێتەکایەوە و بەکاردێت، ئەو گرێیەی کە دروست دەبێت ـ گرێیەکی ئاوەڵفرمانیە، بۆ نموونە لەڕستەدا پێشانی ئەدەین وەك:

أ ـ لەکاملا هاتی و بۆ کاملا دەڕۆی؟

لەو ڕستەیەدا، لە جێی مۆڕفیمی ـ لا ـ دەتوانین ناوی ـ شار ـ گوند ـ گەڕەك ـ ماڵ ... یان هەر ناوێکی تر بەکار ببەین ... کەواتە (باسیکراوە)، واتا ـ مەوسوفە ـ کەوابێ ئەتوانرێ بنوسرێ: لەکام گوند هاتی و بۆ کام شار دەڕۆی؟

کەواتە «کاملا» گرێیکی ئاوەڵفرمانی شوێنیە...

ب ـ
**١ـ كاملا هەڵدەبژێری؟**
**٢ـ كاملا دەخۆی؟**
**٣ـ لەكاملا دەنوی؟**
لەو نمونانەشدا مۆرفیمی ـ لا ـ لەبری ڕاناوێ یان ناوێ بەكاربراوە.
كەواتە ـ باسیكراوە ـ مەوسوف، بۆ زیاتر بەدواداچـون و روونكردنـەوە یـان كـە مۆڕفیمی ـ لا ـ لە ڕستەكاندا لابەین و هەڵیگرین، ڕستەكان ئاوا دەنووسرێنەوە:
**١ـ كامیان هەڵدەبژێری كراسەكە یان پانتۆڵەكە؟**
**٢ـ كامیان دەخۆی كەباب یان قۆزی؟**
**٣ـ لەكام ماڵ دەنوی ماڵی خۆت یان هی باوكت؟**
ج ـ ماڵەكەت لەكاملایە؟ مۆڕفیمی ـ لا ـ لەجێی ناوی گەڕەك ، شـار، كـۆڵان ـ بەكاربراوە.
د ـ چەند لای گەڕای؟
هـ ـ بۆ لای كێ چووی؟
وـ هیچ لا نەما بۆی نەگەڕێم..
**حەوتەم: مۆرفیمی ـ لا ـ وەك ئاوەڵناوی لێكدراو خۆی دەردەخات؟!ـ**
ئاشكرایە بەدووبارەكردنەوەی خودی هەر وشەیەك خـۆی، ئاوەڵنـاوێكی لێكـدراو دەڕسكێ و پێكدێ وەك: ﴿ڕێ ڕێ ـ پارچە پارچە ـ چین چین ...﴾
مۆرفیمی ـ لا ـ گەرچی بـەو كـردارەش هەڵدەسـتێ و رادەبێـت، بـەڵام لـەكاری ئاوەڵكاری خۆی ناوەستێ بۆ نمونە:.
﴿لالا ـ لابلا ـ لالایی ـ ....ند﴾ لەڕستەدا وەك:.
أ ـ لەرۆیشتنا لالادەچم. واتە هەرجارەی بەلایەكا دەچم و دەكەوم.
ب ـ لابەلا سەردانی خزمانم دەكەم. واتا ناوە ناوە، كەمكەمە.
ج ـ لە سوچێك باغەكەدا لابەلا بۆ خۆم دادەنیشتم..!
د ـ لەكاری لابەلا خۆت تێهەڵمەسوە...!
هـ ـ لالایی مەكە نەلەژیان و نەلەبیرو باوەڕدا..؟!
گرێیەكانی ﴿لالایی ـ لابەلا ـ لالا ...﴾ گرێی ئاوەڵنـاوی چـۆنیەتین، كـە پێیـان دەگوترێ ـ ئاوەڵناوی لێكدراو.

**هەشتەم/ مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ هەندێ پێشگرو پاشگرەکاندا:ـ**
پێشتر لەکاری دارِژاوا و پێشگرو پاشگر دواین کە دەبنە هـۆی گـۆڕینی چـەمکی بنەڕەتی واتای وشە.
بنەڕەتی واتای وشە.
مـۆڕفیمی ـ لا ـ کـە وشـەیەکی پیـادەو ئامـادەکراوە لـەزمانی کوردیـدا، ئـەو تایبەتییەتە وەردەگرێت، لەو حاڵەتەدا ـ گرێیەکی ئاوەڵفرمانی دێتە ئاراوە. وەك: (بەلادا، وەلادا، بەلاوە، وەلاوە، وەلاوەدا...تد) لەڕستەدا وەك:ـ
**أ ـ لەگەڵ دەسرِێژەکەدا پیاوەکە خست و کوشتی.**
**ب ـ نەخۆشییەکە هیوای وەلا خست و کوشتی.**
**ج ـ لەوە بەولاوە ئاگام لێی بڕا.**
**د ـ بەعاشق کوژی ناوی بەدناوە.**
**تری لای خواشی ناوە بەولاوە.**
**هـ ـ وورد وورد بۆ نێچیر چاو بەنیگاو، تەکمان دا بەلای کۆی ئاتەشگاوە.**
**و ـ چاوت بیماری بەناو لەسەرە.**
**پیاو کوشتن لەلای بیمار خەتەرە.**
**ز ـ هەتا پاڵ بەلای مەرگەوە بەسوێی زامانی سینەو جەرگەوە**
**بپارێینەوە لەلای خوامان بەڵکو بێتەبەر گوڵی هیوامان**
ح ـ چوونەسەر مانگ لەلایەن ئادەمیزاد، هەڵگەڕانەوەیەك بوو بەرامبەر مێژوو.
**نۆیەم / مۆڕفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ئاوەڵناوی ـ بێ ـ دا:ـ**
وشەی ـ بێ ـ وەك پێشگرێکی ئاوەڵناوی کە دێتە پێش هەر وشـەیەکی تـر ئـەوا دەبێتە هۆی دارِشتنی ئاوەڵناوێکی هەمیشەیی بۆ نموونە:
(بێباك، بێپرس ـ بێتام ـ بێخوێ ـ بێنەوا ـ بێشەرم ـ بێخەم ـ بێکەس ـ بێپرتەو بۆڵە ـ بێفیز ـ بێبەزەیی ـ بێدەست ـ بێگێرمەو کێشە...تد)
لەو وشانەو هەزارانی تردا، ئەگەر ناون، یان ئاوەڵناون، بەهۆی پێـشگری ـ بـێ ـ ئاوەڵناوێکی هەمیشەییان دارِشتووە، لەپاڵ ئەمەشـدا وشـەی (بـێ) لـە قـاوغی فرمانیشدا خۆی دەردەخات وەك:
**(ئەگەر نەسرین لەگەڵم بێ (بێت) ئێوارە دەڕۆینە پارکی منارە)** لە هەڵسو کەوتی زمانەوانیشدا وشەی ـ بێ ـ وەك ناوێکی گشتی هاتووە بۆ نموونە:

**ـ لەسەر سینەت ئەلفو بێیە یەکیان خۆخەو یەك هەرمێیە**
**هەتا دەمرم تەمام پێیە**

**ب ـ با هەنارەکە بۆ تۆبێ و بێیەکەش بۆ من ...** (بێ) وەك ناوێکی بەرجەستە. لە ڕستەی ـ أ ـ دا، وشەی بێ ناوە بۆ فۆنیمی ـ ب ـ لە ئەلفبادا. لەڕستەی ـ ب ـ دا، ـ بێ ـ یەکەم و سێیەم فرمانە، بەڵام ـ بێ ـ ی دووەم بەواتا ـ بەهێ ـ کە ناوێکی بەرجەستەیی سادەیە، کە لەکاتێك هەر شێلانی سەبارەت بە مۆرفیمی ـ بێ ـ یاخود ئاوەڵناوی ـ بێ ـ کەواتە مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ئەو پێشگرە ئاوەڵناویەدا کە دێتە پێشناوەکە دەبێتە هۆی دارشتنی ئاوەڵناوێکی ـ دارژاو ـ واتا گرێیەکی ئاوەڵناوی دروست دەکات (بێ لا) وەك لەڕستەدا راستیەکە دەردەکەوێ:ـ

**أ ـ بێ لام ـ بێلایانم . لەهەموو کارێکی رامیاریدا...!!**
**ب ـ بێ لا نابم لەکێشەی نێوانیاندا.**
**ج ـ بێ لا مەوەستە دەرهەق ناراستی و ناهەقی.**

مۆرفیمی ـ لا ـ هەر کاتێ پێش ئەو ئاوەڵناوەکەوت، ئەوا پێشگرەکە لە جغزی فرماندا (کار) خول دەخواتەوە، وەك:

**١ـ هەرچەندە خەڵکت لابێ (لابێت) هەر دێمەلات.**
**٢ـ هەرکەس کە تۆی لابێ هەر سەرکەوتووە.**

**دەیەم: مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوە کەسییەسەر بەخۆکاندا:ـ**

پەیوەندی مۆرفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکاندا پێکدێ لەڕێی ئامرازی پەیوەندی ـ ی ـ یەوە لەو بارەدا گرێیەکی ئاوەڵفرمانی شوێن دروست دەبێ، وەك:

**١ـ لای من .**
**٢ـ لای ئێمە.**
**٣ـ لای تۆ.**
**٤ـ لای ئێوە.**
**٥ـ لای ئەو.**
**٦ـ لای ئەوان.**

لە ڕستەدا:

١ـ نیوەڕۆ لای من میونی
٢ـ باشن لای خودا لای ئێمە بەناو
٣ـ هاوار لەلای تۆ پولێ ناهێنێ
تا دەستی قودرەت چەرخت نەشکێنێ
٤ـ شینم بێ سنووره زاریم بێ (شوم)
لای تۆ هاوار مەو لەدەستی تۆمە
٥ـ دێمە لای ئێوە دادەنیشم
٦ـ ئەمشەو لای ئەو دەمێنمەوە
٧ـ چۆن گەیشتینە لای ئەوان

**یازدەیەم/ مۆڕفیمی ـ لا ـ لەگەڵ ڕاناوی خۆییدا:ـ**

ئەرکی مۆڕفیمی ـ لا ـ لەگەڵ راوە خۆییەکاندا وەك ئەرکەکەیەتی لەگـەڵ ڕانـاوە کەسییە سەربەخۆکاندا، یەکدیگیر دەبێ بەهۆی ئـامرازی پەیوەنـدی ـ ی ـ یـەوە لەئەنجامدا چەند گرێیەکی ئاوەڵفرمانی شوێنی دروست دەکات وەك:

١ـ لای خۆم
٢ـ لای خۆمان
٣ـ لای خۆت
٤ـ لای خۆتان
٥ـ لای خۆی
٦ـ لای خۆیان

با ئەمانە لە ڕستەدا دەربخەین وەك:

١ـ پارەکە لای خۆم هەڵگرتووە
٢ـ ئەو پێشمەرگەیە لای خۆمان دەبێت
٣ـ ەرچی هەبوو لای خۆت گلدایەوە
٤ـ چی باشە لای خۆتان پێی بڵێ
٥ـ مامۆستاکە لای خۆی دانام
٦ـ گوایە لای خۆیان ریز لەیاسا دەنێن

**دوازدەم/ مۆرفیمی ـ لا ـ لە هەندێ کاری لابەلاو جیاوازدا:ـ**

ئەو مۆرفیمە لەزۆر ڕستەو گەلێ شوێندا، کە بەرچاو دەکەوێ، یەك مەبەست و یەك واتا نادا بەدەستەوە، جگە لەمەش لەکاری ئاوەڵکاری دەشۆڕێت. واتا لەکارە بنجییەکەی لا ئەدا و دەست بەردار دەبێ بۆ نموونە وەك:ـ

**١ـ لامدا ماڵیان بەمیوانی**

**٢ـ ئەوەی گرفتە لەرێگەکەدا لامدا**

گرێی ـ لامدا ـ لە ڕستەکاندا دووجار بەرچاو دەکەوێ، هەریەکەی بە واتایەکی تایبەت جیاواز لەوتیرهاتووە. لە ڕستەی یەکەمدا ئەوە ئەدا بەدەستەوە کە گشت کۆسپ و تەگەرەو گرفتەکانم لابرد لەرێگەدا. لە ڕستەی یەکەمدا، بەبێ ئەو مۆرفیمە دەتوانین ڕستەکە بەمشێوەیە دەربڕین (بوومە میوانی ماڵیان) یان لەماڵیان بووم بە میوان . لە ڕستەی دووەمدا ئەرکی مۆرفیمی ـ لا ـ وەك ئاوەڵفرمانی نەفی (نە) خۆی دەردەخات، بەبێ ئەو مۆرفیمە، دەتوانرێ ئەو ڕاستییە بەشێوەیەکی تر دەربڕێ وەك:

(ئەوەی گرفتە لەرێگەتان نەمهێشت.)

**٣ـ ئەی لاتی بێ لات کە من هاتمە لات بێ لامەبە، لام لێ بکەوە، تا جارێکی تر بێمەوە لات، لات وا نەبێ کە منیش وەك تۆ لاتم.**

لەو ڕستە مەزنەدا هەشت کەرەت مۆرفیمی ـ لا ـ هاتییە، با نیگامان بخەینە سەریان.

وشەی ـ لات ـ ی یەکەم بەواتای هەژارو کەمدەرامەت هاتووە، کەواتە لەو وشەیەدا ـ مۆرفیم ـ نییە، واتا لەو شوێنەدا بە مۆرفیم ئەژمار ناکرێ، چونکە وشەکە لەبنجدا بە ـ لا ـ دەسپێکراوە. واتا مەبەستی سەربەخۆ ئەدات بە دەستەوە کە بەمانای هەژارو کلۆڵ دێت.

وشەی ـ لات ـ ی دووەم بەواتای پارچە زەوی یان خاك هاتووە، لەمەشدا ـ لا ـ بنجیە لەوشەکەدا.

وشەی ـ لات ـ ی سێیەم، ـ لا ـ مۆرفیمە، چونکە هاتۆتە سەر ڕاناوی لکاوی ـ ت ـ بۆ کەسی دووەمی دوێنە.

وشەی ـ بێ لا ـ لێرەشدا مۆرفیمە، چونکە ئاوەڵناوی ـ بێ ـ هاتۆتە بەردەم کەواتە بەهەردووکیان مۆرفیمەکە و ئاوەڵناوەکە ـ ئاوەڵناویان دارشتووە.

وشەی ـ لام ـ لێرەشدا ـ لا ـ مۆرفیمە چونکە گرێیەکی دروستکردووە وەك

پێشخۆی ـ لات ـ كە (م. ت) ڕاناوی لكاون.
لات ـ وەك ـ لات ـ ی سێیەمە، كە مۆرفیمە لەگەڵ ڕاناوی كەسی لكاودا لات ـ ئەمەشیان هەر گرێیەك وە پێشخۆی.
لات ـ ی كۆتایی ئەمەیان هەر بەواتای ـ لاتی ـ یەكەم هاتووە.
**٤ـ بلا بۆ كوندە بۆ بێ مفتی مشك و ماری كەندووێ**
لەو هۆنراوەدا مۆرفمی ـ لا ـ لەوشەی ـ بلا ـ لەمانا راستەقینەكەی لایداوە كە ئاوەڵكارییە، ئەمەش بەهۆی پێشگری ـ ب ـ ەوەیە، مۆرفیمەكە و پێشگرەكە بەهەردووكیان واتای ـ دەبا ـ دەگەیەنن، ئەمەشیان لەڕێژەی ئەمری نا ئاشكرا بەكاردەبرێت لەڕێزماندا وەك (دەباچی نەبووە ببێ).
نموونەی تر وەك: (**دەبا خەم و مەینەت لەوەش زیاتر هێرشم بۆ بێنن من هەر ڕێی كوردایەتی بەرنادەم**)
نموونەی تر: (**دەبا بمرین لەبۆخۆمان لەداخی پیرە دونیایی ئەوەی مەردو ئەوی پیاوە لەراستی چاكی بۆ نایی**)
**٥ـ وەنەوشە وەك من شین پۆشە گەردنی كەچكردووە خامۆشە**
**بەهاری لەلا ناخۆشە ماتەمە دەگرێ و بە پەرۆشە**
**بۆ كوردی بێكەسی هەژار**
**٦ـ بەبێ لام و جیم وتی باشە!؟**
لێرە مۆرفیمی ـ لا ـ نەئاوەڵكارە، نەمۆرفیمە، نەپێشگرە، بەڵكو وەكو ناوێك هاتووە بۆ ناو نانی فۆنیمی ـ ل ـ واتاكەش ئەوە دەگەیەنێ بێ ئەوەی بڵێ (لەبەر چی و بۆچی).
**سێزدەم/ ئەو چاوگانەی بە مۆرفیمی ـ لا ـ دەستپێدەكەن:ـ**
مۆرفیمی ـ لا ـ لەچاوگە داڕژاو لێكدراوەكاندا؟
ئاشكرایە، كە چاوگ لەڕووی بنجی و دروستبوونەوە، كە زاناو پسپۆڕانی زمان ئاشكرا دەریانخستووە، دەكرێن بە سێ گروپی جیا جیا وەك:
أ ـ چاوگە بنجییەكان
ب ـ چاوگی داڕژاو.
ج ـ چاوگی لێكدراو.
دەبێ ئەوەش بزانین كە چاوگەكان بەتێكڕایی ناونین، بەڵام تێكڕا هەڵگری واتای

ناوی واتایین ئینجا سادە، دارێژاو یان لێکدراو بێت. هەر بۆیەش ناونراون بەچاوگ چونکە سەرچاوەن بۆ دروستبوونی هەزارەها وشە لەناو، ئاوەڵناو... جگە لەوەی کە تایبەتییەتی ناو هەڵدەگرن لەڕستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن وەك ئەوەی کە دەبێتە: بکەر ـ بەرکار، تەواوکەری راستەوخۆ، تەواوکەری ناو، تەواوکەری بەیاریدە، تەواوکراو و تەواوکەر، میانەی چاوگ و ناو زۆر فرەیە، چونکە چاوگ سەرچاوەی وەرگرتنی فرمان و هەموو تافەکانیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا گەردان دەکرێت و هەموو دەم و ڕێژەکانی لێ پەیدا دەبێ و سەرهەڵئەدات.

لەڕووی بەکاربردن و کرداریشیاندا، چاوگەکان دەبن بە تێپەڕو تێنەپەڕ، ئەوەی جێی باس و لێدوانی ئێمە بە لێرەدا تیشك خستنەسەر مۆرفیمی ـ لا ـ یە، تا ئاشکرابێ کە ئەو مۆرفیمە چەندە رۆلێکی سەرەکی دەبینێ لەرووی رێزمانیەوە، چی وەك چاوگێکی سەربەخۆ کە بەو مۆرفیمە دەسپێدەکات و پێی دەگوترێ چاوگی ـ بنجی ـ چی لەگەڵ ئەو چاوگانەی کە پێی دەڵێن دارێژاو یان لێکدراو.

کەواتە با لەدرزی دروستبوونی چاوگەکانەوە کاریگەری مۆرفیمی ـ لا ـ ئەنجام بدەین:

أ ـ **چاوگە بنجییەکان:** ئەو چاوگانەن کە لەبنجدا لەزماندا چەسپیون وەك کەرستەیەکی ئامادەکراو، هەموو چاوگەکانیش کۆتاییان بەفۆنیمی ـ ن ـ دێت کەپێی دەگوترێ ـ نونی چاوگ ـ دیارکردنی واتا ناونانی جۆری چاوگەکەش بەو فۆنیمە دەبێت کە پێش نوونەکە کەوتووە، چاوگەکە هەر بەوە ناوزەد دەکرێ وەك:

**١ـ چاوگی ئەلفی:** خزان. دڕان. رژان. رمان. سوتان. قەومان ... تد.

**٢ـ چاوگی ئائی:** خستن. چێشتن. شووشتن. رشتن. کرۆشتن... تد.

**٣ـ چاوگی یائی:** بڕین. کڕین. فڕین. سڕین...تد.

**٤ـ چاوگی دالی:** خوێندن. بردن. مردن. بردن. باراندن...تد.

**٥ـ چاوگی واوی:** گروون. جوون. چوون. دروون. بوون...تد.

هەر بۆیەش پێیان دەگوترێ ـ بنجی ـ چونکە هیچ زیادەیەك نەهاتۆتە پاش و پێشیان.. کەواتە بالا بکەینەوە لای مۆرفمی ـ لا ـ تا بزانین کە چاوگی بنجی هەیە بە ـ لا ـ دەسپێبکات یا نا، بۆ ئەمە دەڵێم:

هەرچەندە کۆشام و کردم و سەرچاوەی زۆرم پشکنی، لەو چاوگانەی خوارەوە زیاترم بۆ نەدۆزرایەوە، بەڵام کاریگەری ئەو مۆرفیمە لە دارشتنی چاوگی ـ دارێژاو

لێکدراو زۆر زۆر بەرفراوان و فرەیە، نموونەی چاوگەکانیش وەك:
١ـ لاوان، لاواندن، لاوانەوە،
بۆ تافەکانی: رابردوو، رانەبردوو، داخوازی...؟
لاواندن ـ لاواند ـ دەلاوێنێت، بلاوێنە، بۆ ـ لاوانەوەش ـ بەمجۆرە:
ـ لانەوانە ـ لاوانییەوە ـ دەلاوێنێتەوە ـ بلاوێنەوە، لە پەراوێزەکەشدا بۆ مانای ـ لاواندن ـ دەڵێ: مانای گریان بەناسۆرەوە.
رای منیش بەرامبەر کتێبەکە و، دوو چاوگەکە ئەوەیە:
أ ـ کتێبەکە بە نرخ و بەهادارە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری چاوگەکانی زمانی کورد ـ لەناویدا گەڵاڵە بووە، بەڵام کەم و کورتیشی لەوەدایە، کە ئاماژەی بۆ چاوگەکان نەکردووە، لەڕووی دروستبوونیانەوە، ئاشکراتر بڵێیم:
ـ بنجی داڕژاو لێکدراوی ـ تێکەڵکردووە، هەروا لەڕووی بەکاربردن و کرداردا، تێپەڕو تێنەپەڕی دیار نەکردووە.
ب ـ بەلای منەوە، هەردوو چاوگی ـ لاواندن و لاوانەوە ـ چاوگی داڕێژراون کە هەردوو چاوگەکە، لەڕووی کردارو بەکاربردندا ـ تێپەڕن.
لە بنجدا لە چاوگی تێنەپەڕی ـ لاوان ـ بەهۆی ئامرازی ـ ئاندن ـ و پاشگری ـ ەوە ـ کراون بە تێپەڕ و داڕژاو.
ج ـ بەڵگەشمان ئەوەیە لە ڕێژەی هەواڵیدا ـ ئەخباری ـ دەڵێین:
١ـ **زاواکە لاوا** ـ رابردووی رووت.
٢ـ **زاواکە لاواوە** ـ رابردووی تەواو.
٣ـ **زاواکە لاوابوو** ـ رابردووی دوور.
٤ـ **زاواکە دەلاوا** ـ رابردووی بەردەوام.
٥ـ **زاواکە دەلاوێت** ـ رانەبردووی هەواڵی.
٢ـ هەردوو چاوگی ـ لاواندن و لاوانەوە ـ کە مامۆستا ئاماژەی پێداون، جاران لەجێی وشەی (مرتیە ـ مەرسیەی ـ عەرەبی بەکاربراون، بەڵام لەزۆربەی هەرێمەکانی کوردستان حاڵی حازر بەواتای، رازاندن و رازاندنەوە ـ دێت بۆ نموونە:
**دەم بچووکی ، رووت ئاوێنە**
**گشت جیهانی تیا ببێنە**

**بەناز، خەندە، بیلاوێنە**
**لەجەرگت دام تیری ناکام**
**سیبوو وەری گوڵی هیوام**
**کە دەتبینم ئەی نێو نەمام**
**قرچەی خوێن گڵپەی بڕوام**
**دادەپۆشێ دنیای پڕ زام**
**رەحمت بێ زوو بگە فریام**
**لەدەریای بێهۆشیا خنکام**

جگە لە نموونەی رابردوو، وەك دەڵێی:

**أ ـ بوکەکە لەئارایشگە دەلاوێنن!**

**ب ـ ئەوەندە کوڕەکەت مەلاوێنەوە.**

**جـ ـ خۆت بلاوێنەوە (بلاوێنە) کاتێ دەچی بۆ ئاهەنگ.**

کەواتە فرمانەکانی (بیلاوێنە، مەلاوێنە، بلاوێنەوە) بەواتای گریان و ناسۆر نایەن، بەواتای (بیڕازێنە، داڕازێنن، مەڕازێنە، بڕازێنە، بڕازێنەوە) هاتوون.

٣ـ لاڵان ـ لاڵانەوە ـ ئەم دوو چاوگەش کە بەمۆرفیمی ـ لا ـ دەسپێدەکەن مۆرفیمەکە، بڕگەیەکی بنجی داگوتراوە (چەسپاوە) لە وشەکە، بەڵام لابردن و لادانی سەرتاپای وشەکە لێکهەڵدەوەشێنێ، هەردوو چاوگەکەش بەواتای ـ باران و پاڕانەوە ـ دێت، لەرووی کردارو بەکاربردنیشدا تێنەپەڕن وەك لەڕستەدا:

**أ ـ منداڵەکە زۆر لەباوکی لاڵایەوە تا پارەی بداتێ.**

**ب ـ سواڵکەرەکە دەلاڵایەوە بۆ دیناریێ.**

لەزۆر ناوچەش ـ لاڵان ـ لاڵانەوە ـ بە واتای ـ بوران و بورانەوە ـ دێت وەك لەڕستەدا:

**أ ـ نەخۆشەکە لەجێی خۆیدا لاڵایەوە.**

**ب ـ منداڵی ساوا بەکۆکە رەشە دەلاڵێنەوە.**

**بـ چاوگە درێژاوەکان:** چاوگە بنجیەکان، بەهۆی پاشگرو پێشگر کە دەچنە پاڵیان لەواتای بنجی خۆیان و روخساریاندا دەگۆڕێن بۆ واتاو مەبەستێکی تر وەك:

١ـ رزان، دەرزان، رازان، رازانەوە، مان، رامان، نان، هەڵنان،...هتد.

٣ـ بڕین، دابڕان، هەڵبڕین، بڕینەوە، دابڕین...تد.

٤ـ بوون، بوونەوە، هەڵبوون، رابوون هەڵبوونەوە...تد.
٥ـ کردن، کردنەوە، هەڵکردنەوە، راکردن، داکردن،...تد.
لەخاڵی دووەمی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا، رۆڵی مۆرفیمی ـ لا ـ دەرمانخستووە، وەك پێشگر لەگەڵ هەندێ لەچاوگەکاندا وەك:
(لاچوون، لاکەوتن، لابردن، لادان، لاهاتن، لانان، لابوون...)
ئاشکرامان کردووە، کە ئەو چاوگانەی ـ مۆرفیمی ـ لا ـ کە هاتۆتە پێشیان گۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەرداهاتووە لەرووی واتاو روخسارەوە. کەواتە مۆرفیمی ـ لا ـ رۆڵ و دەوری پێشگر دەبینێ لەم گۆڕانکارییەدا. تەنیا ئەوەندە بەس نییە لەو لێکۆڵینەوەیەدا، چونکە مۆڕفیمی ـ لا ـ پتر لەوە هەڵدەگرێ، کە تیشکی بخرێتەسەر و رۆڵ و دەوری بوزورگی زیاتر رونبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕستەسازی و پێکهێنانی ڕاستە لەو زمانەدا دەوری زۆر گرنگی هەیە، کە خەڵکانی هەن تا ئێستا دەرکیان بەو کاریگەرییە نەکردووە، هەر بۆیە پێویستە ژیرانەو هۆشمەندانە بۆی بچین و لەتەترە بدرێت... با لێرەوە سەیری ئەم چاوگە دارڕژاوانە بکەین کە بەهۆی کاریگەری ئەو مۆڕفیمە رسکاون و خزاونەتەسەر خەرمانی دەوڵەمەندی و گەشەپێکردنی زمان و هاتوونەتە ئاراوە، وەك:
(لێنان، لێدوان، لێگەڕان، لێقەومان، لێدان، لێبڕان، لێڕژان، لێچوون، لێپێچانەوە، لێخوڕین، لێگرتن، لێبوردن، لێپەڕین...تد.)
ـ مۆڕفیمی ـ لێ ـ لەو چاوگە دارڕژاوانەدا لەبنجدا هەر مۆڕفیمی ـ لا ـ بووە، بەڵام لەبەر پێویستی هەڵس و کەوتی زمانەوە لەبارو گونجاو لەبەرکارهێنانیدا بەهۆی کاری میکانیزمی فیزیکی زمانەوە ئەم گۆڕانکارییەی بەسەر ئەو مۆڕفیمەدا هێناوە، تەنها لەروخسارەکەیدا کە فۆنیمی ـ ا ـ بووە بەرێ ـ بەڵگەی ئەم گۆڕانکارییەش بەزەقی و روونی لەوشەکاندا دیارەو رەنگ ئەداتەوە.
جگە لەوەش لەهەر زمانێکی گیتیدا ـ هەندێ وشە هەیە ـ بۆ خزمەت و پەرەسەندنی زمانەکە لە هەڵسو کەوتی زمانەوانیدا بەرگی هەمەجۆر بەپێی پێویست و پیکان و مەرامی زمانەکە لەگۆکردن و نووسیندا، روخسارو ناوەڕۆکیان دەگۆڕێت، تا بۆ ئاسانکردنی دەربڕین بەسوکی و رەوانی لەشایانی زماندا لاسەنگ نەبێ، وشەکە پارسونگ ئەداتەوە کاتی پێویست بەتایبەت لەزمانێکی وەکو ئینگلیزی ـ بەڵگەی راستییەکەش لەوەدایە:

وشەی ـ لێخوڕین ـ لەگۆکردن و دەربڕیندا ئاسانتر و لەبارترە لـە ـ لاخـوڕین ـ ، وشەی ـ لێقەومان ـ ئاسـانتر و سـوکترە لـە ـ لاقـەومان ـ وشـەی ـ لێبـوردن ـ ئاسانترو رەوانترە لە دەربڕین و گوتندا لە وشەی ـ لابوردن ـ ئیتر وشەکانی تـریش لەسەر هەمان رێچکەو بەهـەمان ڕێـژە تـاوتوێ دەکـرێن و لەقـەپان ئـەدرێن... دیاردەکەش رەوشێکی سروشتی زمانییە، نەك لەزمانی کورد ـ لەزمانەکانی دنیا بەگشتی.

**جـ ـ چاوگی لێکدراو:** ئەم چاوگانەش بنجین بەڵام بەهۆی وشەیەکی تری واتاداری سەربەخۆ ئاوێتەو یەکدیگیر ئەبێ لەگەڵیدا، لە ئەنجامدا چاوگێکی لێکـدراو سـەر هەڵئەدا و پەیدا دەبێ، کە جیاوازە لەروخسارو ناوەڕۆکدا لەچاوگە بنجیەکە وەك:

١ـ گۆشت برژان، دۆڕژان، دیوار ڕمان، چاوگێڕان، پەلەکردن... تد.

٢ـ سەرخستن، ئاوڕشتن، دەستگرتن، یەکگرتن،...تد.

٣ـ گەنم کڕین، جەرگبڕین، ریشتاشین، خۆپێ هەڵواسین...تد.

٤ـ لە پێکردن، ئیشکردن، ئابڕوبردن، کتێب خوێندن...تد.

٥ـ بەرگدروون، لەدەستچوون، شینبوون، پێتگروون...تد.

لەچاوگە لێکدراوەکانیشدا مۆرفیمی ـ لا ـ دەوری سەرەکی و تـەواو دەبینـێ لـە دروستبوونیاندا هەر بۆ نموونە:

(چاولێکردن، پێ لێخشاندن، پێ لێ هەڵبڕین، چـاو لێبـوون، دەسـت لێـشووشتن، دەست لێهەڵماڵین، سەرلێشێواندن، چاولێپۆشین...تد.)

مۆرفیمی ـ لێ ـ کە لەم چاوگانەدا هاتووە، لـە بنجـدا ـ مـۆرفیمی ـ لا ـ بـووە لەبەر هەڵسوکەوتی زمانەوانی وپێویست و ئاسانی دەربڕین، بـەهۆی میکـانزمی فیزیکـی زمانـەوە، ئـەو گۆڕانکارییـەی بەسـەر وشـەکەدا هێنـاوە، لـەو گۆڕانکارییەشدا فۆنیمی ـ ا ـ گۆڕدراوەتەوە بۆ فۆنیمی ـ ێ ـ هەروەك لەمەوپێش لە چاوگی داڕژاودا لێیدواوین هۆنراوەیەکی سالم دەکەین بە نموونە کە مـۆرفیمی ـ لا ـ لەحاڵەتی گۆڕیندایە کە دەڵێ:

**لێم گەڕین با گۆشەگیربم دەست لە ئەژنۆ کەف زەنان**
**گێژە لۆکەی بای نەدا حەت تاریکی کرد سەفحەی جیهان**

**چوارەم/ مۆڕفیمی ـ لا ـ وەك فرمان و ناوی فرمان:ـ**

ناوی فرمان، وشەیەكە كە لەروخساردا ناوە، هیچ پەیوەندی بەفرمانەوە نییە بەڵام لەكرداردا هەڵگری واتای فرمانـە، لەبەكاربردنیـدا لەڕستە. دروستبوونی نـاوی فرمانیش بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ چـاوگەكان. لەدروستبوونی نـاوی فرمانـدا فۆنیمی ـ ە ـ رۆڵی گرنگ و بو زورگ دەگێـڕێ مـۆرفیمی ـ لا ـ كـە وشـەیەكی پیادەو ئامادەكراوە لەزمانی كورددا، زۆرجار لەبەكاربردنیدا وەك ـ فرمان ـ یان ـ ناوی فرمان خۆی دەنوێنێ، هەرچەند سەرنج ئـەدەم و رادەمێـنم، لـەكرداری ئـەو مۆرفیمە واق وڕدەمێنم... با ئەم راستییە لەرونكردنـەوەی ئـەم رسـتانە بخەینـە پێش چاو وەك:

**أ ـ رۆڵە لای لایە شێركۆ لای لایە**

**شەوگار درەنگە بۆ چ خەوت نایە**

گرێی، لای لایە، كە دووجار لەو هۆنراوەی بێكەسدا دووبارە بۆتەوە وەك فرمـانی خوازی ـ بنووە، بنووە هاتووە.

**٢ـ بروسكەی نیگای دیدە شابازان.**

**دەنگی لای لایەی شەكەرین رازان**

گرێی ـ لای لایەی ـ لێرەدا وەك ناوی فرمانی نووسیتن هاتووە.

**٣ـ گیانە نەغمەی نەشیدەكەی نازت**

**بەندی لای لاییەكە بۆ رۆحم**

لێرەشدا گرێی ـ لای لاییكە ـ وەك ناوی فرمان خۆی دەرخستووە.

**٤ـ لای لایێ رۆڵە لای لایێ**

**شەوگار درەنگە لۆ خەوت نایێ**

هەردوو گرێی ـ لای لایێ ـ لای لایێ ـ بەواتای فرمـان هـاتوون واتـا ـ بنـووە ـ بنووە.

**٥ـ لایە لایەت بۆ دەكەم بەڵكو خەو دەتباتەوە.**

**دەست لەسینەت وەردێنم تا رۆژ شەو دەباتەوە**

لێرەشدا ـ لایە لایەت ـ وەك ناوی فرمان هاتووە.

**٦ـ لای لایە رۆڵەی لای لایە لەكزە كوردان دەنگم دەرنایە**

لێرەدا گرێی ـ لای لایە ـ لای لایە كە دووجار هاتووە بەواتای فرمانی ـ بنـووە ـ بنووە

**٧ـ لای، لای، لای، لای، تۆ کەوی گەردن بەخاڵی**
**ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف! تۆ کچۆڵەی چواردە ساڵی**
**ژیکەلێ ماچت بەچەندی**

لەو ڕستەدا مۆرفیمی ـ لا ـ کە چوارجار بـەکاربراوە بـەواتای ـ بنـوو ـ هـاتووە لەکۆتایی ئەم باس و لێکۆڵینەوەیەدا دەڵێم:

سوپاس و ڕێزو نەوازش و چەپکە گوڵی خۆشەویستی بۆ ئەوانەی کە پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانی کورد ـ رووگەی مان و نەمانیانە. هەروا دەبم بەمۆم و موژدە ئەدەم بەگیانی پاکی، خانی و حاجی قادرو بێکـەس و شـێخ سـەلام و ئەسـیری و پیرەمێرد و رەفیق حیلمـی و سـالم و کـوردی و نـالی و ئـەمین فـەیزی و ئـەوانی دیکەش پێیان دەڵێم: کە ئێمەی کورد، زیندوو دەمێنین بەڵام، هەر بە برایەتی و یەکیەتی دەگەینە ئامانج هەر لە یەکبون و یەکیەتیدایە سودو قازانج.

**سەرچاوەکان:**

١- دیـوانی پیرەمێرد،کۆکردنـەوەو سـاغکردنەوەی-لیژنەیـەك، بـەرگی یەکەم.
٢- دیوانی مەولەوی محەمەد ئەردەلانی ،بەرگی یەکەم.
٣- عەبدوڵڵا شالی، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و فرمان.
٤- ئـەورەحمانی حـاجی مـارف، ڕێزمـانی کـوردی، بـەرگی یەکـەم (وشەسازی)، بەشی یەکـەم (نـاو)، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق، بەغدا، ١٩٧٩.
٥- نالی لەکلاو رۆژانەی شیعرەکانیەوە-محەمەدی مەلا کەریم.
٦- ئاواز ئەحمەد حەمەدەمین، فۆلکلۆری دەشتی دزەییاتی.
٧- زمان وئەدەبی کوردی بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی و ناوەندی.
٨- سەعید دیرەشی، قەفتەك ژ هۆزاێت نالبەنی.
٩- ئەحمەد هیرانی، دیوانی سروەو پەیامی کوردایەتی، دیوانە شعر.
١٠- دیوانی سالم- چاپخانەی کوردستان- گیوموکریانی.
١١- دیوانی شێخ سەلام- چاپخانەی نجاح-بەغدا.

# کوشتنی زمان
# کوشتنی کەسایەتی نەتەوەیی

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**سەلام ناوخۆش**

گومان لەوەدا نییە کە زمـان کۆڵەگـەی رۆحـی "بـوون"ە، ئەمـەو هـەر زمانـە گوزارشت لە کەسایەتی تاك و بنیاتنـانی کۆمەڵگـەو نەتـەوە دەکـات.. زۆرجـار دەوترێ فلان زمان زمانێکی مردووە.. بـا لێـرەدا بپرسـین زمـان چـۆن دەمـرێ. ئەویش وەك مرۆڤ تەمەنێکی هەیەو کە گەیشتە ئەو تەمەنە دەمرێ؟؟!
بەواتای قەدەری هەر ئەوەندەیەو لە ئاسمانەوە بۆی دیاری کراوەو تـەواو لەهـەموو شتێ موسەیەرە.. دەبێ هەر ئەوەندە بـژی، بیـەوێ و نەیـەوێ!! بەواتایـەکی تـر قەدەری زمان قەدەرێکی خوداییە هیچ دەستی مرۆڤی تێدا نییە؟!
ئەم خوێندنەوە بۆ زمان خۆی لەخۆیدا هەوڵدانێکە بۆ تیبرۆرکردنی زمان، ئەگەرنا مردنی زمان زیاتر کوشتنی زمانە لەوەی پرۆسەکە قەدەری بێ. لـە واتـای ئـەوە مرۆڤە، کە زمان دەکوژێ نەك زمان تەمەنێکی هەبێ و تەمەنێکی حەتمی بێت!!
زمانی سانسکریتی کە بە لێکۆڵینەوە ئیسپات بووە زمانە دایکـی ( Language proto —) زمانە هیندۆ ئەوروپیەکانە. پیاوانی هیندی کۆن ئەو زمانەیان هێنـدە بە پیرۆز دەدیت بەشێوەیەك دەبوایە چۆن دەبـێ قورئـانی پـیرۆز بـەپێی تەجویـد بخوێنرێتەوە، ئاواش دەبوو بخوێنرێتەوە!! زمانی ئیتالی لەئەوروپا زمانی دەوڵەت، سیاسـەت، ئـەدەب بـوو. ببـووە زمـانی کۆمەڵگەیـەکی نـەك هـەر دینـی و ئیمپراتۆریەتی، بەڵکو زمانی رۆژانی خەڵکیش بوو. بێگومان لە کۆمەڵگەیـەکی ئیمپراتۆری و هەبوونی کۆیلەدا شێوەی ستاندەر و ناستاندەر هەبوو.

ئەو شکۆیەی ئەو دوو زمانە هەندە سنووردار بووە، بەجۆرێ تەنها لە تقوسی دینی یاخود لەزەین و هۆشی پیاوانی ئاینی یاخود دەقی ئایینی و ئەدەبی یان پیران بمێنێتەوە.. ئەمە قەدەربوو! دەستەلات و بوونی ئەو دوو زمانە بەقەد دەسەلاتی سیاسی و ئایینی و ئەدەبییان بێت؟؟!

دەبێ هەر تەنیا ستراتیژیەتی نەیاری دەرەکی هۆکاری ئەو کوشتنە سامناکە بێت؟؟ بێگومان هۆکاری دەرەکی بەشێك لەو رۆڵەی هەبوو، بەلام خاوەنی ئەو دوو زمانەش راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ بە مەبەست یان بێ مەبەست رۆڵی سەرەکی تریان هەبوو! ئەو هەموو زمانەی ئەوروپا کەی بوونە ئەو زمانە نوێیانەی ئێستا؟؟ ئەوانە لەکوێ دروست بوون؟ چۆن دروست بوون؟ یاخود رێکتر بپرسین ئاخۆ یەکزمانی و کۆمەڵگەی یەك زمانی دیاردەیەکی سروشتییە؟! لە نەمانی ئەو زمانە لە تەرەف خەلکەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە زمانی ئیمپراتۆر زمانێکی سروشتی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە هەژموونی دەسەلاتی سیاسی. لە پرۆسەی مێژوودا ئەوە دەردەکەوێ کە لە کۆمەڵگەی ئیمپراتۆرایەتی سیاسیدا ئەمپرۆتاریەتی زمانی دەسەلاتیش هەبووە. هەر ئەو خەڵکانەش لەهەمبەر هەژموونی دەسەلاتی سیاسیدا رۆڵی خۆیان هەبووە بۆ ئەوەی زمانی خۆیان دوور لەزمانی دەسەلات نەك هەر قسەی پێ بکەن، بەڵکو ئەدەبیشی پێ بنووسن.

## زمانکوشتن و جینۆساید

زمان کوشتن (Linguacide) جۆرێکە لە جینۆساید، خەتەری یاخود هەرەشەی کوشتنی زمان لە هەرەشەی جینۆسایدی نەتەوە ترسناکترە، چونکە ئەو پرۆسەیە دەرهەق بە زمان دەکرێ کوشتنێکی رۆحی و مەعنەوییە، لەوانەیە لە پرۆسەی هەوڵی جینۆسایدی نەتەوەدا دەرفەتی بونیادنانەوە نەتەوە ئاسانتر بێت، هەروەها زۆرجار بە ئاگایی و بێ ئاگایی تاکەکانی نەتەوە بەشدارن لە پرۆسەی کوشتنی زماندا، ئەو جۆرە بەشدارییە لە ئاکامی نەفامی و دوور لە مەعریفەوە سەرچاوە دەگرێ. هەندێجار کارکردن لەسەر کوشتنی زمان و پەسەندکردنی زمانێکی تر جا زمانی دینی بێت، سیاسەت یاخود حەزارەت بێت، بە پرۆسەیەکی موقەدەس بۆ دین و تەقەدومیەت و مەدەنیەت بۆ دووەکەی تر لێکدەدرێتەوە؟ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خۆی لەخۆیدا هەوڵێکی جدیە بۆ تیرۆرکردنی زمان بەدەستی رۆڵەکانی، ئەوەش لەبیر نەکەین کە دیاردەی (دیاسپۆرا) پەرتو بلاوبوونەوەی

عەوامی خەڵك نوخبەی نەتەوە لەناو كۆمەڵگەی كەلتورو دین و زمان جیاواز هەوڵێكی تری تاكەكانی نەتەوەیە بۆ كوشتنی زمانی نەتەوە. ئەو كۆمەڵكوژیانەی دەرهەق بە كورد كراون لە مێژوودا نەیانتوانیوە قڕانی كورد بكەن، چونكە تاكەكانی كورد بەتایبەتی دایكی كورد منداڵەكانی خۆی هەر بەزمانی كوردی گۆش كردووەو شانازیشی بە پرۆسەی فێركردنەوە كردووە. لێرەدا دەكرێ بڵێین دایكی كورد پارێزەری زمانی كوردە جا ئەگەر دایكی كورد، خۆی كوردی نەزانێ چۆن دەتوانێ نەوە لەدوای نەوە بەزاری شیرینی كوردی نەوەكانی گۆش بكات؟! لاوازی هەستی نەتەوەیی و بەكەمزانینی زمانی نەتەوە تاعونێكە زمان لەمن و بووكەوە لەناو كۆمەڵگا هەڵدەتەكێنێ، جا ئەوەی لە تاراوگە دەژی و دەیەوێ هەروەك دیاسپۆر. بمێنێتەوە، بەشدارییەكی ڕاستەوخۆ دەكات لەكوشتنی زماندا، هەروەها نەوەیەك دروست دەكات هیچ پەیوەندییەكی رۆحی بە وڵات و نەتەوە نایبەستێتەوە. ئەمەش ستراتیژیەتی داگیركارانە لەمبەر كورد و زمانی كوردیدا.

بەهیچ پێوەرێك هیچ زمانێك "كەم!" نییە، بەڵكو هەر زمانێك ئایەتێكی گەورەی خوداییە، بۆیە "گەورە" و "بەرێز راگرتنی" خۆی لەخۆیدا گەورەو بەرێز راگرتنی یەكێك لە ئافەریدەكانی خودایە!

با لەم پرۆسەیەی زمان  كوشتنی كوردیدا وریابین، چونكە ئەوانەی ئاماژەمان پێكردن هەموو هۆكارێكن بۆ تیرۆركردنی زمان بەدەستی خۆمان!!

## زمانی دین

ئەدگارەكانی زمانی دین لەهەر زمانێكی تر جودایە. ئەو زمانانەی لەدنیادا بەزمانی دین ناسراون، هەژموونی دەسەڵاتی دەوڵەتیشیان هەبووەو هەیە. ئەو جۆرە زمانە بە بەراورد بەزمانی دی ئاسایی درەنگتر تیرۆر دەكرێن، مەگەر هەر دەسەڵاتە دینیەكە بەدەست پیاوانی دینی ئەو زمانە بە پارە دۆكسی گوفتارو رەفتار بیكوژێ!! قەدەری هەردوو زمانی سانسكریتی و لاتینی جۆرێك بوو لەو دیاردەیە.

سەبارەت بە لاتینییەوە هەتا كەنیسە دەسەڵاتی رەهای هەبوو، هەرچی زمانی دی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەت هەبوو بە (زمان) نەدەخوێنرانەوە، بەڵكو هەر بە (زار) و (شێواز) و (قسەی خەڵك) حسێبیان بۆ دەكرا. هەرچی زمانی ئاوێستا بوو، كە

زۆر هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کـە ئاوێـستا بەشـێوەی کونیفـۆرم یـاخود مێخەکی نووسراوە، کـە جگـە لـە زەردەشـت کەسـیتر نـەیزانیوە بیخوێنێتـەوە. هەندێکی تر دەڵێن بە ئەلفبای ئاوێستای یاخود پەهلـەوی نووسـراوەتەوە.. هـەر چۆنێبێ زمانی ئاوێستا زمانی دین بووە، نەك زمـانی ئاخـاوتن! یـاخود زمـانی نەتەوەیی بووبێـت. هـەر ئەمـەش وایکـرد دوای رووخـانی دەوڵـەتی میـدیاش، ئەخمینیەکان (هاخامەنشینەکان) زمانی ئاوێستا هەر بەزمانی دیـن بـەکاربێنن، بەڵام پاش ئەوەی ئەسکەندەری مەکـدۆنی لەسـاڵی ٣٣١ پ. ز. دەسـتی بەسـەر ناوچەکەداگرت، ئاوێستاو کلتووری ئایینی ئاوێستای سووتاند، ئـەو ئاوێـستایەی لەسەردەمی ساسانییەکان هـەبوو ئـەوە ئاوێـستاکەی زەردەشـت نـەبوو، بـەڵکو ئاوێستایەکی دی بوو ساسانییەکان لەرێگەی موغەکانەوە بە فەرمانێکی فـەرمی دەوڵەتییەوە نووسرابووەوە. مەسەلەی نووسـینەوەی ئاوێـستا ئەوەنـدەی سیاسـی بوو، دینی نەبوو!!

بابزانین هۆی چییە ئەو هەموو زمانە دینییە (مردن!) کەچی زمانی قورئانی پیرۆز هەر زیندووە!؟

سێ فاکتەری سەرەکی لەپاڵ ئەم دیاردەیە هەن:

یەك: خودای گەورە لە قورئاندا بەڵێنی ئەوە دەدات کـە قورئـان بپـارێزێ. ئـەوە زیاتر لە ١٤٣٠ ساڵ بەسەر وادەکەی خودا تێپەڕیوەو زمانی قورئان خوێندن زیاتر بووە. لەکاتی بەڵێنەکەی خودا (دابەزینی قورئان) تەنیا عەرەب دەیانزانی قورئان بخوێننەوە، کەچی ئێستا ئەوەی موسڵمانە خاوەنی هەر زمانێکی نەتـەوەیی بـێ، دەتوانێ هەندێ قورئان بخوێنێتەوە.

دوو: عەرەب بەهەموو ئایدۆلۆژی نوێوەش (نایەوێ!) شەڕی زمانی قورئان بکات، چونکە دەزانن شەڕێکی دۆڕاو دەکەن، واتە هەتا عەرەبە مارکسی و لیبڕالەکانیش نەیانتوانی زمانی قورئان لە مزگەوت بمرێنن!!

سێ: بەکارهێنەری زمان فاکتەرێکی دی سەرەکییە... فاکتـەری روخـانی زمانـە دینییەکانی دی مردنی بەکارهێنەرانی بوو نەك زمانەکە!! بۆیە هەرچەندە چەندان جار زمانی قورئان وەك زمانە دینییەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەدەست داوە، بەڵام لەبەر ئەو فاکتەرانەی سەرەوە نەمردووە.

لەو پێودانگەوە، ئەوە دەفامرێتەوە کە عەرەبەکان خاوەن هەر ئایدیۆلۆژیایەك بن،

پێکۆڵی ئەوەیان نەکردووە تیرۆری زمانی خۆیان بکەن! لەناو بـاوەڕدارانی ئـایینی (جولەکە) و (مەسیحی) زمـانی (تـەورات) و (ئینجیـل) ئـەو ئـەدگارەی نییـە!
لەوانەیە ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی بێ:
یەکەم: زمانی ئەو دوو دەقە زمانی ئاسمانیی نییە.
دووەم: هیچ نەتەوەیەك وەك عەرەب گرنگی بە زمانی دین نەداوە. هەرچـەندە لـە چاخەکانی کۆندا زۆر مشتومڕیش لەسەر زمانی دین کراوە، بەڵام هیچ نەتەوەیەك زمانی ئاسمانی تەورات و ئینجیلی پێ ساغ نەکراوەیـە، هـەروەها نـەیتوانی وەك ناسنامەیەکی شارستانی، هـەروەها نەتـەوەیی لـە دەسـەڵاتی دەوڵەتـدا گرنگـی پێبدات.

## زمانی نەتەوەیی

نەتەوە نییە زمانی نەبێ! بـەڵام زۆر نەتـەوە هەیـە بەهەنـدێ پاسـاوی (دینـی)، (شارستانی)، (کەلتووری)، هێندە قەدر و ڕێزی زمانی خـۆی نـاگرێ! وەك بڵێـی زمانی نەتەوەیی ئەو (کـەمترە) لـەزمانی نەتـەوەی بـاڵا دەسـت یـاخود زمـانی دەسەڵات بەرزترە یاخود پیرۆزترە لە زمانی ئەو!
لەڕووی ئایین و زمانەوانییەوە هیچ زمانێك لە زمانێکی تر کەمتر نییـە، ئەوەتـە هەروەك چۆن جیاوازی نەتەوەکان ئایەتێکی خوداییە، بەهـەمان شـێوە جیـاوازی زمانـەکانیش هـەر ئایـەتێکی خودایيـە! ئەگـەر لـەبونیادی هـەر زمـانێکیش بکۆڵیەوە، هـەموو زمانێـك لـە مـۆرفیم و وشـەو رسـتە پێکهـاتووە، بـەواتای زمانەکان لەڕووی پێکهاتەوەش هیچیان نە لەیەکتر بەرزترن، نە کەمترن!!
زمانی نەتەوە، وەك کریستال لە
An Encyclopedic Dictionary of Languages and language
دەنووسێ زمانی نەتەوەیی بەزمانی سەرەکی نەتەوەی دەوڵەت دادەنـرێ، زمـانی فەرەنسی، بۆ نموونە، زمانی بواری دادگا، حکومەت و راگەیاندن بەکاردێ.
زمانی نەتەوە بەشێکی بنەڕەتی بونیادی دروستکردنی نەتەوە پێکدێنێ. ئەو ڕۆڵە گرنگەی زمانی نەتەوە دەیگێڕێ لەبونیادی نەتەوەدا هیچ فاکتەرێك جگە لە دیـن نایگێڕێ، بەتایبەتی ئەگەر دین هەژموونی رۆحی و دەسەڵاتی شەرعی هەبوو. لە پێناسەکەی (کریستال) دەردەکەوێ کە رۆڵی هەبوونی کیانێکی نەتـەوەیی چـەندە

گرنگە بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەیی هەر لە ڕێنسانسدابژی و ببێتە زمانی فەرمی وڵات و لەخوێندن و دام و دەزگاكانی دەوڵەت هەژمونی خۆی هەبێت و نەتەوە پێویستی بەزمانێكی تر نەبێت. هەروەها زمانی نەتەوەیی كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بونیادی تاك و كۆمەڵیش دەبێت، بەڵام لێرەدا، گرنگە ئەوە لەبیر نەكرێ كە زمانی نەتەوە (پیرۆز!) نەكرێ، چونكە بە پیرۆز دیتنی زمانی نەتەوە، زمان و نەتەوە بەرەو پەسەندی نەتەوەیی و ئەتنیكی دەبات. ئەم دیاردەیە لە ڕۆژئاوا لەناو ئەڵمان، فەرەنسی، ئینگلیزی.. هتد. بوونی هەیە، كە ئەو سێ نەتەوە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی مەزن بوون لە مێژوودا و چەندەها موستەعمەرەیان داگیركردبوو، زمانی خۆیان سەپاندبوو، ئەڵمانەكان مێژوویێكی ڕەشیان لەو بوارەدا هەیە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت، كە زۆربەی ئەوانەی لە دام و دەزگاكانی دەوڵەت كاردەكەن، ئینگلیزی دەزانن، بەڵام كە پرسیاریان لێدەكەی هەر ناچار نەبن هەر بە ئەڵمانی وەڵام دەدەنەوە!! هەرچی فەرەنسییەكانن ئەوە زمان بە فاكتەری نەتەوە دەزانن، بەواتای خۆماڵیبوونی دەقێك پەیوەست دەكەن بە زمانەوە!

ئینگلیزەكانیش هەر لە ڕێگای داگیركردنی سەربازییەوە توانییان زمانەكەیان بەسەر كیشوەری هیند بسەپێنن، بەجۆرێ لەپاش نەمانی داگیركردنیش، ئەوە ئینگلیزی زمانی فەرمی هیندستانە!!

لە ڕۆژهەڵاتیش عەرەب و تورك و فارس زمانی نەتەوەیی خۆیان هێندە پەسەند دەكەن، كە بەجۆرێ هیچ ڕێزێك بۆ هیچ زمانێكی دی مەملەكەتەكەیان دانانێن. بەحوكمی ئەوەی قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبییە، بە نیەتێكی نەتەوەیی و ڕواڵەتێكی دینی، زمانی عەرەبی لە ئاست كورد بەزمانێكی دینی و پیرۆز نیشان دەدەن. هەندێ فەرموودەی هەڵبەستراویان داهێناوە بەشێوەیەك بانگەشەی ئەوە دەكەن كە زمانی ئەهلی بەهەشتیش هەر عەرەبییە!! ئەو زمان پەسەندی و بەدینكردنی زمان وای لە عەرەبەكان كردووە، زمان و دین بكەنە فاكتەرێك بۆ بە عەرەبكردنی غەیرە عەرەب.!

هەبوونی ئیمپراتۆریەتیش فاكتەرێكی دی بوژانەوەی زمانی نەتەوەییە. هەرچەندە زمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەتوركی عوسمانلی هێندە زۆر بووە، بەجۆرێ ببووە ناسنامەی دەوڵەتی و ئومەیی. لەم بارەیەوە مێژوونووسی گەورەی كورد

(**محەمەد** ئەمین زەکی) دەنووسێ: ئێمە هەموومان خۆمان بە عوسمانلی دەزانی، هەتا تورك نەیگوت ئێمە تورکین، عەرەب نەیگوت ئێمە عەرەبین، ئێمە نەمان دەگوت ئێمە کوردین، بەلاّم کە ئەوان بەناوی زمان و نەتەوە قسەیان کرد، ئێمەش وتمان ئێمەش کوردین!!

لەلایەکی تر، هەتا لەیەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) بەشێك لە وتارەکانی بەتورکی عوسمانلی نووسراون، بۆیە ئەو رۆژنامەیە رۆژنامەیەکی کوردی ـ تورکی بووە نەك تەنها کوردی!!

فارسەکان، بە فاکتەری مەزهەب و حەزارەتەوە توانییان گەشە بەزمانی نەتەوە بدەن، زۆری فارسەکان، وەك عەرەبەکان (بەشەر) بوونەتە موسڵمان! عەرەب بە موسڵمانبوون لەژیانی بە داوەت و ئەعرابیەت رزگاری بوو.. وێرای ئەمەش عەرەب بە موسڵمانبوون بوونە میللەتێکی حەزاری پێشەنگ! فارسەکان ویستیان ئیمپراتۆریەتێکیان هەبێ، مەزهەب بکەنە بزوێنەری ئەو ئیمپراتۆریەتە. بەو مەزهەبیەتەوە توانییان مێژوویێك بۆخۆیان دروست بکەن، کە جودابن لە عەرەب! لەمێژووی خۆیان هێندە گرنگیان بەزمانی خۆیاندا، بەجۆرێ زمانی فارسی نەك لە ئێران، بەڵکو لە (عێراق) و دەوڵەتی عوسمانیدا زمانی فارسی زمانی دام و دەزگاو ئەدەب و سیاسەت بوو، هەروەها یەکەم مێژوونووسی کورد، (شەرەفخانی بەدلیسی) شەرەفنامەی بەزمانی فارسی نووسیوە. ئەو میرە رووناکبیرەی کورد، چەند سەدەیەك پێش ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی، هەستی کوردانە وایلێکردووە مێژووی نەتەوەیەك لە فەوتان بپارێزێ، مێژووی کوردی نووسیوەتەوە، بەلاّم بەحوکمی ئەوەی کورد دەوڵەتی نەبووە، زمانەکەی زۆر ناوچەیی REGIONAL بووە، بۆیە میر جورئەتی ئەوەی نەکردووە (بەکوردی) (مێژووی نەتەوەی کورد، مێژووی میرو بنەماڵەکانیان) بنووسێتەوە، ئەمەو بەگوێرەی قوتابخانەی فەرەنسیەوە کە پاول ڤان تیگم و هەندێ روناکبیری تری فەرەنسی بنەماو شەنگستەکانیان داناوە دەڵێین زمان ناسنامەی دەقە. ئەو دەقەی شەرەفنامەش بەشێك لە ئەدەبیاتی فارسی پێکدەهێنێ، چونکە بە فارسییە!!

هەرچی قوتابخانەی ئەمریکییە جەخت لەسەر ناوەرۆك دەکات، نەك تەنها زمان. لەم روانگەوە، لەبەر ئەوەی ئەو دەقەی (شەرەفنامە) لەسەر کوردە، کەواتە موڵکی کوردە!!

کورد فاکتەری (دین) و (ئیمپراتۆریەت) و (حەزارەت)ی نییە! ئەی چۆن گرنگی بەزمانی نەتەوە بدات و گەشەی پێبکات؟! لەسەردەمی ئێستادا، تەنها عەرەب سوود لە فاکتەری دین و زمانی دین دەبینێ، نەتەوەکانی تر سوود لەزمانی دین نابینن، بۆ پەرەپێدانی زمانی نەتەوە، چونکە هیچ کتێبێکی ئاسمانی نەماوە بە زمانە ئاسمانییەکەی، جگە لە قورئانی پیرۆز! لێرە، هەندێ لە ناسیۆنالیستانی کورد، زیندووکردنەوەی زمانی ئاوێستا بە فاکتەرێك دەبینن بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی. کێشەی ئەوانە تەنها هەڵاتنە لە هەژموونی ئیسلام، ئەگەرنا ئەوەی لە ئاوێستاو زمانی ئاوێستای کۆڵیبێتەوە، دەزانێ زمانی ئاوێستا زمانی دین بووە نەك زمانی نووسین و ئاخاوتن. ئەو جۆرە زمانە تەنها پیاوانی ئایینی و موغەکان MAGIS لە تقوسی دینی بەکاریان هێناوە. ئەمەو زمانی ئاوێستا، زمانی نەتەوە نەبووە یان رێکتر بڵێین زمانێکی نەتەوەیی کوردیی نەبووە، هەر تەنها موڵکی کورد بێت!! ئەوەتە لەپاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیاش بەدەستی ئەخمینیەکان، زمانی ئاوێستا وەك زمانی دین لەناو دەوڵەتی ئەخمینی هەر مایەوە! لەم روانگەوە، خۆ خەریککردن بە فاکتەری دین، ئاوێستا بەکوردی دیتن و بە بنەما دیتن بۆ زمانی نەتەوە جگە لە بەفیرۆدانی سەروەت و سامانی نەتەوە هیچی تر نییە. وەك دەڵێن ئەم پرۆسەیە جگە لە (گرەوکردن لەسەر ئەسپی تۆپیو) هیچی تر نییە. وێرای ئەمەش، وەك وتمان تەنها عەرەب لەناو زۆربەی نەتەوەکاندا سوود لە فاکتەری (زمانی دین) دەبینێ لە پەرەپێدان و نەشونماکردنی زمانی نەتەوەییدا. ئینگلیزی ئەمڕۆ چ پەیوەندییەکی بە ئینجیلەوە هەیە؟!

ڕاستە لە مێژووی نوێدا کورد ئیمپراتۆریەتی نەبووە وەك عەرەب و فارس و تورك!! بەڵام ئەو ئیمپراتۆریەتانەش سەد لەسەد لەسەر بنەمای زمان و نەتەوە دانەمەزراون و تاکە چالاك و پیاوانی دەوڵەتی ئەو ئیمپراتۆریەتانە هەموو عەرەب و فارس و تورك نەبوون! ئەمەو، کورد بەر لەو هەموو نەتەوانە، ئیمپراتۆریەتی میدی هەبووە، ئەو ئیمپراتۆریەتە (زمانی دین) و (زمانی نەتەوە)ی هەبووە، بەڵام هەردوو زمان (زمانی دین و نەتەوە) بوونەتە قوربانی فاکتەری خزمایەتی زمانی و ئەتنیکی لەگەڵ فارس. هەروەها (غەڵەت حاڵی بوون) لە (دین) و (زمان) فاکتەری ترن!! نەك دین خۆی ئاوابێ، ئەوەتە تورك و فارس لە دەوڵەتی خۆیان کە هەردوو بە دەوڵەتی دینی یاخود مەزهەبی لە مێژوو

ناسراون، کەچی گرنگییەکی زۆریان بەزمانی نەتەوەیی خۆیان داوە! لەپاش کەوتنی میدیا، کورد فاکتەری هەڵسانەوەی بۆ خۆی نەخولقاندووە. ئەو هەولآنەی میرانی کورد داویانە هەموو هەولّی ناوچەیی بوون، بۆیە نەیانتوانی جگە لەپاراستنی زمانەکە لە فەوتان زیاتر بکەن!

هەبوونی ئیمپراتۆریەتی میدیا جودایە لە ئیمپراتۆریەتی عەباسی و عوسمانلی و سەفەوی و قاجاری. مێژووی ئەوانە نزیکە و لەدوای رووخانەوەش فاکتەری زیندووبوونەوە لە ئارادابوو، بەلاّم رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدی پاشماوەکەی تەنها میرنشین بوو نەك دەولّەت. ئەو میرنشینانەش تەنها لەسەردەمی (دەسەلاّتی ئیسلامی) هەبوون نەك عەلمانی! هەرچی عەرەب و تورك و فارس بوون لەپاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی عەباسی، عوسمانلی و قاجاری، دەولّەتی نەتەوەییان دامەزراند نەك میرنشین!!

چەمکی حەزارەت زیاتر دەستە جەمعی دەگەیەنێ نەك نەتەوەیی. ئەگەر عەرەب و تورك و فارس سوودیان لە فاکتەری حەزارەتەوە وەرگرتبێ بۆ پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی، ئەوە رۆژئاواییەکان هەتا رزگاریان نەبوو لە هەژموونی (ئیمپراتۆرییەت) و (حەزارەتی رۆمانی)یەوە نەیانتوانی پەرە بەزمانی نەتەوەیی بدەن و بەزمانی نەتەوەی خۆیان ئەدەب بنووسنەوە. بۆ نموونە، زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزی کە ئەمڕۆ زمانێکی جیهانییە، لەهەموو بوارەکاندا هەژموونی خۆی هەیە. لەزۆربەی ولاّتانی غەیرە ئینگلیز زمانی دووەمی خوێندنە!! ئەو زمانە هەتا لەدەسەلاّتی کەنیسەو ئیمپراتۆریەت و حەزارەتی رۆمانی رزگاری نەبوو، حسێبی زمانی (LANGUAGE) بۆ نەدەکرا، بەلّکو وەك (زار DIALECT قسەی خەلّك!) تەماشا دەکرا. ئەمەو دەقێکی ئینگلیزی نییە مێژووەکە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەو چواردە!! هەر هەمان شتیش سەبارەت بە فەرەنسی و ئەلّمانی و ئیسپانی و.. هتد راستە!!

ئەو زمانە ئەوروپیانە بە رێنیسانس بوونە زمانی نەتەوە!

کورد لە بەرانبەر دەسەلاتی داگیرکار زۆر داکۆکی لە زمانی خۆی دەکات، بەلاّم ئەفسوس لەناوخۆی ئەو کۆششە ناکات!! ئەزموونی حکومەتی هەرێم ١٩٩٢ــ؟ درێژترین ئەزموونی کوردییە لە حکومەتکاری ناوچەییدا، ئەو حکومەتە جگە لە فشارەکانی هاوسێکانی، لە ناوەوەش کار لەسەر فاکتەری لاوازکردنی یاخود

روخانی دەکرێ. بەحوکمی ئەوەی ئەو بەشەی کوردستان، جگە لە ئیسلام چەند مەزهەب و دینێکی تر هەیە، ئەوانە لەلایەك هەبوونی دوو دیالێکتی سەرەکی فاکتەری تری لاوازکردنی ئەو ئەزموونەن!!
لەو چەند ساڵدا، هەریەك لە کوردی فەیلی و شەبەك، هەردووك لەگەڵ زۆربەی کورد مەزهەب جودان ـ شیعەن، هێندە شیعەن هێندە کورد نین (قسەم لەسەر عەوام و هەندێ تەیاری مەزهەبییە نەك هەموویان)، بۆ نموونە لە بەغدا ملیۆنێك کورد هەیە، کەچی (لیستی کوردستانی) چەند هەزار دەنگێکی هەیە. رۆژنامەنووسێکی کورد پێی وتم یەکێتی و پارتی مووچەی سی هەزار کەس دەدەن لە بەغدا، کەچی ئەو لیستە تەنها دوازدە هەزار دەنگی هێناوە!! لەولاوەش، رەوتێك لە هەورامانییەکان خۆیان لەکورد دادەبڕن!! یەزیدییەکانیش، بەحوکمی ئەوەی لەگەڵ کورد دین جودان، لەناو ئەوانیش دوو رەوت هەیە: رەوتێك وەك جولەکە یەزیدیاتی بە (دین و نەتەوە) دەزانێ و خۆیان پێ کورد نییە! رەوتێکی تر، ئەگەر خۆیشی بە عەرەب نەزانێ، وەلای بۆ دەسەلاتی عەرەبی هەیە!! هەندێك لە کاکەییەکانیش جۆرێك لەو هەڕەشەیە دەکەن!! بەشێك لە مەسیحی و تورکمانەکانیش داوای (حکومەت) یان (حکومەتۆکەیەك) لە باشووری کوردستان دەکەن؟! وێڕای ئەو هەڕەشەیە، هەڕەشەیەکی تر کە ترسەکەی لەوانە کەمتر نییە، کارکردنە بۆ کوشتنی زمانی نەتەوە!!
لەلای کورد، زمانی نەتەوەیی زمانی ستاندەرە، زمانی فەرمییە، زمانی نووسینە، خوێندنە، حکومەت نەیتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵکو نەیتوانیوە ڕێگریش بکات لەهەمبەر ئەو هەڕەشەیەدا!!

## دوو ستاندەر
## دوو زمان!
## حاڵەتێکی دی کوشتنی زمان

زمان و دایەلێکت لە پەیوەندییەکی جەدەلی دان! دایەلێکت بێ زمان نابێ، هەروەها بەزۆری زمانیش بێ دایەلێکت نابێ، بەلام هەردووکیان هاوواتاو هاوشێوەی یەکتر نین! چونکە دەکرێ زمان وەك تێرمێکی بالاو بە هەژموون بەبێ ئاماژە بۆ دایەلێکت بەکاربێ، بەلام هەرچی دایەلێکتە بە تەنیا ئەو

سەربەخۆییەی زمانی نییەو بۆیە هەر دەبێ بڵـێین دایـەلێکتی زمانێـك هـەروەها ڕووبەرو ژمارەی ئاخاوتنکەری دایەلێکت سنووردارە لەچاو ئەوەی زمان!

مەرج نییە وڵات فرە نەتەوە بێ تاکو دیاردەی دایەلێکت و زمانی هەبێ یان (تاك نەتەوە) بێ هەروەها ئەو دیاردەیە پەیوەندی بە (نەتـەوەی بـچووك) و (نەتـەوەی گەورە)ەوە نییە، هەروەها دیاردەکە پەیوەنـدی بـە نەتـەوەی خـاوەن حـەزارەت و مەدەنییەت و نەتەوەی دوور لە حەزارەت و مەدەنییەتەوە نییە!

بەکورتی دەکرێ بڵێین هەبوونی دایەلێکت و زمان دیاردەیەکی جیهانییە، چـونکە لەهەموو شوێن و کاتێك ئامادەگی هەیە!

ئەوەی گرنگە، وشیاری تـاك و کۆمەڵگایـە لـەوەی دایـەلێکتێك بکاتـە زمـانی خوێندن و نووسین و کارگێڕی و حکومەتکاری!

ئەو زمانە لەناو ئێمەدا بەزمانی ستاندەر ناوبانگی دەرکردووە، زمانی سـتاندەر، خۆی لەخۆیدا، دایەلێکتێکە قۆناغ بەقۆناغ ئـەدگارو جیـاوکی دیالێکتـەکانیتری زمانی نەتەوەیی وەرگرتووە، بۆتە زمانی خوێندن و نووسین.

زمانی ستاندەر زمانێکی سروشتی نییە، دەستکردە، بەڵام مولکی تەنها کەسێك و کۆمــەڵێك نییــە، بــەڵکو (وشــیاری) و (ئاگــایی) و (پێویــستی ســەردەم) و (ململانێی نەتەوە لەبەرانبەر نەتەوەیتر) دروستی کردووە! منـداڵ لـەدایکی ئـەو زمانە فێرنابـێ، چـونکە زمـانی سـتاندەر زمـانی دایـك نییـە، بـەڵکو زمـانی قوتابخانەو کتێبە! زمانی ئاخاوتن نییە، بەڵکو زمانی ئەودیوی ئاخاوتنە، زمـانی فەلسەفەیە!

زمان و دایەلێکت هیچیان پیرۆز نین!! زمانی ستاندەر، ئەگەرچی ئـەدەبی بـەرز و مولتەزیم! و فەلسەفەو هەتا دەقی دینیشی پێ دەنووسـرێتەوە، لـەڕووی دینـی و زمانەوانییــەوە پیرۆزتــر و (بــاڵاتر!) و (ســەروەرتر) نییــە!! وەك وتمــان زمــانی ستاندەریش هەر زارێکی زمانی نەتەوەیە! ئەوەتـە زمـانی سـتاندەری ئینگلیـزی جگە لە دایەلێکتێکی زمانی ئینگلیـزی هیـچیتر نییـە. ئەوەنـدە هەیـە زمـانی ستاندەر فاکتەری کۆکردنەوەی تاکەکانی نەتەوەیـە، بۆیـە دەکـرێ بڵـێین زمـانی ستاندەر فاکتەری بەهێزکردنی جیۆپۆلیتیکی ئاسایشی نەتەوەیـە. چـەند زمـانی ستاندەر زیاتر کاری لەسەر بکرێ لە دام و دەزگـای دەوڵـەت هێنـدەی تاکـەکانی نەتەوە یەکگرتوتر دەبن، هەروەها دەبێتە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوە!

لە یۆنان دوو (زمان!) هەیە، یەکێکیان پێی دەوترێ (دیمۆتیکی Dimotiki) ئەوە ناسراوە بەزمانی میللی، زمانی ئاخاوتنی خەڵك، هەرچی زمانی دووەمە ناسراوە بە (کاسارێڤۆسا Catharevusa) یاخود زمانی پاك، ئەمە جگە لەوەی زمانی نووسینە، ئەدگارەکانی زیاتر ڕەنگدانەوەی زمانی کلاسیکی یۆنانییە نەك زمانی دیمۆتیکی! توێژەرێکی وەك (سیکاری Psichari) لە توێژەرە بەراییەکانە کە لەبارەی (زمانی باڵا) و (زمانی ناباڵا)ی نووسیوە!
ئەو توێژەرە، کە لە حاڵەتی زمانی یۆنانی لە سەدەی نۆزدەی کۆڵیوەتەوە، بۆی دەرکەوتووە کە هەردوو زمان (دۆمۆتیکی و کاسارێڤۆسا) سنووری یەکتر دەبەزێنن و خەریکە زمانی ستاندەر، کە ئەدەب و فەلسەفەو سیاسەت پێ نووسراوەتەوە، ئەدگارەکانی خۆی لەدەست دەدات، سیکاری دەنووسێ: (یۆنان وڵاتێکە زمانی خۆی ناوێت!) (ئەمەو مێژووی یۆنان ئەوەمان پێدەڵێ کە یۆنانیەکان هێندە زمانی خۆیان خۆشویستووە بەجۆرێ بەرەو (زمان پەسەندی) بردوون! ئەمە وەنەبێ خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە ئەوهابێ، بەڵکو هەتا هەندێ لە بیرمەندەکانی یۆنانیش زمانی یۆنانییان پێ لە زمانیتر پەسەندتر و باڵاتربووە.
دایەلێکتێك کە دەبێتە زمانی ستاندەر... زمانی دەوڵەت! بە تەنیا ناتوانێ هەموو بوارەکانی خوێندن و نووسین و دین و سیاسەت و فەلسەفەو کارگێڕی و حکومەتکاری پڕبکاتەوە، ناچارە لەزارو شێوەزارەکانی دی زمانەکەی وشە وەربگرێ!
هەروەها بوونی دایەلێکتێك بەزمانی ستاندەر کوشتنی زارو شێوەزارەکانیتر نییە، بە پێچەوانەوە زمانی ستاندەر موڵکی هەموو زارو شێوەزارەکانی زمانە! کەواتە ئەو زمانەی لە دایەلێکتێك بە پاڵپشتی زارو شێوەزارەکانیتر دروست دەبێت، ناسنامەی زمانی نەتەوەیی وەردەگرێ و ئەو دەبێتە باڵێوزی زمانەوانی زمانەکە لە بەرانبەر زمانی نەتەوەکانیتر لەناوچەکەو جیهاندا!
هەرچەند زوو ئەو (باڵیۆزە زمانەوانییە) (شەرعیەتی خۆی لە دام و دەزگای فێرکردن وەك قوتابخانەو زانکۆ و دام و دەزگایتری دەوڵەت وەربگرێ، ئاسایشی نەتەوەیی ـ زمانەوانی ساخلەم و بەرقەرارتر دەبێت، بێگومان داگیرکارانی کوردستانی گەورە ئەوە سەدەیەکە لە پێکۆڵی هاوکۆدان بۆ ئەوەی ئەو باڵیۆزە لە ئەرزی واقیع و زەین و دەروون و هزری کوردا جێگیر نەبێت. لە ئێران، زمانی

كوردی وەك دایەلێكتێكی زمانی فارسی دەبینن، توركەكان هەر دان بە بوونی نانێن، هەرچی عەرەبەكانن بە (زمان) نایخوێننەوە (سەیری كتێبەكەی مونزر ئەلموسڵی بكە) (هەرچەندە لە رەوشی ئێستای عێراقدا بەكوردی لە پەرلەمانی عێراقدا نووسراوە: ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام لە پاش بەهێزبوونی دەسەڵاتی بەغدا شەڕی زمانییش بەڕێوەیە.. هەرچ نەبێ دەڵێن كام زمانی كوردی (سۆرانی!) یان (بادینی!).

ئەوانەی لەناو كوردانیش كار لەسەر دوو ستاندەر دەكەن، ئەوە بیانەوێ و نەیانەوێ كار لەسەر پرۆژەی دەسەڵاتی بەغدا دەكەن، كاتی خۆی رژێمی بەعس لەپێناو لەتكردنی زمانی كوردی، رۆژنامەی (ئاسۆ) و رۆژنامەی (بزاڤ)ی دەركرد، لەپاش شەڕی سیاسەت، شۆڤێنییەكانی بەغدا، ئەو مەسەلەیە جارێكیتر دەبوژێننەوە، بەڵام سەیرەكە لەوەدایە ئەمجارە كورد خۆی دەستپێشخەرە!

ئەوەی لەوەش سەیرتر ئەوەیە، پرۆژەی دوو ستاندەر، پرۆژەی قەڵەمدارەكانە!! دەبێ ئەوانە لەوە نەگەیشتبن كە سەپاندنی دوو ستاندەر لەخوێندن و حكومەت لە ئاكام دوو نەتەوەی لێدەكەوێتەوە؟! ئەوهابێ هەردوو دەڤەری بادینان و سۆران ـ گەرمیان، هەر فاكتەری (جوگرافیا) و (سیاسەت) لەیەكیان جیاناكاتەوە، بەڵكو لەڕووی (زمان)ەوەش لەیەك جیا دەبنەوە! چما زمان ناسنامەی نەتەوە نییە؟!

خۆم كار لەسەر زاری هەولێر دەكەم، وەك زمانی پایتەخت، كە لەزۆر وڵاتدا، زمانی پایتەخت بە پاڵپشتی زارو شێوە زارەكانیتر بۆتە زمانی ستاندەر!

زمانی پایتەخت بۆ هیچ نەتەوەیەك فاكتەری (یەكبوونەوە) نەبووبێت، بۆ كوردی باشوور، فاكتەرێكی سیاسی، جوگرافی و زمانەوانییە. وەختی خۆیشی، هەورامی بەهۆی میرنشینی ئەردەلان، بۆتان بەهۆی میرنشینی بۆتان و بادینان، زاری سلێمانی بەهۆی میرنشینی بابانەوە بۆ ماوەیەك بوونە زمانی نووسین لەناو كورد، هەرچی ئەزموونی حكومەتی هەرێمە، ئەوە لەڕووی ڕووبەر و سەردەمەوە دەرفەتی زۆر لەبارترە بۆ ئەوەی زمانی پایتەخت بە موتوربەكردنی بە پەیڤ و زاراوەكانی زارو شێوازەكانیتر بكرێنە زمانی خوێندن و كارگێڕی! هەرچی زارو شێوەزاری دی هەیە با لە شرۆڤەكردنی وانەكان لە قوتابخانەو زانكۆ بەكاربێن، هەروەها نووسەرو رۆژنامەنووسانیش ئازاد بن بەوەی بەو زمانەی پایتەخت دەینووسن یان بەزارو شێوەزاری خۆیان.. بەڵام ئەوەی گرنگە یەك ستاندەر لە

خوێندن و دام و دەزگای حکومەت هەبێت، چونکە بەدوو ستاندەر (دوو نەتەوە) (دوو بیرکردنەوە) (دوو نەوە) (دوو کەلتوور) دروست دەبێ، ئەمەش هەر هیچ نەبێ جۆرێکە لە جۆرەکانی تیرۆرکردنی زمانی کوردی! ئەو جۆرە تیرۆرکردنە ژانی بەقەد ژانی خەنجەرەکەی (بڕۆتس)ە، چونکە وەك (سیزەر ـ قەیسەر) هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد (بروۆتس) لەپیلانی تیرۆرکردنی ئەو بەشدار بێ، زمانی کوردیش هەرگیز چاوەڕێ ناکات مندالەکانی لە پشتەوە غافلکوژی بکەن!!

## ئەنجام:

ئەو هەموو هەولانەی تیرۆرکردنی زمانی کوردی، ئەگەر ڕەگێکی کۆنیان هەبێ بەلام هەر بەردەوامن. کتێشەکەش بەمە ئالۆزبووە دەسەلاتی حوکمڕانی کورد خۆیشی بەشێوەیەك لەو شێوەکان لەو پرۆسەیە بەشدارە! ئەو بەشداریەش، بەشدارییەکی سیاسیە! بۆیە، لەو هەژدە سالەی حوکمڕانیدا نەیتوانی وەك هەر نەتەوەیەکی دی پرۆژەی کۆڕی زانستی زمان دابمەزرێنێ. هەبوونی ئەو کۆڕە یەکێ لە پێویستیە هەرە سەرەکییەکانی بزاڤی زمانناسی کوردییە، چونکە چەند گرنگی بەزمان بدرێ ئەوەندە ئەو زمانە لەلای تاکەکانی نەتەوە خۆشەویست دەبێ، هەروەها لە پرۆسەیەکی ئەکادیمیدا قۆناغ بەقۆناغ بەرەو ستاندەربوون دەچێ!!
لەلایەکی تر، بەدەر لەبواری زمانناسی، گرنگی دان بەزمان لەدام و دەزگاکانی خوێندن هەولێکی بەرهەمهێن دەبێ بۆ بونیادنانی نەتەوەیی تاك و ئاشتکردنەوەی تاك بە زمان و کەلتووری نەتەوەوە.

# ناونان و هەست

بەشی دووەم و کۆتایی
ڕێژنە ئیسماعیل
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین

١٠ـ سەروا و ئاواز

یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناونان گونجانی نـاوی خوشـك و براکانـە لەگەڵ یەکتری، کاتێ باوك و دایك ناوەکە هەڵدەبژێرن ڕەچاوی سـەروا و ئـاوازی ناوەکان دەکەن.

بۆ نموونە یەکێ ناوی منداڵەکانی بەو شـێوەیە ڕێکخـستووە (ڕۆژگـار، یادگـار، سازگار، شەوگار).

ـ هەروەها باوکێك کە خۆی ناوی هاوڕێیە ناوی منالەکانی لەسـەر ئـاوازی نـاوی خۆی ڕێکخستووە (هاوکار، هاوناز، هاوژین).

ـ بنەماڵەیەکی تر ناوی منالەکانی بەم شێوەیە داناوە (سان، ڤان، بان، ئان).

ـ چەند خوشکێك ناویان بەم شێوەیە (نەوین، ئەوین، شەوین).

زۆر جاریش دایك وباوکەکە لە پیتەکانی ناوی خۆیان ناو بۆ منداڵەکانیان دادەنێن،واتە لە پیتی یەکەمی ناوی باوکەکەو پیتی کۆتایی ناوی دایکەکە ناوەکە هەلدەبژێرن یان بەپێچەوانەوە.

وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

ـ (سامان و شیرین) کچەکەیان ناو ناوە(ساوین).

ـ (سامال وئاشنا) کچەکەیان ناو ناوە (سانا).

ـ (سەرمەد وجوان) کوڕەکەیان ناو ناوە (سان).

ـ (پەیمان و دانا) کچەکەیان ناو ناوە (پەنا)

ـ (هۆگر و ڕۆژان) کوەکەیان ناو ناوە (هۆزان).

**١١ـ بەناوکردنەوە:**

زۆر جار بەهۆکاری بەناوکردنەوە ناو بەمرۆڤەکان دەبەخشرێت، ئەمەش بۆ گەلێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان خۆشەویستی کەسێکی دی لە ناو بنەماڵە، کاتێکەسێکی ئازیز و خۆشەویست دەمرێت یان دوور دەکەوێەوە زۆر جار ناوەکەی بەسەر منداڵەکەیان دەبڕن بۆ ئەوەی هەر زیندوو بمێنێتەوە، زۆر جار کچ و کوڕ بەناوی دایك و باوکیانەوە کراون واتا باپیر و داپیریان، ئەمەش وەك ڕێز و خۆشەویستی نواندنێك بەرامبەر بەو کەسەی کۆچی دوایی کردووە، زۆر جار منالەکە هێشتا لە دایکنەبووە، باوکی دەمرێت، جا ئەگەر کوڕ بوو بەناوی باوکی دەکرێتەوە، زۆر جاریش منالەکە بەناوی یەکێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان دەکەنەوە، دەیانەوێ کاتێ منداڵەکە گەورە دەبێ هەموو سیفەتی ئەو کەسەی لێ دەربکەوێ کە بەناوی کراوە.

هەندێ جاریش منالْ بەناوی پوری یان مامی یان هەرکەسێکی تری خێزانەکەیان کراوەتەوە چونکە لە ڕووی ڕوخسارەوە جۆرە لێکچونێك بەدی دەکرێت لە نێوانیان بۆیە بەهەمان ناوی ئەوی دەکەن.

وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

ـ (ئاڤان)بەناوی پوری کرایە،چونکە شێوەی ڕوخساری لەو دەچوو.

ـ (دلێر)بەناوی مامی کرایە بە هەمان هۆکاری پێشوو.

ـ (بەهرە)بەناوی پوری کرایە، بەهەمان هۆکار.

دیاردەی بەناوکردنەوە بەزۆری لە لایەن بنەماڵەی شێخەکان و منالْی مەلایەکان و ئاغا و عەشیرەتەکان زیاتر بەرچاو دەکەوێ، بۆیە زۆر جار دەبینین باوکەکە ناوی کوردییە، بەڵام منالەکەی ناوی عەرەبییە چونکە بەناوی باپیری کرایە، وەك:

**ـ مستەفا ڕاوێژ**

**ـ عەزیز هۆشیار**

**ـ محەمەد سامان**

**ـ مستەفا ڕێدار**

ـ هۆکاری دووەمی بەناوکردنەوە خۆشەویستی کەسێکی ترە لە دەرەوەی بنەماڵە، بەو مانایەی هەندێ خێزان باوەڕیان بەمەزاری شێخەکان و مەزاری پیاوە ئاینییەکان بەشێوەیەك بەهێزە، کاتێ ژن و مێر خێزان دروست دەکەن و ماوەیەك

خوا منداڵیان پێ نابەخشێ، ئیتر لەسەر مەزاری شێخە و سەید و پیاوە ئاینییەکان دوعا دەکەن و دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی بێن بەدایك و باوك کاتێ خوا منداڵی پێ بەخشین، منداڵەکە بەناوی ئەو کەسە دەکەن، کە گوایە لەسەر گۆڕی ئەو دوعایان کردووە و مرازەکەیان هاتۆتە دی، یان زۆر جار ئەو کەسانە لە خەو دەبینن. بۆ نموونە:

ـ سافی بەناوی (سافی هیرانی) کراوە، بەپێی باوەڕی دایکی لەوێ دوعای کردووە.

ـ زەکیە بەناوی کچی (سافی) کراوە، بەهەمان شێوە باوەڕی وایە لەوێ دووعای کردووە.

ـ یونس بەناوی (نەبی یونس) کراوە بەهەمان هۆکاری پێشوو.

ـ عبدالقادر بەناوی (شێخ عوبدولقادری گەیلانی) کراوە، باپیری لەوێ دوعای کردووە.

ـ گەیلان بەناوی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) کراوە، دایکی لەوێ ئەم دوعایەی کردووە.

ـ عوزێر بەناوی (عوزێر پێغەمبەر) کراوە، دایکەکە لەوێ مرازی خواستووە.

ـ شیخ محەمەد جگە لەوەی ناوی پێغەمبەرە، بەناوی (شێخ محەمەدی زارگەلی) کراوە، بەهەمان شێوە لەوێ دوعایان کردووە.

هۆکارێکی تری بەناوکرنەوە لە کۆمەڵگای کوردەواری سۆزی خۆشەویستی کوڕە بەرامبەر کچ کاتێ کوڕێك کچێکی خۆشدەوێ و بەقیسمەتی نابێ یان لێی جیا دەبێتەوە، کوڕەکە کاتێ لەگەڵ یەکی تر ژیان دەگوزەرێنێ، ناوی کچی خۆی بەناوی ئەو کچە دەکات کە پێشتر خۆشیویستووە. بۆ نمونە:

ـ شەوین، سەردار بەناوی ئەو کچەی کردووە کە خۆشی ویستووە.

ـ تریفە، دلزار بەناوی ئەو کچەی کردووە کە خۆشی ویستووە.

ـ بێگەرد، ئومێد بەناوی ئەو کچەی کردووە کە خۆشی ویستووە.

**١٢ـ خەون**

یەکێ لە هۆکارەکانی ناونان(خەون)ە، زۆر جار لە ڕێگای خەونەوە ناو بە کەسەکان دەبەخشرێت،ئەم دیاردەیە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستی ناولێنەرەکە هەیە.

بۆ ئەم مەبەستە چەند نمونەیەك دینمەوە:

ـ (زێبا)دایكی ناوی لێناوە،چونكە هەفتەیەك بەر لەدایك بونی مندالەكە خەوی بە زێبای خێزانی سافی بینیوە.
ـ (مستەفا) دایكی ناوی لیناوە، چونكە لە خەودا پیان وتوە ئەم ناوەی لیبنێ.
ـ (یوسف) باوكی ناوی لێناوە، ئەویش لە خەودا پیان وتوە.
ـ (عەلی) باپیری ناوی لێناوە، ئەویش بەهەمان شێوە لە خەودا پێیان وتوە.

سەبارەت بەكاریگەری هەستی نەتەوایەتی لەسەر هەڵبژاردنی ناوی مندال هەروەها (موسڵح ئیروانی) لە كتێبێكدا بەناوی (ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە كوردستاندا) لە لاپەڕە(١٦٦) لە خشتەیەكدا پەیوەندی نێوان بایەخپێدان بەهۆشیاری نەتەوەیی و كاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ناوی منداڵ دەردەخات.

لەكۆی ٣٥ كەس بەڕێژەی (١٠,٦١٪) لەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن، ژمارەیان٣٢ كەسە بەڕێژەی ٩,٧٠٪ ناوی كوردییان لە منداڵەكانیان ناوە، لە بەرامبەردا ئەوانەی بایەخ بە پەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی نادەن ژمارەیان تەنها ٣ كەسە بەڕێژەی ٠,٩١٪ هەروەها ئەوانەی ناوی عەرەبی ـ ئیسلامییان لە منداڵەكانیان ناوە لە كۆی ٢٠ كەس بەڕێژەی ٦,٠٦٪ لەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی نادەن ژمارەیان ١٥ كەسە بەڕێژەی ٤,٥٤٪ بەڵام لە لایەن ئەوانەی بایەخی پێدەدەن ڕێژەی ناوی عەرەبییان دابەزیوەبۆ ١,٥٢٪ كە ژمارەیان ٥ كەسە. ئەو ناوانەی كە دووبارە بوونەتەوە بۆ كوڕان ئەمانەن (سالم، ئوسامە، ئەحمەد، مستەفا، عەلی، جیهاد، یاسر، عوبدولهادی، عەبدولستار) ناوی كچانەش (هودا، سومەیە، ئیمان، ئالا، بوشرا) تەنانەت ناوی كوردی وەكو (بەهەشت) و بڕوا)ش بەرچاو دەكەون هەروەها ئەوانەی زیاتر لە منداڵێكیان هەبوو، ناوی هەندێ منداڵیان كوردی بوو، هەندێكیشیان عەرەبی بوو لەكۆی ١٤ كەس بەڕێژەی (٤,٢٤٪)، ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هۆشیاری نەتەوەیی دەدەن ژمارەیان ٩ كەسە و بە ڕێژەی ٢,٧٣٪ لە بەرامبەر ئەوانەی كە بایەخی پێ نادەن ژمارەیان ٥ كەسە ڕێژەی (١,٥٢٪).

هەروەها ئەوانەی ناوی مندڵەكانیان نەداوە لە كۆی ٤٥ كەس بەڕێژەی ١٣,٦٤٪ ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن ژمارەیان ٣٨ كەسە بەڕێژەی ١١,٥٢٪ لە بەرامبەر ئەوانەی كە بایەخی پێ نادەن ژمارەیان ٧ كەسە بەڕێژەی ٢,١٢٪ ئەوەی كە دەشمێنێتەوە سەڵتن و منداڵیان نییە ژمارەیان

٢١٦ کەسە بەڕێژەی ٦٥,٤٥٪. ژمارەی ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن ١٨٥ کەسن بەڕێژەی ٥٦,٠٦٪ لە بەرامبەر ئەوانەی کە بایەخی پێ نادەن ژمارەیان ٣١ کەسە بەڕێژەی ٩,٣٩٪. کەواتە لە کۆی گشتی ٣٣٠ کەس ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن ژمارەیان ٢٩٦ کەسە، بەڕێژەی ٨١,٥٢٪ لە بەرامبەر ئەوانەی کە بایەخ بە پەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی نادەن ژمارەیان ٦١ کەسە بەڕێژەی ١٨,٤٨.

هەروەها (چنار سەعد عەبدوڵلا) لە کتێبێکدا بەناوی (کاریگەریی باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هوشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١) لە لاپەڕە (١٩٠- ١٩١) لە خشتەیەکدا بەراوردی ناوە کوردییەکان و ناوە بیانییەکان کردووە.

لە ئەنجامی ئەم زانیارییانە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ساڵی ١٩٩٠ لە مانگی حەوت لە کۆی ١٦٦٠ منداڵی لە دایك بوو لەو مانگەوە ١٠٤٨ منداڵ کە ڕێژەکەی دەگاتە ٦٣,١٣٪ ناوەکانیان کوردییە و ٦١٢ منداڵ کە ڕێکەیان دەگاتە ٣٦,٨٦٪ ناویان کوردی نەبووە، واتا ناوی عەرەبیان لێنراوە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٥ لە هەمان مانگ مانگی حەوت لە کۆی ١٢٩١ منداڵی لە دایك بوو لەو مانگەدا ٧١٣یان کە ڕێژەکە دەگاتە ٥٥,٢٢٪ ناوەکانیان کوردی بووە، وە ٥٧٨ منداڵ، واتا ٤٤,٧٧٪ ناوەکانیان عەرەبی بوو.

سەبارە بەساڵی ٢٠٠٠ ئەگەر سەیر بکەین ئەوا دەبینین بارەکە پێچەوانە بۆتەوە، واتا لە کۆی ٢٦٠٥ منداڵی لە دایك بوو لە مانگی حەوت، تەنها ٨١٧ منداڵ واتا ٣١,٣٦٪ منداڵ ناویان کوردییە و لە کاتێکدا ١٧٨٨ منداڵ، واتا ١٧٨٨ منداڵ، واتا ٦٨,٦٣ ڕێژەکە ناوی عەرەبییە.

**٢ـ ڕێژەی هەست لە ناودا**

(ڕێژەی هەست لە هەمو وشەیەکدا وەك یەك نیە) هەندێ وشە ڕێژەی هەستی زیاترە لە وشەیەکی تر (ئەمەش بە پێی کەس و کومەلگا دەگوڕێت)(محمد علی الخولی، ١٩٩١،٨) بو نمونە هەندێ وشەی وەکو (ڕوژئاوا،کەناری دەریا، بەفربارین، گەڵاوەرین، گوڵی سور......) ڕێژەی هەست لەم جۆرە وشانە بەپێی کەس دەگۆڕێت.

هەروەها هەندی وشەی وەكو(دیموكراتی،سەربەستی،هەستی نەتەوایەتی....) لە كومەڵگایەك بۆ كۆمەڵگایەكی تر دەگۆڕێت،هەستی نەتەوایەتی لای كورد ڕێژەی هەستی زیاتر تیایە وەك لای نەتەوەیەكی تر.

هەروەها هەندی وشەی وەكو(چەكدار،خەباتكار،تیرۆرست...)ڕێژەی هەست لەم جۆرە وشانە بە پێی كۆمەڵگا دەگۆڕێت،چونكە تیرۆرست لای كورد تیرۆرستە،بەلام لای ئەو نەتەوەیەی كە لێیهاتوە لەوانەیە خەباتكار بیت.

ناوی تایبەتی مرۆڤیش بە هەمان شێوە ڕێژەی هەستی تیدا وەك یەك نیە،بۆ نمونە لە كومەڵگایەكی ئاینی ناوە ئاینیەكان ڕێژەی هەستیان زیاتر تێدایە وەك لە ناوەكانی تر.

زۆرجاریش ڕێژەی هەست لەناوی تایبەتی مرۆڤدا بەپێی تاقیكردنەوەی كەسەكان دەگۆڕێت، واتا مرۆڤ ئەگەر یەكی خۆشبوێت، ئیتر بەهۆی ئەوەوە هەمو ئەو كەسانەی خۆشدەوێت كەهەڵگری ئەو ناوەن.

ئەگەر ڕقیشی لەیەكێك بێتەوە، بەهۆی ئەوەوە ڕقی لەهەمو ئەو كەسانەیە كە هەڵگری ئەو ناوەن.

**٣ـ ڕەنگدانەوەی هەست لەناوناندا:**

**أـ ڕەنگدانەوەی باش:**

هەندێ ناو كاریگەری هەیە لەسەر هەستی مرۆڤ بەتایبەتی ئەو ناوانەی كە گەشبینی دەگەیەنن، یان ئەو ناوانەی كۆمەلگا ئەزمونیكیان لەگەل هەیە(هەندی لەم ناوانە هەڵگری هەڵوێستێ و نرخێكی دیاری كراویان هەیە)( حاكم مالك، ١٩٨٠, ٣١٤).

بۆ نمونە ناوە ئاینیەكانی وەكو(محەمەد و عەلی وعومەر....)و ناوی سەركردەكانی كورد وەكو(شێخ مەحمود و قازی محەمەد و بارزانی....)و هەندێ ناوی وەكو(مزگەوت وگوڵ وپەپولەو بولبول....)ڕەنگدانەوەیەكی باشیان لەسەر هەستی كەسەكان هەیە، هەروەها هەندێ ناوی وەكو(سەربەستی وئازادی و نیشتمانپەروەری...) ڕەنگدانەوەیەكی باشیان لەسەر كۆمەڵگا هەیە.

ئەم ڕەنگدانەوەیە لەناوی تایبەتی مرۆڤیش ڕەنگی داوەتەوە، لێرەدا كاریگەری ناوی مرۆڤ بەسەر دەرونی دەردەكەویت، چونكە هەموو كەسێك بەرامبەر ناوی خۆی هەستیكی دیاریكراوی هەیە.

زۆر جار هەست لـە بازنـەی ڕەنگدانـەوەدا ڕێـچکەی قبـوڵکردن و ڕازی بوونێـك دەگرێـت، بـەواتای ئـەوەی کەسـەکان بەرامبـەر بـەناوەکانی خۆیـان هەستێکی باشیان هەیە و هیچ جۆرە بێزارییـەك دەرنـابڕن بەرامبـەر ناوەکانیـان ئەمەش زیاتر ناوی سەردەم و ناوی ناسك و پڕ واتا دەگرێتەوە، هەر چەندیش ناو گوزارشت لە شتێکی دروست و بەجێ بکات ئەوەندە پەسندتر و شیاوتر دەبێت.

ناونان پەیوەستە بەهەسـتی کەسـی ناولینـەر کـە بـەپێی چـرکە سـاتی لەدایکبونی منداڵەکە دەگۆڕیت، واتە ئەگەر تاکی نوێ چانسیکی وەهای هـەبیت لەچرکەساتێکی خۆش وتەندروست بەگوێرەی خێـزان وژینگەکـەی لـەدایك بیـت، ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هەڵگری ئەو ناوانەی کەگوزارشت لەخۆشـی وشـادی دەکـەن، ئەمـە جگـە لـەوەی هەنـدێ نـاو واتـای گەشـبینیان تیدایـە ڕەنگدانەوەیەکی باشی بەسەر هەستی کەسەکان هەیە کە هەڵگری ناوەکانن وەکـو ناوی (بەختیار، کامەران، ئومێد، دلشاد، شادمان، ئاوات، ئامانج، تەبا،....).

زۆرجـاریش ناونـان بـەگویرەی بـارودۆخی ژیـانی خیـزان دەگۆڕیـت، کەلەرۆژگاری ژیانیاندا لەشوێنێکدا بۆ ماوەیەك ژیانیکی خۆشیان بەسەر بـردوەو یادگـاری خۆشـیان لی جێهێـشتوە، وەك یادکردنەوەیـەك نـاوی شـوینەکە لەمنداڵەکانیان دەنێن.

زۆرجاریش ناونان بۆسەرسام بـونی دایـك وبـاوك دەگەریتـەوە بەرامبـەر هەندێ کەسایەتی کەرەنگدانەوەیەکی باش لەسـەر هەسـتیان دروسـت دەکـات و لەناونانی منداڵەکەیان ڕەنگدەداتەوە.

هەندێ ناویش هەن هەر بەڕواڵەت دەزانرێ لەئەنجامی جۆرە گەشـبینیەك ئەم ناوەی لینراوە.

سەبارەت بەرەنگدانەوەی باش لەناونان چەند نمونەیەك دینمەوە:

- (هۆزان) دایکی ناوی لێناوە، چونکە لەسەر دەستی دکتۆرێك بەو ناوە شـیفای بۆ هاتووە.
- (سەرۆك) باوکی ناوی لێناوە، چونکە ئەو ڕۆژە لە دایك بـووە کـە مەسـعوود بارزانی بووە سەرۆکی هەرێم.
- (بڕیار) باوك و دایکی ئەو ناوەیان لێناوە، چونکە لەو ڕۆژەوە لە دایـك بـووە بڕیاری ڕاوەستان درا لە نێوان عێراق و ئێران.

ـ (ڕێکەوت) دایك و باوكی ناویان لێناوه، چونكه بەڕێكەوت یەكتریان بینیوه.
ـ ( هیران) دایكی ناوی لێناوه، چونكه له هـیران مامۆسـتا بـووه زۆر یادگـاری خۆشی لەوێ هەبووه.
ـ (چرا) دایك و باوكی ئەم ناوەیان بۆ هەڵبژاردووه، چونكه دوای ماوەیەكی زۆر خوا ئەو منداڵەی پێبەخشیون، بۆته چرای ماڵیان.
ـ ( كەیفی) باوكی ناوی لێناوه، چـونكه باوكیـان بـەوه ناسـراوه هـەموو كـات بەكەیف بووه.
ـ ( كۆنگره) باوكی ناوی لێناوه، چونكه له یەكەم ڕۆژی بەستنی كۆنگرەی یازده له هۆڵی زەرد ئەو منداڵه له دایك بووه.
ـ (دیاری) باپیری ناوی لێناوه، واتا بووی بەدیاری بۆ دایك و باوكت.
ـ (نور) دایكی ناوی لێناوه، چونكه سەرسام بووه بەكەسایەتی نور له زینجیرەی دۆبلاژكراوی عەرەبی نور.
ـ (شادان) دایكی ناوی لێناوه، چونكه سەرسام بووه به ڕووخساری كـچێك بـەم ناوه.
ـ (میران) باوكی ناوی لێناوه چـونكه دۆسـتایەتییەكی زۆریـان هـەبووه لەگـەڵ بنەماڵەی میرەكانی شەقڵاوه، وەكو یادكردنەوەیەكی ئەو بنەماڵه، ئـەو نـاوەی لێناوه.
ـ (گەڵا) دایكی ناوی لێناوه، چونكه له وەرزی پایز كاتی گەڵا وەرین لـه دایـك بووه، دیمەنی گەڵاكانی زۆر لا جوان بووه.
ـ (ڕانیه)دایكی نـاوی لێنـاوه،وەكـو یادگارییـەكی ئـەو شـوێنه،چـونكه خۆیـان نیشتەجێی بەغدا بون،بەلاّم ماوەیەك لەوێ
نیشتەجێ ببون.
ـ (سەفین)دایك وباوكی ناویان لی ناوه به یادگاری شـەقلاوه،چـونكه بـو مـاوەی ساڵێك لەوێ ژیانیان بەسەر بردوه.
ـ (ژیاوه) باوكی ناوی لێناوه، چونكه له كاتی له دایك بوونی منداڵەكه دایكی زۆر بێ حاڵ دەبێت، كه ئەم منداڵەكەی ناو نـاوه ژیـاوه واتـه دایكەكـه ژیـاوه و نەمرد.

**ب ـ ڕەنگدانەوەی خراپ:**

هەندی ناو کاریگەریەکی خراپیان هەیە لەسەر هەستی مرۆڤ بەتایبەتی ئەو ناوانەی مرۆڤ تاقیکردنەوەیەکی خراپی لەگەڵیان هەیە وەکو ناوی(صدام، علی کیمیاوی، شیخ زانا....)هەروەهاناوەکانی(شەر، ئاژاوە، تەقینەوە، تیرۆرست، کۆچرەو....)رەنگدانەوەیەکی خراپیان لەسەر هەستی کۆمەلگا هەیە.

هەندێ ناوی مرۆڤ هەن جۆرە ڕەشبینیەکیان تیدایە، ئەم ناوانە ڕەنگدانەوەیەکی خراپ بەسەر هەستی کەسەکان دروست دەکات کە هەلگری ناوەکانن وەکو ناوی(غەمبار، غەمگین....) هەروەها هەندێ ناوی بکەرو بەرکاریش ڕەنگدانەوەیەکی خراپیان هەیە،وەکو(بکوژ، بخۆر)،(سوتاو، کوژراو) دیاردەی ناونان پەیوەستە بە هەستی کەسی ناولینەرو چرکە سادی لەدایکبونی مندال، واتا ئەگەر تاکە نوێیەکە لەچرکە ساتیکی پر خەم و ئازار لەدایك بیت لەوانەیە هەلگری ئەوناوە بیت کە گوزارشت لەخەفەت وناخۆشی دەکەن.

زۆرجاریش بەپێی بارودۆخی ژیانی ئەو خیزانەی کەمنداڵەکەی لی بەدنیا دێت ناوەکەی بۆ هەڵدەبژێردرێت، بۆیە هەر بەرواڵەت دەزانرێت ئەو ناوە لەئەنجامی جۆرە ڕەشبینیەك هاتۆتە ئارا.

هەندێ جاریش لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی خێزانەکە بەرامبەر کارەساتێکی ناخۆش، منداڵەکە ناوێکی وای لێدەنرێت کە گوێت لەناوەکە دەبێت یەکسەر دەزانرێت هۆکارەکەی چیە، چونکە ناوەکە تەعبیر لەو بارودۆخە دەکات کەخێزانەکە پیێدا گوزەری کردوە.

زۆرجاریش کەسەکە ناویکی وای لێنراوە کە بەهۆیەوە هەست بەجۆرە شەرمێك دەکات وەکو ناوی(خۆخێ، دڵێ، بەفراو، شوشە، شەربەت....).

یان هەندێ جار ناوەکە لەم جۆرانەیە جیاوازە لەگەڵ کەسایەتیەکەی وەکو ناوی(شێرکوژ، دژوار، بێباك، چەتە، ڕێگر....).

لێرەدا هەست لەبازنەی ڕەنگدانەوەدا جۆرە ناڕازیبونێك دەگرێت، بەواتا کەسەکان بەرامبەر ناوەکانی خۆیان هەستێکی باشیان نیەو ناڕازین لەناوەکانیان، زۆرجار گلەیی لەدایك وباوك وکەسی ناولێنەر دەکەن بۆچی ئەو ناوەیان لێیناوە.

سەبارەت بەڕەنگدانەوەی خراپ لەسەر ناونان چەند نمونەیەك دێنمەوە:

وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

ـ (شیوەن) دایکی ناوی لێناوە، چونکە هەفتەیەك بەر لە دایك بوونی منداڵەکە

باوکی مناڵەکە کۆچی دوایی کردووە.

ـ (ڕابەر) باوکی ناوی لێناوە بەناوی برای خۆی کردۆتەوە کە بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەست داوە.

ـ (فرمێسك) دایکی ناوی لێناوە چونکە باوکیان لە دەرەوە بووە، هەموو کات چاو بەفرمێسك بووینە.

ـ (هانا) باوکی بەناوی برای خۆی کردووە کە شەهید کراوە.

ـ (عومەر) دایکی ناوی لێناوە چونکە کە مێردەکەی مردووە ئەو لە سکی بووە.

ـ (زامدار) دایکی ناوی لێناوە، چونکە لە ڕۆژی لە دایك بوونی مامێکی ئەو مناڵە لە شەڕ بریندار دەکرێت.

ـ (جوان) بەناوی دایکی کراوە، چونکە دایکەکە بەو مناڵەوە گیانی لە دەست داوە.

ـ (ماتەم) دایك و باوکی ناویان لێناوە، چونکە لە ڕۆژی کارەساتەکەی ١ی شوبات لە دایك بووە.

ـ (بێزار) دایکی ناوی لێناوە، چونکە کاتێك لە دایك بوە شەڕ هەبوە لە نێوان دوو بنەماڵە.

ـ (محەمەد) باوکی ناوی لێناوە، بەناوی برای خۆی کردۆتەوە کە مردووە.

ـ (شیرین) دایکی ناوی لێناوە، بەناوی خوشکی خۆی کردووە کە مردووە.

ـ (عەبدولکەریم) بەناوی مامی کراوە، چونکە دوو ڕۆژ بەر لەدایك بوونی منداڵەکە، مامی بە کارەساتی ئوتومبێل گیانی لەدەست داوە.

لە کۆی ٣٠٠ کەس لە ٨٥٪ی تاکەکان لە ناوەکانیان ڕازین، کە لێیان نراوە، لە بەرامبەریشدا ٤٢٪ لە ناوەکانیان نا ڕازین، لە ٦١,٩٪ ئەوانەی لە ناوەکانیان ناڕازین بەهۆی ئەوەیە کە زمانی ناوەکانیان بەدڵ نییە، لە ١٣,٤٪ هۆکاری ناڕازیبونیان لەناوەکانیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەو هۆیەوە بووەتە هۆی گاڵتەپێکردن، لە ڕێگای بچوککردنەوەی ناوەکانیان بۆ ناوێکی گاڵتە ئامێز. هەروەها لە ٢٤,٦٪ لەبەرئەوە لە ناوەکانیان ناڕازین چونکە پێیان وایە ناوەکانیان لەگەڵ دید و کەسایەتی و حەزیاندا نایەتەوە.

لە ڕاپرسییەکدا ئەوە دەرکەوتووە ٥٥,١٪ ئەوانەی کە زمانی ناوەکانیان بەدڵ نییە حەزیان دەکرد ناوەکانیان ناوی کوردی بوان، لە ٣٣,٣٪ حەزیان

دەكرد ناوەكانیان بیانی بوایە، لە كاتێكیشدا تەنیا ١١,٥٪ ئـارەزووی ئـەوەیان دەكرد ناوەكانیان عەرەبی بوایە.

**٤ـ ناوگۆڕین لە كۆمەڵگای كوردەواری**

ئەگەر سەرنج بدەینە لاپەڕەی ڕۆژنامەكان هەست بەوە دەكەین نـاوگۆڕین وەكـو دیاردەیـەكی كۆمەڵایـەتی لێهـاتووە ئەمـەش لـە ئـەنجامی نـاڕازیبوونی تاكەكانە بەرامبەر ناوەكانیان. بۆ ئەم مەبەستە لـە ژمـارە (١٧)ی هەفتەنامـەی پرووشـــە، ڕۆژی دووشـــەممەی ٢٠٠٧/١١/١٧ چـاوپێكەوتنێك لەگـەڵ حـاكم عبدالرحمان سـیوەیلی دادوەری دادگـای بـاری شارسـتانی هـەولێر ئەنجامـدراوە، تیایدا ئەوەی ڕوونكردۆتەوە كە لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٧ تـا ٢٠٠٧/١٠/٢١، (٧٨١ )حاڵەتی ناوگۆڕین ئەنجامداراوە، ئەم حاڵەتانەش هەندێكیان گۆڕینی ناون، بەلاّم هەندێكی تریان چاكردنەوەی ناون. ئێمە بۆ زیاتر زانیاری دیاردەی ناوگۆڕین لە كۆمـەڵگلی كـوردەواری سـەردانی (بەڕێوەبەرایـەتی ڕەگەزنامـە و كاروبـاری شارستانی هەولێر)مانكرد. بەپێی ئەو زانیاریانەی كە خستیانە بەردەسـتمان لـە ٢٠٠٨/١/١ تا ٢٠٠٨/١٠/١، (٢١٤) كەس ناوی خۆیان گۆڕیوە. لـەكۆی ئـەم ژمارەیە، (١١٨ ) كەس ڕەگەزی نێرن و (٩٦ ) كەس ڕەگـەزی مـێن، كەواتـە بەپێی ئەو مێژووەی دیاریمان كردووە ئەوانـەی نـاوی خۆیـان گۆڕیـوە زیاترینیـان ڕەگەزی ( نێر)ن.

**٥ـ هۆكارەكانی دەروونی ناوگۆڕین**

یـەكێك لـە دیاردەكـانی كۆمـەڵگا ناوگۆڕینـە، زۆر كـەس هـەن لـە تەمـەنێكی دیـاریكراودا نـاوی خۆیـان دەگـۆڕن بـەپێی ئـەو چـاوپێكەوتنانەی ئەنجامانداوە لەگەڵ ئەوكەسانەی ناویان گۆڕیوە یان نیـازی ناوگۆڕینیـان هەیـە وە بەپێی ئـەو زانیاریانـەی لـە(بەڕێوەبەرایـەتی دادگـای تێهەڵـچوونەوەی هـەولێر) وەرمان گرتوە گەیشتومەتە ئەو ئەنجامەی دیاردەی ناوگۆڕین بۆ چـەند هۆكارێـك دەگەڕێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بەباسەكەی ئێمەوە هەبێت ئەمانەی خوارەوەن:

**١ـ هۆكاری سیاسی:**

بەهۆی گۆڕانكاری بارودۆخی سیاسی زۆر جـار كەسـەكان بـەگۆڕانكاری بارودۆخێكی تایبەت ناوەكانیان دەگۆڕن، چونكە ناوەكان تەعبیر لـە ڕەمزەكـانی دەسەڵا تێكی سیاسی دەكات، بارودۆخەكانی كوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا

وایکرد زۆر کەس ناوەکانیان بگۆڕن، بەتایبەتی ئەو ناوانەی کە ڕاستەوخۆ دەربڕینیان لە ناوی بەرپرسە سیاسییەکان و ڕەمزەکانی هێزە سیاسییەکان دەکرد وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

مەلّبەند ← ئەحمەد

جەلال ← هیوا

مەلا ← بەختیار

نەوشیروان ← شێروان

**٢ـ تێکەڵاوی ناوی کوڕ و کچ:**

بەهۆی جیاوازی نەکردن یان تێکەڵاوبوونی هەندێ ناو لە نێوان کچ و کوڕ وایکردووە زۆر کەس ناوی خۆیان بگۆڕن، چونکە ناوەکان هەم بۆ کچان هەم بۆ کوڕانیش بەکار دێن ئەمەش وای کردووە هەندێ کوڕ ناوی کچانە هەڵنەگرێت یان بەپێچەوانەوە، بۆیە سەختە کوڕ قبوڵی ناوی کچ بکات و بەپێچەوانەوە. وەك گۆڕینی ئەم ناوانەی خوارەوە:

دڵگەش ← مەستی

دڵگەش ← ئارام

هاوژین ← شوان

ئاریان ← ئاری

هانا ← سانا

دیاری ← توانا

عیسمەت ← میهرەبان

ئاشتی ← خانزاد

ئاشتی ← ئەحمەد

**٣ـ خراپی واتای ناوەکە:**

زۆرجار کەسەمان ناوی خۆیان دەگۆڕن، چونکە ناوەکە واتایەکی باشی نییە، یانیش ناوەکە دەبێتە بچوککردنەوەی کەسایەتییەکەی. وەکو (ڕێگر، چەتە، مشکۆ...)

ڕێگر ← ئەحمەد

چەتە ← نەوزاد

٤ـ پرسیارکردن:

هەندێ ناو هەن دەبنە هۆی جێگەی پرسیارکردنی بەردەوامی خەڵك، لێرەدا خاوەنی ناوەکە پێی بێزار بێت، چونکە هەرکاتێ پرسیاری ناوەکەی لێ دەکەن، دەبێ چیرۆکەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، بەمەش خاوەنەکەی ناچار دەبێت ناوەکەی بگۆڕێت، وەك:

هتلەر ← دلێر
گیڤارا ← ئیبراهیم
عەنتەر ← سالار

٥ـ باونەمانی ناوەکە:

زۆر ناوهەن لە سەردەمێکدا جێگەی گرنگ و بایەخ پێدانی خەڵکی بوو، بەڵام بەپێپەڕبوونی ڕۆژگار ناوەکان باویان نامێنێ، هەر بۆ نموونە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ناوەکانی (سەدام و عودەی و قوسەی و حەلا) زۆر بوون، بەڵام بەگۆڕانی ڕۆژگار و تێپەڕبوونی کات ناوەکان باویان نەماوە، زۆر کەس لەوانەی هەڵگری ئەو ناوانەن ناوەکانیان گۆڕی بۆ ناوێکی تر وەك:

سەدام ← سەرهەد
سەدام ← سەردار
سەدام ← سەلام
سەدام ← شالاو
سەدام ← ئارام
سەدام ← محەمەد
سەدام ← هەژار
سەدام ← ڕێبوار
سەدام ← سەفین
سەدام ← هەڤاڵ
سەدام ← دیار
سەدام ← سامان
سەدام ← ڕزگار

عودەی ← بڵند
حەلا ← نیان
کاسترۆ ← عەلی

**٦ـ بەدناوبوونی ناوەکە:**

هەندێ کەس لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینییەوە بەکاری خراپە دەناسرێن، جا ئەوانەی کە هەڵگری ناوی خۆیانن ناوەکەیان دەبێتە ڕەمزێك بۆ خراپەکاری و بەد ڕەفتاری. بۆ نموونە دوای ئاشکرابوونی باندی (شێخ زانا) و گرووپە تیرۆریستییەکەی، وای کرد ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی ناویان زانایە ناوەکانیان بگۆڕن ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەست و ڕق و بێزاریەی لە لایەن خەڵکەوە دروست بوو بەرامبەر بەشێخ زانا و گرووپەکەی، لێرەدا کاریگەری زانا ئەوە بوو سیفەتێکی ناشیرین بەو ناوە ببەخشێت، بۆیە زۆر خەڵك بێزیان لەو ناوە بۆوە بەیانتوانی چی دی ئەو ناوە هەڵگرن، جگە لە ناوی زانا ناوی (ئوسامە)یە، چونکە کەسایەتی (ئوسامە بن لادن) لە لای زۆر کەسەوە بووە ڕەمزێك بۆ خراپەکاری، زۆر کەس کە هەڵگری ئەو ناوە بوون ناوەکەیان گۆڕی بۆ ناوی تر:

زانا ← ئاکۆ
زانا ← زەردەشت
زانا ← ئالان
ئوسامە ← بەڵێن
ئوسامە ← ئەحمەد
ئوسامە ← سامان

**٧ـ ڕق لێبوونەوە:**

هەندێ کەس لە ئەنجامی ڕق لێبوونەوە لە کەسێك ناوی خۆیان دەگۆڕن، چونکە کەسەکە هاوناوە لەگەڵ ئەو کەسەی ڕقی لێیەتی، بۆیە ناوەکەی خۆی دەکاتە ناوێکی دی. بۆ نموونە:

ـ (شادیە) ناوی خۆی گۆڕی بۆ شادی لە ڕقی زڕدایکی کە هەمان ناوزی لێیە.
ـ (عەلی) ناوی خۆی گۆڕی بۆ (توانا) لە ڕقی مامۆستاکەی، چونکە لە وانەی ئەو کەوتبوو.
ـ (کوردستان) ناوی خۆی گۆڕی بۆ (بەهار)، چونکە لەگەڵ کچێك بەو ناوە

کێشەی هەبوو.
ـ (جوان) ناوی خۆی کردە (ئاڤان) لە ڕقی کەسێك کە هەمان ناوە لەگەڵی.
ـ (فەرهاد) ناوی خۆی گۆڕی بۆ (محەمەد) بەهۆی دووبەرەکی خێڵـەکی لـە نێـوان دوو بنەماڵە، کە ئەوانیش فەرهادیان هەبوو.

**٨ـ کۆنی ناوەکە:**

زۆر جار کەسەکان ناوەکانیـان خۆیـان دەگـۆڕن بـەو پێیـەی ناوەکانینـا لـە نـاو کۆمەڵگادا کۆن بووە، جا ناوی نویێ وەکو مۆدیلێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن وەك:

داهیە ← پەرواز
عەونی ← ڕێبین
جوان ← ئەلیسا
حەلیمە ← بۆکان
شکریە ← دنیا
نزیرە ← فریشتە
حاتیکە ← دالیا
سەدرەدین ← دانیار
ڕێناس ← یاریا
تانیا ← سیدرا
ڕێزان ← روزی
سەیران ← سیلان
فەرهاد ← ئەلەند
فارس ← فابیس
میدیا ← نتالیا
سامی ← سەربەست
عەباس ← هەڵدێر
هەمین ← لانە
یسری ← ڕۆنیا
سمیعە ← ئاشنا
وعدیە ← سۆلین

عزیزە ← بەهرە

عزیمە ← نازە

قدریە ← سازگار

**٩ـ تێگەیشتنی هەڵ لە مانای ناو:**

ناوی وا هەیە واتایەکی باشی نییە و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە شەرمی تێدایە، بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی رحمان وشەی (تکـژبان) زۆر دووبارە بۆتەوە، بۆیە زۆر کەس ناوی کچەکانیان بەناوی (کەزیبان) ناو ناوە، کە ئەمەش واتایەکی باشی نییە، بۆیە دەبینین زۆر لەوانەی ناویان (کەزیبان)ە داوای گۆڕینی ناویان دەکەن.

کەزیبان ← شنۆ

کازیبە ← تابان

**١٠ـ هەڵەی ڕێنووس:**

بەزۆری ناوە کوردییەکان لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا لە کاتی تۆمارکردنی ناوەکە بەناتەواوی نووسراوە یان بەڕێنووسی عەرەبی نووسراوە، ئەم دیاردەیەش تەواو واتای ناوەکەی گۆڕیوە، بۆیە ئەو کەسانەی کە ناوەکانیان کوردییە و بەڕێنووسی عەرەبی نووسراوە هەست بەئارامی باری دەروونیان دەکەن، چونکە ناوەکان واتای فەرهەنگی خۆیان لە دەست داوە، بۆیە خاوەن ناوەکانیان داوای گۆڕینی ناوەکەیان دەکەن بۆ ڕێنووس کوردی، وەك:

کوران ← گۆران

بیشرەو ← پێشڕەو

هلکوت ← هەڵکەوت

**١١ـ تەواونەکردنی ناوی ئاینی:**

هەندێ ناوی ئاینی هەن وەك: (رحیم، رحمان، کریم، بارئ...) ئەم ناوانە ناوە پیرۆزەکانی خودای گەورەن، کەسەکان نابێت هەڵگری ناوی خودا بن، بۆیە هەڵگری ئەم ناوانە داوا دەکەن ناوی (عبد)یان بۆ زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی ناوەکان واتای بەندەی خوا ببەخشن، نەك ناوەکانی خودی خوا. وەك:

رحیم ← عبدالرحیم

سمیع ← عبدالسمیع

کریم ⟵ عبدالکریم
رحمان ⟵ عبدالرحمان
بارئ ⟵ عبدالبارئ

## ئه نجامەکان:

١ـ لایەنی دەروونی کۆمەڵگا رۆڵی کاریگەری هەیە لە زماندا و هەموو کەسێك بە ئاسانی هەستی پێدەکات بە تایبەتیش ناو ، کە تاکو ئێستا هەر لە لایەنی وشەسازییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە بە واتایەکی تر تەنها لە رووی فۆرمەوە لێیکۆڵدراوەتەوە لایەنی ناوەرۆکەکەی فەرامۆش کراوە.

٢ـ مرۆڤ ناو لە هەموو شتێك دەنێت بۆ ناسینەوەیان و جیاکردنەوەیان لە یەکتر، بۆیە پرۆسەی ناونان پرۆسەیەکی گرنگە شایەنی بایەخ پێدانی زمانەوانییە.لەگەڵ ئەوەش خودی مرۆڤ هەڵگری ناوێکە هیچ تاکێك نییە لە کۆمەڵگادا ناوێکی نەبێت هەڵبژاردنی ئەم ناوەش لەلایەن کەسانی ترەوە بێ هۆکارو لەخۆەش ئەم ناوانە لە مرۆڤ ناندرێت.

٣ـ ناونان لەلای میللەتی کورد وەك هەموو میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێوەدانگی چەند بەهایەك پراکتیزە دەکرێت، لەو بەهایانەش بەهای ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئەفسانەیی ئامادەیە.

٤ـ رەگەزی هەست لە ناوەکان دا بەرجەستە دەبێت، ئەم بەرجەستە بوونەش وا دەکات ناوەکە رەهەندێکی سایکولۆژیان هەبێ، هەروەها کاریگەریان بەسەر دەروونی مرۆڤ هەبێ، جا ئەو کاریگەریە خراپ بێت یاخود باش بێت.

٥ـ هەست و سۆز ئاوێتەی زوربەی زۆری ناوە کوردییەکان بوو ئەمیش لە ئەنجامی ئەو گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەوە هاتەکایەوە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا روویدا

٦ـ کاتێك ناوەکان ناوی کۆن و ناوی بێ ماناو یان هەر جۆرە ناوێك بێ کە ڕەشبینی وهەست کردن بە سوکایەتی لەلای هەڵگری ناوەکە دروست بکات، ئەوە رەنگدانەوەیەکی خراپی بەسەر دەروون و کەسایەتی ناولێنراوەکە دەبێت، بۆیە ئەم کەسە هەوڵ دەدات ناوی خۆی بگۆرێت و یاخود نازناو بۆ خۆی دابنێت بە پێچەوانەوە ئەگەر ناوەکە ناوێکی سەردەمیانەو مانایەکی بەرزو ناسك و

ئاوازێكی خۆشی هەبێت ئەوە جێ ڕەزەماندی هەڵگرەكەی دەبێت..
٧ـ ناو وەكو جلوبەرگ و ئۆتۆمۆبیل و زۆرشتیتر لە ژیاندا كە مۆدیلیان دەروات و لە گۆراندان. ناوی مرۆڤی كورد، هەر وەك سەرجەم شتەكانی تری كوردستان سیمای گۆڕاوە ، بۆیە هەندێ تاكی كۆمەڵگای لە رووی سایكولۆژییە و كەسێتییەوە لە ناوەكانیان رازی نین.
٨ـ ناوەگشتی و تایبەتییەكان شەقلی سەردەمیان پێوەدیارە ئەنجامی پاڵنەرە دەروونیەكان جا خۆشی بێ یان ناخۆشی.
٩ـ ڕێژەی هەست لە ناوەكاندا وەك و یەك نییە ، ئەمەش بە پێی تاقیكردنەوەی كەس و كۆمەڵگا دەگۆڕێت.
١٠ـ هۆكارە پاڵنەرەكانی ناونان لە زمانی كوردی دەگەرێتەوە بۆ (هەستی نەتەوایەتی ، ئایین، هۆكاری سیاسی،سروشت ، ئەدەب ، فەلسەفە، هونەر،جیهانگیری،كەلتوور ، سەرواوئاواز، بەناوكردنەوە، خەون)
١١ـ رەنگدانەوەی هەست لە ناونانی زمانی كوردی بە دوو شێوە دەربڕاوە، ڕەنگدانەوەی باش و ڕەنگدانەوەی خراپ.
١٢ـ بەپێی سەرژمێری سالأنی (١٩٩٠-١٩٩٥- ٢٠٠٠)، لە سالأنی (١٩٩٠) و (١٩٩٥) ناوی كوردی پلەی یەكەمی وەرگرتووە، ناوی عەرەبیش پلەی دووەم، بەلأم لە سالّی (٢٠٠٠) بارەكە پێچەوانە بۆتەوە ناوی عەرەبی پلەی یەكەم و ناوی كوردیش پلەی دووەمە ئەمەش بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە.
أـ كاریگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆ لە سالأنی (١٩٩٥- ١٩٩٨) كە ئەم هۆكارە ئەزموونی كوردی لە بەر چاوی خەڵك خست.
ب ـ دەركەوتنی پارت و لایەنی سیاسی هەمەجۆر لەو كاتەدا.
١٣ـ لە ئەنجامی راپرسی كە لە نێوان (٣٣٠) كەس ئەنجامدراوە دەركەوتووە (١٩٣)كەس بە ڕێژەی ٥٨٪ ڕایان لە ناوەكانی خۆیانە،ئەوانەی كە ڕایان لە ناوی خۆیان نیە (١٣٧) كەسە بە ڕێژەی رێژە٤٢٪، لەوانەی كە ڕایان لێ نییە (٩٥)كەس بە ڕێژەی ٦٩,٣٪ نیازی ناوگۆڕینیان هەیە.
١٤ـ هەستی نەتەوایەتی كارییگەریەكی زۆری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ناوی منداڵ، لە سەرژمێریەكدا ناوی كوردی پلەی یەكەمی وەرگرتوە كە دەگەڕێتەوە بۆ هوشیار بوونەوەی گەلی كورد و دواتریش ناوی بیانی بە پلەی دووەم دێت ئەمیش

دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری کەلتووری بیانی لەسەر کورد و ناوە عەرەبیەکانیش بە پلەی سێیەم دێت هۆمارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ موسڵمانییتی کورد.
١٥ـ ناوگۆڕین دیاردەیەکی بەرچاوە دوای ڕاپەرین هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ (سیاسی ، تێکەڵاوی ناوی کوروکچ ، خراپی ناو، پرسیارکردن، باونەمانی ناو، بەدناوبوونی ناو، رقلێبوونەوە، کۆنی ناوەکە ،تێگەیشتنی هەڵە لە واتای ناو، هەڵەی ڕێنوس، تەواو نەکردنی ناوی ئایینی.
١٦ـ لە ٢٠٠٨/١/١ تا ٢٠٠٨/١٠/١ (٢١٤) کەس ناوی خۆیان گۆڕیوە ، (١١٨)کەس ڕەگەزی (نێر)ن و (٩٦ )کەس ڕەگەزی (می)ن، کەواتە لەو ماوەیە ئەوی زیاتر ناوی گۆڕیوە ڕەگەزی (نێر)ن.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی**

١ـ ئاڤان سەعید مستەفا ، ٢٠٠٥ ، ڕەنگدانەوەی لایەنی دەروونی لە ناودا ، باسێکی بلاّونەکراوە بە سەرپەرشتی عەبدولواحید موشیر دزەیی.
٢ـ ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ١٩٧٦ ، رێزمانی کوردی ، بەکوردی و بە عەرەبی ، چاپخانەی دار الجاحظ ، بەغدا.
٣ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٩ ، مۆرفۆلۆژی ، ناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی سێیەم ، بەغدا.
٤ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧ ، رێزمانی کوردی ، وشەسازی ، ، جێناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی دووەم ، بەغدا.
٥ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٩٢ ، رێزمانی کوردی ، وشەسازی ، ئاوەڵناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی سێیەم ، بەغدا.
٦ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٩٨ ، رێزمانی کوردی، وشەسازی ، ژمارەو ئاوەڵکردار ، بەرگی یەکەم ، بەشی چوارەم ، بەغدا.
٧ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠٠٥ ، بەرهەمە زمانەوانیەکانم ، بەرگی سێیەم ، سلێمانی.
٨ـ ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٣ ، رێزمانی زمانی کوردی ، هەولێر.
٩ـ ئومێد مسعودی ، ٢٠٠٢ ، بنەمانی دارشتن لە میدیاکاندا ، وەرگێرانی

مەجید سالّح ، سلێمانی .
١٠ـ بێخالّ عەبدولاّ سعید ، ١٩٨٩ ، واتا سازی وشە ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
١١ـ توفیق وەهبی ، ١٩٢٩ ، دەستوری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم ، بەغدا.
١٢ـ چنار سەعد عەبدولاّ ، ٢٠٠٥ ، کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشە کردنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ .
١٣ـ سەعید صدقی کابان ، ١٩٢٩ ، مختصر صرف ونحوی کوردی .
١٤ـ شێخ محەمەدی خالّ ، ١٩٧٦ ، جیزمی سێیەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد .
١٥ـ صادق بەهائەدین ئامێدی ، ١٩٨٧ ، رێزمانا کوردی کرمانجا ژۆری و ژیری یا ، چاپا یەکێ.
١٦ـ صالّح حوسێن حەسەن پشدەر ، ١٩٨٥ ، کورتەیەك لە رێزمانی کوردی ، چاپخانەی بەغدا.
١٧ـ عەبدولاّ حوسێن ڕەسول ، ٢٠٠٦ ، پوختەیەکی وردی ڕستە سازی کوردی ، چاپی دووەم ، هەولێر .
١٨ـ عەبدولاّ عەزیز موحەمەد ، ١٩٩٠ ، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردی ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین .
١٩- عەبدولرەحمان سیوەیلی(حاکم)،٢٠٠٧ هەفتەنامەی پروشە،چاوپێکەوتن،ژ١٧.
٢٠ـ عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠٠٥، ڕەهەندی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا ، چاپی یەکەم ، هەولێر - کوردستان.
٢١ـ فەتاح مامە ، ٢٠٠٧ ، لەبارەی زمانەوانیەوە ، کۆلیجی پەروەردەی بنیات ، زانکۆی سەلاّحەدین.
٢٢ـ فاروق عومەر سدیق ، ١٩٩٠ ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژ١٢٥.
٢٣ـ کوردۆیڤ ك.ك. ، ١٩٨٤ ، رێزمانی کوردی، بەکەرستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لەروسی یەوە، کوردستان موکریانی، هەولێر.
٢٤ـ لیژنەی زمان و زانستەکان،١٩٧٦، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی

كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.
٢٥ـ لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤، زمـان و ئـەدەبی كـوردی بۆپـۆلی دووەمی ناوەندی، چاپی پێنجەم.
٢٦ـ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥ ، زمان و ئەدەبی كوردی ، بۆپـۆلی شەشەمی ناوەندی، چاپی دووەم.
٢٧ـ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٧، زمان و ئەدەبی كـوردی، بۆپـۆلی یەكەمی ناوەندی، چاپی یەكەم.
٢٨ـ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٨، زمان و ئەدەبی كـوردی، بۆپـۆلی دەهەمی ئامادەیی، چاپی دووەم.
٢٩ـ محسن عەبدالرحمان ، ٢٠٠٢ ، ئادار ، گۆڤاری مەتین ، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانی ، ژ١٢٢.
٣٠ـ محمەد مەعروف فەتاح ، ١٩٩٠ ، زمانەوانی .
٣١ـ موسڵح ئیروانی ، ٢٠٠٣ ، ئیسلام و ناسیۆ نـالیزم ، سـەرەتایەك لـەبارەی كۆمەڵناسی ئاینیەوە .
٣٢ـ نەسرین فەخری و كوردستان موكریانی ، ١٩٨٢ ، ڕێزمانی كوردی بۆ پۆلی یەكەمی بەشی زمانی كوردی زانكۆی صەلاحەدین كۆلیژی ئادب.
٣٣ـ نوری عەلی ئەمین ، ١٩٦٠ ، ، ڕێزمانی كوردی .
٣٤ـ هاوكار ئیبراهیم ، ٢٠٠٨ ، نیسان گۆڤاری كۆوار، ساڵی سێیەم ، ژ ٢٨.

بەزمانی عەرەبی

١ـ ابراهيم انيس ، ١٩٧٥، دلالة الالفاظ، الطبعة الثالثة، مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة.
٢ـ احمد مختار عمر، ١٩٨٢، علم الدلالة، جامعة الكويت، مكتبة دار العروبة.
٣ـ اميمة علي خان، ١٩٧٠ ، علم النفس، كلية البنات، جامعة بغـداد، مطبعـة العاني، بغداد.
٤ـ اوتوكلينبرغ، ١٩٦٧، علم النفس، الاجتماعي،ترجمة حافض الجمالي الطبعـة الثانية، دارمكتبة الحيات، بيروت.
٥ـ برنهارت، ١٩٨٤، علم النفس في حياتنا العلمية، ترجمة ابراهيم عبدالله محسن،

الطبعة الرابعة، بغداد.
٦ـ جلوريا ج- بوردن، كاثرين س.هارس، لورانس ج. رافائيل، ١٩٩٨، اساسيات علم الكلام، ترجمة محي الدين حميدي، الطبعة الاولى.
٧ـ جورج مونان، ١٩٨١ ، مفاتيح الالسنية، ترجمة طيب بكوش، تقديم صالح قرمادي، تونس.
٨ـ جون لاينز، ١٩٦٨، علم الدلالة، ترجمة، مجيد عبدالحليم الماشطة ١٩٨٠، كلية الاداب، جامعة البصرة.
٩ـ حاكم مالك لعيبي ، ١٩٨٠، الترادف في اللغة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة الدراسات ( ٢٢١ )، بغداد.
١٠ـ ستيفن أولمان ،١٩٨٦، دور الكلمة في اللغة، ترجمة كمال محمد بشير، الطبعة العاشرة، مكتبة الشباب.
١١ـ طلعت منصور ،انور شرقاوي ،عادل عزالدين، فاروق ابو عوف، ١٩٨٤ ، اسس علم النفس العام، كلية تربية، جامعة عين الشمس.
١٢ـ عبد الرحمان محمد عيسوي، ١٩٧٢، معالم علم النفس، دار المطبوعات الجامعية.
١٣ـ عبدالصبور شاهين، ١٩٨٠ ، في العلم اللغة العام ، الطبعة الثالثة.
١٤ـ عزيز حنا داود - ناظم هاشم العبيدي، ١٩٩٠ ، علم النفس الشخصية ، مطابع تعليم العالي، الموصل.
١٥ـ علي زيعور، ب- ت، التحليل النفسي للذات، دار الطليعة، بيروت.
١٦ـ فاخر عاقل، ١٩٨٧ ، أصول علم النفس وتطبيقاته، دار العلم للعلاين، بيروت.
١٧ـ فوزية العطية، ١٩٩٢، المدخل الى دراسة علم النفس الاجتماعي، كلية الاداب، جامعة بغداد
١٨ـ كوردستان موكرياني، ١٩٨٩ ، قواعد اللغة الكردية، بغداد.
١٩ـ محمد أحمد ابوالفرج ، ١٩٦٦ ، فقه اللغة،الطبعة الاولى، بيروت.
٢٠ـ محمد بني يونس، ٢٠٠٤ ، مبادئ علم النفس، الطبعة العربية الاولى..
٢١ـ محمد علي ابوحمدة، ١٩٨١ ، فن الكتابة والتعبير، جمعية عمال المطابع التعاونية، الطبعة الاولى، الاردن.

٢٢ـ محمد علي الخولى ، ١٩٩١ ، معجم علم اللغة النظري ، (انكليزي- عربـي)، بيروت ، لبنان.
٢٣ـ منقـور عبـدالجليل ، ٢٠٠١، علـم الدلالـة ، اصـولة و مباحثـة فـى الـتراث العربي ، ديمشق.
٢٤ـ موريس ابو ناصر ، ١٩٨٢ ، مـدخل الى علـم الدلـة الاْلـسنى، مجلـة الفكـر العربي المعاصر ، عدد(١٨- ١٩)بيروت.
٢٥ـ موفق حمداني ، ١٩٨٢، اللغة و علم النفس، كلية الاداب، جامعة بغداد.
٢٦ـ نبيهة صالح صالح الـسامرائي ، عثمـان علـي امـيمن ، ٢٠٠٢ ، مقدمـة في علم النفس.
٢٧ـ نوال محمد عطية ، ١٩٧٥ ، علم النفس اللغوي ، كلية التربية ، جامعة عـين شمس ، الطبعة الاولى.
٢٨ـ نور الهدى لوشن ، ١٩٩٥ ، علم الدلالة ، دراسة و تطبيقا، الطبعة الاولى ، بنغازي ، ليبيا.

**به زمانی ئینگلیزی**

١- Hartmann,rr.,ARTMANN،RR.K & STORKF .C ((Dictionary of Language and lingustice)) APPLIED SCIENCE PUPLISHERS (Redunclancy)
٢- LEECH، CTEOFFREY، ١٩٧٤ ، SEMANTICS ،PELIAN .
٣- LYONS.J،١٩٧٧، ((Sementics))CAMBRIDGE UNIVERSITY,PRESS,LONDON & NEW YORK

# هەندێ لایەنی سینتاکسی لە شێوەزاری ڕواندز

بەشی دووەم و کۆتایی

رازاو رەشید سەبری
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین

**بەندی دووەم:ـ راناوی کەسی لکاو**

**ـ راناوە لکاوەکان و تایبەتمەندییەکان لە شێوەزاری ڕواندز:**

راناوە لکاوەکان لە شێوەزاری ڕواندز دوو کۆمەڵن وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا روونی دەکەینەوە:

| ژمارە | کەس | سەربەخۆ | لکاو کۆمەڵەی (A) کۆمەڵەی (B) | |
|---|---|---|---|---|
| تاك | یەکەم | ئەمن (من) | م | م |
| | دووەم | ئەتو (تۆ) | ت | ی |
| | سێیەم | ئەو | ی | ی (یت)<br>ا (ات)<br>........ |
| | یەکەم | ئەمە (ئێمە) | ن | ین |
| کۆ | دووەم | ئەنگۆ (ئێوە) | و | ن |
| | سێیەم | ئەوان | یان | ن |

**خشتەی ژمارە (٢)**

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم راناوانە:
١ـ یەکێك لە تایبەتییەکانی کۆمەڵەی (A) راناوە لکاوەکان واتە کۆمەڵەی (م، ت، ی، ن، و، یان) ئەوەیە شوێنیان لە ڕستەدا ئەگۆڕێ بەپێی قاڵبی ڕستەکە. واتە راناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A) لە ڕستەدا شوێنێکی چەسپاویان نییە، دەتوانین شوێنەکانیان بەپێی ئەم مەڵبەندانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین.
١ـ مەڵبەندی بەرکاری راستەوخۆ: ئەگەر ڕستەکە بەرکاری راستەوخۆی هەبوو راناوی لکاو بەمەوە دەلکێ. وەکو:
ئەمە گور ـ ن لۆ ئازادی ئەڕواند. (ئێمە گوڵ ـ مان بۆ ئازاد دەڕواند.)
٢ـ مەڵبەندی بەرکاری ناراستەوخۆ: کەی بەرکاری راستەوخۆ لە ڕستەکەدا نەبوو ئەوا راناوە لکاوەکە بە بەرکاری ناراستەوخۆوە دەلکێ. وەکو:
ئەمە لۆ ئازادی ـ ن ئەڕواند. (ئێمە بۆ ئازاد ـ مان دەڕواند.)
٣ـ مەڵبەندی ئامرازی پەیوەندی: کەی ڕستە بەرکاری ناراستەوخۆشی نەبوو ئەوا راناوە لکاوەکە بە ئامرازە پەیوەندییەکە دەلکێت. وەکو:
ئەمە لۆ ـ ن ئەڕواند. (ئێمە بۆ ـ مان دەڕواند.)
٤ـ مەڵبەندی پێشگر: کاتێك کە ئامرازی پەیوەندی لابردرێت، ئەوا راناوە لکاوەکە بە پێشگرەوە دەلکێت. وەکو:
ئەمە ئە ـ ن ڕواند. (ئێمە دە ـ مان ڕواند.)
٥ـ مەڵبەندی قەدی کار: کە پێشگریش نەبوو ئەوا راناوە لکاوەکە بە قەدی کارەکەوە دەلکێت وەکو:
ئەمە نارد ـ ن. (ئێمە نارد ـ مان.)
کەواتە راناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی A بەسەرەتای ئەم بەشانەی ڕستەوە دەلکێن بەم ریزە:
١ـ بەرکاری راستەوخۆ
٢ـ بەرکاری ناراستەوخۆ
٣ـ ئامرازی پەیوەندی
٤ـ پێشگر
٥ـ قەدی کار )... یاسای ژمارە (١).

ب ـ تایبەتییەکی تر بریتییە لەوەی راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی (A) بەکارەوە نالکێت، بەڵکو هەمیشە دەچێتەسەر راناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاك و بە (ئەو) دەلکێت، چونکە دەکەوێتە دۆخەوە.
ج ـ راناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A) دەتوانین پێشیان بڵێین راناوەکانی خاوەنێتی، چونکە سەرباری رێکەوتن ئەرکی خاوەنێتیش ئەنجام دەدەن.
د ـ (راناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (B) هەمیشە بەرەگی کارەوە دەلکێن) یاسای ژمارە (٢) (١).

ئەرکی راناوە لکاوەکان

أ ـ ئەرکی بەرکار

١ـ بەرکاری راستەوخۆ

٢ـ بەرکاری ناراستەوخۆ

ب ـ ئەرکی خاوەنێتی.

أ ـ ئەرکی رێکەوتن لە نێوان بکەرو کاردا:

ئەو راناوە لکاوانە هەموویان ئەرکی رێکەوتن لە نێوان بکەرو کاردا دەبینن. واتە بکەر و کار لەکەس و ژمارەدا رێك دەکەون واتە کاری رستە هەر جۆرێك بێت (رابردوو، داهاتوو) بکەر یان نیهادی رستە بەپێی کەس و ژمارەی خۆی راناوەێکی لکاو لە یەکێك لەم دوو کۆمەڵەیە هەڵدەبژێرێت و دەیدات بە گوزارە یان کاری رستە. وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا چۆنییەتی دەرکەوتنی راناوی لکاو لەگەڵ کاردا بۆ دەربڕینی رێکەوتن روون دەبێتەوە:

| کار | تێپەڕ | |
|---|---|---|
| رابردوو | (A) | (B) * (کەسی سێیەمی تاك)ە. |
| داهاتوو | (B) (کەسی سێیەمی تاك: ا(ات) / ی (یت) ) دەبێت. | |

**خشتەی ژمارە (٣)**

* لە کۆمەڵەی (B) دا راناوی لکـاوی (کەسـی سـێیەمی تـاك)ە لەگـەڵ کـاری رابردووی تێنەپەڕدا.

* لەکۆمەڵەی (B) دا راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تـاك (ا(ات) یـان ی(یـت) )ە.

کەواتە ئەگەر کارەکە رابردووی تێپەڕبوو کۆمەڵەی A وەردەگرێت. وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ئەمن | | م |
| ئەتو | | ت |
| ئەو*ی | | |
| | برد | |
| ئەمە | | ن |
| ئەنگۆ | | و |
| ئەوان | | یان |

* یەکێك لە تایبەتییەکانی راناوە لکاوەکـان لـەم شـێوە زارەدا ئەوەیـە رانـاوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕدا شوێن گۆڕکێ دەکـات لەگەڵ بکەردا چونکە دەکەوێتە دۆخەوە. واتە ئەگەر بکەر کەسێکی نێر بێت ئەوا نیـشانەی دۆخـی (ی) وەردەگرێـت، ئەگـەر مـێ بێـت نیـشانەی دۆخـی (ێ) وەردەگرێت. واتە ئەو کاتە راناوە لکاوەکە ناچێتە سـەر کارەکـە بـەڵکو دەچـێتە سەر بکەر.

ئەگەر کارەکە رابـردووی تێنەپـەڕبێت، بـۆ دەربڕینـی رێکـەوتن لەگـەڵ بکـەردا کۆمەڵەی (B) وەردەگرێت. (راناوی کەسی سێیەمی تاك )ە. وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ئەمن | | م |
| ئەتو | | ی |
| ئەو | | - |
| ئەمە | نوست | ین |
| ئەنگۆ | | ن |
| ئەوان | | ن |

هەروەها ئەگەر کارەکە لەداهاتوودا بوو، تێپەڕبێت یان تێنەپەڕ بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەردا کۆمەڵەی (B) وەردەگرێت، راناوی کەسی سێیەمی تاك ا(ات) یان ی (یت) دەبێت وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ئەمن | | م |
| ئەتو | | ی |
| ئەو | | (ا"ات"یان ی"یت") (٢) |
| ئەمە | ئەبە | ین |
| ئەنگۆ | ئەنوو | ن |
| ئەوان | | ن |

"راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی سێیەم خۆی بە (ات) یان (ێت) دەرئەخا. ئەگەر ڕەگی کاتی داهاتووی فرمانەکە بە (ۆ) یان (ـە) کۆتایی هاتبێت ئەوا راناوە لکاوەکە قالبی (ات) ئەگرێتەخۆ، دوای ئەوەی (ۆ) ئەبێ بە (و)ی کۆنستانت و (ـە) ئەتوێتەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگ | ۆ | و | |
| | ـە | ∅ | +ات |

من ئەخۆم ـ ئەو ئەخوات. من ئەکەم ـ ئەو ئەکات

لەهەموو حاڵەتێکی تردا راناوەکە خۆی بە (ێت) دەرئەخا
ئەو ئەمرێت.
ئەو ئەچێت. ئەو ئەنووێت. .... تاد"(٣)
بۆ هەڵبژاردنی راناوی لکاو بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن سەیری خشتەی ژمارە (٣) دەکەین، بەپێی کات و جۆری کارەکە کۆمەڵەکە دەست نیشان دەکەین پاشان و ژمارەی بکەرەکە و بەیارمەتی خشتەی ژمارە (٢) راناوەکان دەدۆزینەوە. بۆ نموونە:
ئەنگۆ برد ـ

(برد) گە قەدی رابردووە، لەڕووی جۆرەوە تێپەڕە بەپێی خشتەی ژمارە (٣) پێویستە راناوی لکاو لە کۆمەڵەی (A) ەوە وەربگرێت، (ئەنگۆ) کە بکەرە، کەسی دووەمی کۆیە، بەرامبەرەکەی لە خشتەی ژمارە (٢) دا (و)ە بەرەگی کارەکەوە دەلکێت و ڕستەکە دەبێت بە: ئەنگۆ ناردو (ئێوە ناردتان).

ئەتوو ئەنوو-

(نوو) رەگی داهاتووی (نووستن)ە. لەڕووی جۆرەوە تێنەپەڕە، لەڕووی کاتەوە داهاتووە بەهۆی خشتەی ژمارە (٣) پێویستە راناوی لکاو لەکۆمەڵەی (B) ەوە وەربگرێت. (ئەتو) کە بکەرە لە کەسی دووەمی تاکدایە، بەرامبەرەکەی لە خشتەی ژمارە (٢)دا (ی)ە، ڕستەکە دەبێت بە:

ئەتوو ئەنووی. (تۆ دەنوویت.)

ب - ئەرکی بەرکار:

راناوە لکاوەکان جگە لە ئەرکی (بکەری)، ئەرکی (بەرکار)یش دەبینن. بەرکار بەهەردوو جۆرییەوە (بەرکاری راستەوخۆ و بەرکاری ناراستەوخۆ) ئەشێ بە راناوێکی لکاو جێگیر بکرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

- کۆمەڵەی (A) کە ئەرکی (بکەری) لەرابردوودا دەبنێت، ئەرکی (بەرکاری) لە داهاتوودا دەبینێت.

- کۆمەڵەی (B) کە ئەرکی (بکەری) لەداهاتوودا دەبنێت، ئەرکی (بەرکاری) لەرابردوودا دەبنێت. واتە:

(بکەر) لە کۆمەڵەی (A)
ئەگەر کارەکە رابردوو بوو                دەبێت
(بەرکار) لە کۆمەڵەی (B)

(بکەر) لە کۆمەڵەی (B)
ئەگەر کارەکە داهاتوو بوو                دەبێت.
(بەرکار) لە کۆمەڵەی (A)

١- بەرکاری راستەوخۆ: بۆ جێگیرکردنی بەرکاری راستەوخۆ بە راناوێکی لکاو ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو دەکەین.

ئەوان ئەمن - یان لۆ تو نارد.

(ئەوان من ـ یان بۆ تۆ نارد.)

١ـ ئەو راناوە لکاوەی کە ئەرکی رێکەوتن واتا (بکەری) بینیوە لە چ کۆمەڵێك بێت، بۆ (بەرکاری) روو لە کۆمەڵەکەی تر دەکەین، لێرەدا راناوی لکاوی (یان) ئەرکی بکەری بینیوە لە کۆمەڵەی (A)ە. بۆ بەرکار دەبێت روو لە (B) بکەین.

٢ـ بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارە راستەوخۆکە بە یارمەتی خشتەی ژمارە (٢) راناوێکی لکاو هەڵدەبژێرین. لێرەدا (ئەمن) لە کەسی یەکەمی تاکدایە بەپێی خشتەی ژمارە (٢) لە کۆمەڵەی (B) دا بەرامبەرەکەی (م)ە. ئەم (م)ە شوێنی بەرکاری راستەوخۆی (ئەمن) دەگرێت.

٣ـ بەپێی یاسای ژمارە (١)، (یان) کە لە کۆمەڵەی (A) دا دوای لابردنی بەرکاری راستەوخۆ بە بەرکاری ناراستەوخۆوە دەلکێت، بەپێی یاسای ژمارە (٢) راناوی لکاوی کۆمەڵەی (B) هەمیشە بەڕەگی کارەوە دەلکێن. بەم جۆرە ڕستە کە ئاوای لێدێت:

ئەوان ئەمن ـ یان لۆ تو نارد.

B A یاسای ژمارە (١)

م یاسای ژمارە (٢)

ئەوان لۆ تو ـ یان نارد ـ م.

(ئەوان بۆ تۆ ـ یان نارد ـ م.)

ئەگەر کارەکە داهاتوو بێت وەکو:

ئەمە ئەتو لۆ ئەوی ئەنێرین. (ئێمە تۆ بۆ ئەو دەنێرین.)

ئەمە لۆ ئەوی ـ ت ئەنێرین

(ئێمە بۆ ئەو ـ ت دەنێرین.)

٢ـ بەرکاری ناراستەخۆ: بۆ جێگیرکردنی بەرکاری ناراستەوخۆ بەراناوێکی لکاو هەمان ئەو خاڵانەی پێشوو رەچاو دەکەین.

ـ ئەگەر کاری ڕستەکە رابردوو بێت وەکو:

ئەوان ئەمن ـ یان لۆ تو نارد. (ئەوان من ـ یان بۆ تۆ نارد.)

ئەوان ئەمن ـ یان لۆ نارد ـ ی (ئەوان منیان بۆ نارد ـ یت.)

ـ ئەگەر کاری ڕستەکە داهاتووبێت وەکو:

ئەمە ئەتو لۆ ئەوی ئەنێرین. (ئێمە تۆ بۆ ئەو دەنێرین.)

ئەمە ئەتو ـ ی لۆ ئەنێرین. (ئێمە تۆ ـ ی بۆ دەنێرین.)
ئەگــەر بــەرکاری ناراســتەوخۆ بــەراناوێکی لکــاو جــێگیر بکرێــت، ئــامرازە پەیوەندییەکانی (بە/ لە) گۆڕانیان بەسەر دێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

بە ——— پێ

لە ——— لێ

ئەمە قسەکەی بە تو ئەرێین. (ئێمە قسەکە بەتۆ دەڵێین.)
ئەمە قسەکە ـ ت پێ ئەرێین. (ئێمە قسەکە ـ ت پێ دەڵێین.)
ئەتو کتابەکانت لەوان وەرگرت. (تۆ کتێبەکانت لە ئەوان وەرگرت.)
ئەتو کتابەکانت لێ وەرگرت ـ ن. (تۆ کتێبەکانت لێ وەرگرتن.)
ج ـ ئەرکی خاوەنێتی: ناوی خاوەن دەتوانرێت بــەراناوێکی لکــاو جــێگیر بکرێــت وەکو:
ئەتو کراسێ منت فرۆشت. (تۆ کراسەکەی منت فرۆشت.)
ئەتو کراست فرۆشت ـ م. (تۆ کراسەکەت فرۆشتم.)
* تێبینی: (ێ) کە نیشانەی دۆخەو چۆتە ســەر نــاوی (کــراس)، دوای لاچــوونی ناوی خاوەن (من)، دورەکەی نامێنێ و لادەچێت.
٤ـ وان: کورتکراوەی (ئەوان)ە، لەبەر ئەوەی (لە) لەپێش (ئە) هاتووە بۆیە (ئــە) نەماوە.
(٥) لەشــێوەزاری ڕوانــدز زۆرجــار نیــشانەی ناســیاوی (ەکــە) لەگــەڵ نــاودا بەکارناهێنرێت، ئەمەش بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە نیشانەی دۆخی وەرگرتبێت.

**دۆخ لە شێوەزاری ڕواندز**

لە شێوەزاری ڕواندز مۆرفیمی دۆخ لەگەڵ چەند کەرەستەیەکی ڕستەدا ـ سەرەکی بێت یان ناسەرەکی ـ دەردەکەوێت. ئەمــەش لەچــەندین دۆخــی جیــاوازی وەکــو دۆخی ڕاستەوخۆ، تیــان (ناراســتەوخۆ)، دۆخــی بــانگکردن، دۆخــی خــستنەسەر (الاضافة). لەم باسەدا زیاتر جەخت دەخەینە سەر مۆرفیمی نێرو مــێ، ئەمــەش بەزۆری لەدۆخی تیان و بانگکردن و خستنەسەردا بەدەردەکەوێت، لێرەدا زۆر باس لە دۆخی ڕاستەوخۆ ناکەین، چونکە دۆخی ڕاســتەوخۆ" ئــەو دۆخەیــە کــە هــیچ نیشانەیەکی دۆخی پێوە نالکێت و هیچ ئامرازێکی سینتاکسیش لەگەڵیدا بــەکار نایەت.(١)

کەواتە تەنیا لەو کاتەدا باس لەدۆخی راستەوخۆ دەکەین، کە کەرەستەکە لەدۆخەکانی تردا نەبێت و مۆرفیمی نێر و مێ یان هەر مۆرفیمێکی تری دۆخ وەرنەگرێت بۆ زیاتر روونکردنەوەی دۆخ لەشێوەزاری رواندز، ئەو کەرەستەو دۆخانە دەست نیشان دەکەین کە مۆرفیمی نێرو مێ یان هەر مۆرفیمێکی تری دۆخیان لەگەڵدا دەردەکەوێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بکەر: بکەری ڕستە مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، لەشێوە مۆرفیمی (ی) بۆ رەگەزی نێرو (ێ) بۆ رەگەزی مێ، بەمەرجێك ئەگەر کاری ڕستەکە رابردووی تێپەڕبێت.

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا روون دەبێتەوە:

بۆ نێر: سەرباز ی نان خوارد.

(سەرباز نانی خوارد.)

بۆمێ: نەسرینێ نان خوارد

(نەسرین نانی خوارد.)

بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە بوو بە رابردووی تێنەپەڕ یان رانەبردووی ئەوا بکەری ڕستە مۆرفیمی دۆخ بۆ نێرو مێ وەرناگرێت.

بەڵکو ئەوکاتە بکەرەکە دەوری دۆخی راستەوخۆ دەبنێت لە شێوەی تاك و کۆ.

"لە شێوەی تاك و کۆی دۆخی راستەوخۆ لەدیالێکتی ژووروو و چەند بەشە دیالیکتی خوارووودا تەنێ ناو بەشدرای دەکات. ناو لەدۆخی راستەوخۆدا ئەرکی نیهادو بکەر دەگێڕێ لەڕستەدا"(٢) وەکو:

تاك بۆ نێرومێ: ژنەك هات.

پیاوەك هات.

(ژنێك / پیاوێك هات.)

کۆ بۆ نێرو مێ : ژن هاتن.

پیاو هاتن.

(ژنان / پیاوان هاتن.)

کاتێك کە کاری ڕستەکە رانەبردوو بێت وەکو:

ئازاد دێت. نەسرین دێت.

بەڵام ئەگەر هاتوو بکەر ناوێکی مێینە بوو کە دەنگی (ا) کۆتایی هاتبێت، کاری ڕستەکەش رابردووی تێپەڕبێت ئەوا بکەرەکە مۆرفیمی دۆخی مێ کە (ێ)یە

وەرناگرێت بەڵکو ئەو کاتە وەکو نێر مۆرفیمی (ی) وەردەگرێت وەکو:
رۆشنای نان خوارد. (رۆشنا نانی خوارد.)
بەرکار: ــ ١ ـ بەرکاری راستەوخۆ: بەرکار بەشێکی سەربەخۆی ناسەرەکی ڕستەیە، کە هەمیشە گوزارەی بەشی سەرەکی ڕستە دەگرێتەوە، بەرکار بەگشتی بریتی دەبێت لەنێو، جێ نێو، ئاوەڵنێو، لەڕووی داڕشتنی سینتاکسەوە راستەوخۆ و تیانە، لەوانە بەرکار بریتی بێت لە تاکە وشەیەك یان چەند وشەیەك"(٣)

**دۆخی سینتاکسی بەرکار**

بەرکار لەهەر چ جۆرە بەشێکی ئاخاوتن بێت لەنێو، جێ نێو، ئاوەڵنێو، ئەوا دوو دۆخی سینتاکسی دەبێت، دۆخی راستەوخۆ و دۆخی تیان. لەدۆخی راستەوخۆدا هیچ نیشانەیەکی دۆخی پێوە نالکێت و هیچ ئامرازێکی سینتاکسیشی لەگەڵدا بەکار نایەت هەروەك لەلاپەڕە دوودا ئاماژەمان بۆ کرد. بەڵام لەدۆخی تیاندا نیشانەی تایبەتی ئەم دۆخە لەکۆتایی بەرکاردا بەدی دەکرێت کە بەپێی رەگەزەکە دەگۆڕێت. "دۆخی تیان لەباری تاکدا وەنەبێ تایبەت بێت بەهەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە، ئەم دۆخە لە دیالیکتی کرمانجیدا چەسپیوترو زێترە، تا لەکرمانجی خواروودا، دۆخی تیان لە چەند بەشە دیالیکتێکی کرمانجی خواروودا بەرچاو دەکەوێت کە ئەمانەن: (موکری، بنگرد، هەولێر و رواندز) ئەم نیشانانەی لەو بەشە دیالێکتانەدا بەکاردێت، لە دیالێکتی کرمانجی ژووروشدا هەیە، لە دیالێکتی ژووروودا دۆخی تیانی تاك کۆتایی بە نیشانەی دۆخی تیان دێ، کە ئەویش (ێ)یە ئەمەش کاتێك کە ناوەکە رەسەنی مێ بوو (ی) دەبێ کە ناوەکە رەسەنی نێربوو"(٤).

**أ ـ ناو لەدەوری بەرکاردا:**

کاتێك کە ناو رۆڵی بەرکار دەبینێت، نیشانەی دۆخی تیان وەردەگرێت، مۆرفیمی (ی) بۆ رەگەزی نێرو، مۆرفیمی (ێ) بۆ رەگەزی (مێ) وەکو:
ئەمن چالاکی ئەبینم. (من چالاك دەبینم.)
ئەمن رازاوێ ئەبینم. (من رازاو دەبینم.)
ئەمەش کاتێك کە ناوەکە ناوی کەسان بێت و کارەکەش رانەبردوو بێت. بەڵام ئەگەر بەرکارەکە بەهۆی مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) یان بەهۆی راناوێکی نیشانەوە (کە وەك دیار خەریك چووبێتە پێش بەرکارەکە) ناسراو کرابێت، ئەوا مۆرفیمی

دۆخ بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ (ی) دەبێت وەك لـەم نموونانـەی لای خـوارەوە دەردەكەوێت:

ئەمن كوڕەكەی ئەبینم. (من كوڕەكە دەبینم.)

ئەمن كیژەكە ئەبینم. (من كچەكە دەبینم.)

دەبێ كراسەكەی بشۆم. (ئەبێ كراسەكەی بشۆم.)

ئەو خانییەی ئەفرۆشم. (ئەو خانووە دەفرۆشم.)

كەواتە بەركاری كاری رابردوو مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێـت. ئەگـەر هـاتوو ناسـراو بێت یان نەناسراو وەكو:

ئەمن كراسەكەم دووری. (من كراسەكەم دووری.)

ئەمن ئازادم نارد. (من ئازادم نارد.)

ئەمن كتابەكم كڕی. (من كتێبێكم كڕی.)

ئەنگۆ كراسو دووری؟ (ئێوە كراستان دووری؟)

**ب ـ راناو لە دەووری بەركاردا:**

هەندێ لەراناوەكانی زمانی كوردی رۆڵی بـەركار دەگێـڕن لـەدۆخی راسـتەوخۆ و تیانیشدا دەبن وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا روون دەبێتەوە:

راناوی كەسی سەبەخۆ: ئازاد ئەوی ئەنێری. (ئازاد ئەو دەنێرێ.)

نەسرین ئەوێ ئەنێرێ. (نەسرین ئەو دەنێرێ.)

راناوی نیشانە: ئەتو ئەوەی ئەزانی؟ (تۆ ئەوە ئەزانی؟)

راناوی دیار: ئەنگۆ گەلەكی ئەزانن. (ئێوە گەلێك دەزانن.)

(نەسرین گەلەكێ ئەزانی. (نەسرین گەلێك دەزانێ.)

راناوی پرسیار: ئازاد كی ئەناسی لێرە؟ نەسرین كێ ئەناسی لێرە؟

**ج ـ ئاوەڵناو لەدەووری بەركاردا:**

ئاوەڵناویش وەكـو بەشـەكانی تـری ئاخـاوتن دەتوانێـت دەوری بـەركار ببینێـت لەڕستەدا: "شوێنی ئەو بەركاری بریتییە لە ئاوەڵنـاو هەمیـشە دەكەوێتـە پـێش گوزارەوە و لەدۆخی راستەوخۆشدا دەبێت" (٥) وەكو:

نازدارێ شیوەكی چاك لێنا. (نازدار چێشتێكی چاكی لێنا.)

ئازاد كراسەكەی نوكڕی. (ئازاد كراسێكی نوێی كڕی.)

دۆخی تیان لەباری كۆدا نیشانەی (ا) یە لەشێوەزاری ڕوانـدز وەك ئـەم نموونانـەی

لای خوارەوە روون دەبێتەوە:
نازدار جلكا ئەشوات. (نازدار جلەكان دەشوات.)
ئازاد مندارا ئەبات. (ئازاد منداڵان دەبات.)

**٢ـ بەركاری ناراستەوخۆ:**

لەشێوەزاری ڕواندز ئەو ناوەی كە دەبێتە بەركاری ناراستەوخۆ لەرێگەی ئامرازە پەیوەندییەكانی وەكو (لۆ، بە، لە) دەكەوێتە دۆخەوە، مۆرفیمی دۆخیش لێرەدا دیسان (ی) بۆ رەگەزی نێر و (ێ) بۆ رەگەزی مێ بە كۆتایی بەركارە ناراستەوخۆكەوە دەلكێن وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا روون دەبێتەوە:
بۆ نێر: نامەت لۆ باوی نارد؟ (نامەت بۆ باوكت نارد؟)
بۆ مێ: نامەت لۆ داكێ نارد؟ (نامەت بۆ دایكت نارد؟)
مێ: ئەو لۆ ژنێ ئەپاڕێتۆوە. (ئەو بۆ ژنی دەپاڕێتەوە؟)
نێر: نەسرین لۆ مێردی ئەپاڕێتۆوە. (نەسرین بۆ مێردی دەپاڕێتەوە.)
بۆ مێ: چیرۆكەكەی بە نەسرینێ ئەنووسم. (چیرۆكەكە بە نەسرین دەنووسم.)
بۆ نێر: كتابی لەسەرداری وەرمەگرە. (كتێب لەسەردار وەرمەگرە.)
دیارخراو:

بە بەشێكی سەرەكی دادەنرێت لەرستەدا و ناتوانرێت لەرستەدا لابردرێت. دیارخراو كاتێك كە دیارخەری لەدوادا بێت، جا ئەگەر دیارخەر هەر چ بەشێكی ئاخاوتنی وەكو ناو، جێ ناو، ئاوەڵناو، ... تاد بێت. هەمیشە بەهۆی ئامرازی خستنەسەرەوە بەیەكەوە دەلكێن. لەشێوەزاری ڕواندز ئەو ئامرازانە كە بەكاردێن (رەگەزن) بەجۆرێك ئامرازی (ا) بۆ رەگەزی مێ و (ێ، یێ) بۆ رەگەزی نێر، ئەمەش لە حاڵەتی تاك واتە ئەگەر دیارخراو تاك بێت. بەڵام لەحاڵەتی كۆدا ئامرازی (ینە) بۆ كۆی نێرو مێ بەكاردێت.

**١ـ ئەگەر دیارخەر ناوبێت:**

تاكی نێر: باوێ ئازادی پیاوەكی باشە. (باوكی ئازد پیاوەكی باشە.)
برایێ نەسرینێ ئەندازیارە. (برای نەسرین ئەندازیارە.)
كۆی نێر: براێنە شەرمینێ ئەندازیارن. (برایەكان / برایانی شەرمین ئەندازیارن.)
تاكی مێ: داكا ئازادی نانكەرە. (دایكی ئازاد نانكەرە.)
كۆی مێ: خوشكینە ئازادی لە كولیەینە. (خوشكانی / خوشكەكانی ئازد لە

کولیەن.)

**٢ـ ئەگەر دیارخەر راناوبێت:**

کاتێك کە راناو دەووری دیارخەر دەبنێت، ئەگەر هاتوو راناوەکە کەسی سەربەخۆ یان خۆیی یان پرسیاری... تاد بێت. تەنها راناوەکە کەسی لکاو نەبێت، ئەوا دیارخراو ئامرازی رەگەز وەردەگرێت. ئامرازی (ا) بۆ مێ و ئامرازی (ێ، یێ) بۆ رەگەزی نێر وەردەگرێت هەروەها ئامرازی (ینە) بۆ کۆی نێر و مێ. وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا روون دەبێتەوە:

**راناوی کەسی سەربەخۆ:**

بۆ تاکی نێر: مامێ مە چۆ رواندزێ. (مامی ئێمە چوو بۆ رواندز.)

بۆ کۆی نێر و مێ: مامێنە مە چوونە رواندزێ. (مامەکانی ئێمە چوون بۆ رواندز.)

ژنێنە تو زۆر هارن. (ژنەکانی تۆ زۆر هارن.)

**راناوی خۆیی:**

خارێ خۆی خۆش ئەوێ. (خاڵی خۆی خۆش دەوێت.)

بۆ تاکی مێ: خوشکا خۆ بناسە. (خوشکی خۆت بناسە.)

بۆ کۆی نێر و مێ: خارێنە خۆی خۆش ئەوێن. (خاڵەکانی خۆی خۆش دەوێن.)

خوشکینە خۆ بناسە. (خوشکەکانی خۆت بناسە.)

**راناوی پرسیاری:**

تاکی نێر: (مارێ کێ لێرەیە؟ (ماڵێ کێ لێرەیە؟)

تاکی مێ: (مارا کێ لێرە؟ (ماڵی کێ لێرەیە؟)

کۆی نێرو مێ: مارێنە کێ هاتن. (ماڵەکانی / ماڵانی کێ هاتن.)

ئەگەر هاتوو دیارخەر راناوی کەسی لکاوی بێت ئەوا دیارخراو ئامرازی خستنەسەری نێر و مێ یان هەر ئامرازێکی تری رەگەز و دۆخ وەرناگرێت وەکو:

تاکی نێر: کورم هێشتا مندارە. (کوڕم هێشتا منداڵە.)

کۆی مێ: داکن دونێ ئێوارێ رۆیشت. (دایکمان دونێ ئێوارێ رۆیشت.)

ئەگەر هاتوو دیارخەر نیشانەی ناسیاوی یان نە ناسیاوی بێت ئەوا دیسان دیارخراو ئامرازی خستنەسەر بۆ رەگەزی نێرو مێ وەرناگرێت. وەکو:

ناسیاوی: چیرۆکەکەی بە نەسرینێ ئەنووسم. (چیرۆکەکە بە نەسرین ئەنووسم.)

نەناسیاوی: ئازاد مندارەکی ئازایە. (ئازاد منداڵێکی ئازایە.)
**٣ـ** ئەگەر دیارخەری ئاوەڵناو بێت: کاتێك کە ئاوەڵناو دەوری دیارخەر دەبنێت و لەدوای دیارخراوەوە دێت، ئەوا دیسان ئامرازێك دەبێتە هۆی پێکەوە بەستانی دیارخراو و دیارخەرەکە کە پێی دەڵێن ئامرازی (خستنەسەر)* کە لە شێوەزاری ڕواندز ئەم ئامرازە رەگەزەو بۆ مێ ئامرازی (ێ) یەو بۆ رەگەزی نێریش ئامرازی (ی)ە. "لەبەشە دیالێکتی بنگرد، پژدەر، هەولێر، ڕواندز ئامرازی خستنەسەری (ێ) بەو ناوانە دەلکێن کە مێن و (ی) لەگەڵ ئەو ناوانە بەکاردێن کە نێرن"(٥).
بۆ مێ: ژنێ خەراپ دەردو بەرایە. (ژنی خراپ دەردو بەڵایە.)
ئازاد خوشکێ گەورە خۆشەوێت. (ئازاد خوشکی گەورەی خۆشدەوێت.)
بۆ نێر: کوڕی زیرەك خۆشەویستە. (کوڕی زیرەك خۆشەویستە.)
بەڵام هەندێ جار ئەم دوو ئامرازە (ی، ێ) لەبری یەکتری بەکاردێن وەکو: کوڕی باش ـ کوڕێ باش ـ ماری خۆش ـ مارێ خۆش
یان هەندێ جار ئامرازی (ی) وەردەگرێت بۆ هەردوو رەگەزی نێرو مێ.
هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "کە لەزمانی کوردیدا پرۆسیسی نەمانی نیشانەی دۆخ و نیشانەی خستنەسەری نێرو مێ هەیە. نەمانی ئەم نیشانە گرنگانەی ڕێزمانی دەبێتە هۆی پەیدابوونی پرۆسیسی بێ لایەنی، جا لەدوایی ئەوەدا هۆیەکانی دەربڕینی پێوەندی دۆخی کەتیگۆڕی رەسەن و ژمارە بەیەکجاری نامێنن".

**دیارخەر:**

هەندێ بەشی ئاخاوتنی وەکو ناو، راناو، ئاوەڵناو، ژمارە... تاد. دەوری دیارخەر دەبینین لەڕستەدا. دیارخەر هەمیشە وشەیەکی تری لەگەڵدا دەبێت ـ هەروەك لەپێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد ـ ئەویش دیارخراوە. دیارخەر کاتێك لەگەڵ دیارخراودا دێت، زۆرجار مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، بەجۆرێك کە (ی) بۆ رەگەزی نێرو (ێ) بۆ رەگەزی مێ، هەندێ جاریش) تەنها مۆرفیمی دۆخی (ی) وەردەگرێت، ئەمەش کاتێك کە دیارخەرەکە ناسیاوی بێت واتە (ەکە) بێت، یان کاتێك کە دیارخەر نەناسیاوی بێت واتە (ەك) بێت وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا روون دەبێتەوە.
بۆ نێر: داکا ئازادی نەخۆشە. (دایکی ئازاد نەخۆشە.)

بۆ مێ: باوێ نەسرینێ پیاوەکی درێژە. (باوکی نەسرین پیاوێکی درێژە.)
کاتێك کە دیارخەر ناسیاوبێت:
چیرۆکەکەی بە ئازادی ئەنوسمەوە. (چیرۆکەکە بە ئازاد دەنووسمەوە.)
کاتێك دیارخەر نەناسیاوبێت:
کتابەکی چاك بکڕە.
(کتێبێکی چاك بکڕە.)

**دۆخی خستنەسەر (الاضافة):**

لەشێوەزاری ڕواندز ناو لەدۆخی خستنەسەردا مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١ـ ئەگەر ناوەکە ناوێکی نێربێت تاك یان کۆ، ئەوا نیشانەی (ێ، یێ) لەگەڵیدا بەکاردێت لەدۆخی خستنەسەردا وەکو:
نێری تاك: باوێ ئازادی مامۆستایە. (باوکی ئازاد مامۆستایە.)
برایێ نەسرینێ کەوەك گرت. (برای نەسرین کەوێکی گرت.)
نێری کۆ: براێینە تو ترسنۆکن. (برایەکانی تۆ ترسنۆکن.)

کەواتە ناوی نێر لەحاڵەتی (کۆ)شدا نیشانەی (ێ) هەر وەردەگرێت لەدۆخی خستنەسەردا.

لەشێوەزاری ڕواندز نیشانەی کۆ بریتییە لە (ینە) کە لەدۆخی خستنەسەردا دەکەوێتە دوای نیشانەی نێر.

ب ـ ئەگەر ناوەکە مێی تاك بێت، ئەوا نیشانەی (ا) لەگەڵیدا بەکاردێت لەدۆخی خستنەسەردا وەکو:
پلکا نەسرینێ نەخۆشە. (پوری نەسرین نەخۆشە.)
خوشکا تو هات. (خوشکی تۆ هات.)

بەڵام ئەگەر ناوی مێ بوو بەکۆ، بە بەکارهێنانی (ینە) کە نیشانەی کۆیە لە شێوەزاری ڕواندز، ئەوا نیشانەی ڕەگەزی مێ کە (ا) یە دەگۆڕێت بۆ (ێ) وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا روون دەبێتەوە:
خوشکێنە تو هاتن. (خوشکەکانی تۆ هاتن.)
پلکێنە نەسرینێ نەخۆشن. (پورەکانی نەسرین نەخۆشن.)

ج ـ لە شێوەزاری ڕواندز ناوە دوو لایەنەکان لەدۆخی خستنەسەردا دەتوانرێت

هەردوو نیشانەی (نێرومێ)ی لەگەڵدا بەكاربهێنرێت وەكو:
ماڵ: مارامە خۆشە. (ماڵی ئێمە خۆشە.)
مارێ مە خۆشە. (ماڵی ئێمە خۆشە.)
دەسگیران: دەسگیرانا ئازادی جوانە. (دەسگیرانی ئازاد جوانە.)
دەسگیرانێ نەسرینێ ئازایە. (دەسگیرانی نەسرین ئازایە.)

**دۆخی بانگكردن:**

لەشێوەزاری ڕواندز ناو لەدۆخی بانگكردندا نیشانەی رەگەزی نێرو مێ وەردەگرێت لەباری تاكدا بەجۆرێك نیشانەی (ێ) بۆ رەگەزی مێ، نیشانەی (ە) بۆ رەگەزی نێر وەكو:
بۆ مێ: كچێ وەرە دانیشە.
بۆ نێر: كوڕە هەندەی مەخۆ. (كوڕە هێندە مەخۆ.)
نیشانەكانی دۆخی بانگكردن، كە لەباری تاكدا بەكاردێن (ێ، ە، ۆ) رۆڵێكی ریزمانی دیكەشیان هەیە كە داڕشتنی ناوی تایبەتییە. (ێ) بۆ داڕشتنی ناوی تایبەتی رەگەزی مێیە، (ۆ) بۆ داڕشتنی ناوی رەگەزی نێر:
نازی تایبەتی رەگەزی نێر:
مستۆ لە مستەفا
تەمۆ لە تەمر
رەشۆ لە رەشید داڕێژراوە.
ناوی تایبەتی رەگەزی مێ:
عەیشێ لە عائیشە
فاتێ لە فاتیمە
خەجێ لە خەدیجە داڕێژراوە.
هەروەها نیشانەی دۆخی بانگكردن (ە) لە شێوەزاری ڕواندز ناوی نێرو مێ دادەڕێژێ. وەكو:
خلە لە خدر
قالە لە قادر
مچە لە مستەفا
حەمە لە حەمید و محەمەد

فاتە لە فاتێ
خازە لە خەزال

**ئەنجام:**

١ـ لەشێوەزاری رواندزدا یەك دەستە راناوی کەسی سەربەخۆ هەیە، کە ئەرکی (بکەر، جێگری بکەر، بەرکار) لەڕستەدا دەبینین، لەگەڵ هەموو دەمەکانی کاری رابردوو و رانەبردوو لەشێوازی ڕاگەیاندن و دانانیدا بەکاردێن، بەڵام راناوی کەسی سێیەمی تاك کاتێك کە ئەرکی بکەرو بەرکار دەبینێت، دەکەوێتە دۆخەوە لەهەندێ کاتدا.

٢ـ دوو کۆمەڵە راناوی کەسی لکاو هەیە لەم زارەدا کە بەپێی جۆری کارەکە ئەرکی (رێکەوتن لەنێوان بکەرو کاردا، بەرکار، خاوەنێتی) دەبینن. هەروەها لەشێوەزاری ڕواندز راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی (A) بەکارەوە نالکێت، بەڵکو هەمیشە دەچێتەسەر راناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاك و بە (ئەو) دەلکێت، چونکە دەکەوێتە دۆخەوە.

٣ـ لە شێوەزاری ڕواندز مۆرفیمی دۆخ لەگەڵ چەند کەرەستەیەکی ڕستەدا دەردەکەوێت وەك (بکەر، بەرکار، دیارخەر) بەجۆرێك نیشانەی (ێ) بۆ رەگەزی مێ، نیشانەی (ی) بۆ رەگەزی نێر بەکاردێت.

ناو لە ئەرکی دیارخراودا، ناو لەدۆخی خستنەسەردا مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت بەجۆرێك (ێ، یێ) بۆ رەگەزی نێر، (ا) بۆ رەگەزی مێ بەکاردەهێنرێت.

ناو لەدۆخی بانگکردندا نیشانەی رەگەزی نێرومێ وەردەگرێت بەجۆرێك نیشانەی (ێ) بۆ رەگەزی مێ، نیشانەی (ە) بۆ رەگەزی نێر.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

**١ـ** د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە لەزمانی کوردیدا، لاپەڕە ١١٦ ـ ١١٧.

٢- پرۆفیسۆر ك، ك، کوردۆییێڤ، رێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی. لاپەڕە ٧٥..

**٣ـ** د. کوردستان موکریانی لە سەرچاوەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی بەرکاری کردووە "د. کوردستانی موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە لاپەڕە ١٥٩. (بەڵام لەراستیدا بەرکار بەشێکی سەرەکی رستەیە.)

**٤ـ** پرۆفیسۆر ك. ك. کودۆییێڤ، رێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی لاپەڕە ٧٩.

**٥ـ** لەبەر ئەوەی (ماڵ) وشەیەکە دوولایەنە، بۆیە لەشێوەزاری رواندزدا زۆر لەو ناوانەی کە دوو لایەنن بۆ هەردوو حاڵەتی نێر و مێ بەکاردەهێنرێن بۆیە جارێك وتراوە (مارا)، جارێك (مارێ). هەروەك لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێکردووە.

# دیوە تیۆریەکانی فۆنیم و بڕگەی دەنگسازی لە ئاخاوتنی کوردیدا

پرۆفیسۆری هاریکار
د. شێرکۆ بابان

١- دەستپێك:

کاتێك کە هەندێك سەرچاوەی نوێ دەخوێنینەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە بیست ساڵی رابردوودا نووسراون، کلۆرییەکی زانستی دەبینین. لە راستیدا، ئەوەی کە ئەوان دەی ڵێن ئێمە پاراو ناکات، چونکە لە کەرەستەی خاو دەچن و هێشتا بە کشتەکی تیۆرییەکی یەکگرتوو کۆناکراونەتەوە. هۆی ئەم تەم و مژەش، رەنگە بگەرێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە زمانی ئینگلیزی بە شێوازی (فۆنیمی) رێنووس ناکرێت و ئەوانەی کە لە ئەو بوارەدا لێکۆڵینەوە دەکەن بە رێنووسێکی فۆنیمی گۆش نە کراون و زۆر لە خۆیان دەکەن، کە لە زاڵ بوونی رێنووسی ئەلف و بێی ئینگلیزی دەربچن. تەنانەت، هەتا ئەمرۆ جێناوی کەسی یەکەمی تاك (I) بە یەك ڤاول ناو دەبەن و لە نووسیندا، بە برگەیەك هەڵی دەسوورێنن.

بەلاّم لە زمانی فۆنیمیدا، وەك زمانی کوردی، بە برگەیەکی پڕی (CVC) رێنووس دەکرێت، وەك وشەی (ئای). لە لایەکی ترەوە، بۆ ڕووپۆش کردنی ئەم ساتمەیە، پیتی (I) لە سەر باری (کاپیتاڵ) مەیەنراوە و ئەوەش پشت گوێ خراوە کە جێناوی کەسی دووەم (you) یەك بخەن و وەك جێناوی (I)، هەر پیتی (U)

بنووسن. هەر لە بەر ئەم هۆیانە، ئێمە روو دەکەین لە (فۆنیم) و روخساری نیگار دەکەین و دوو جەمسەری بۆ دروست دەکەین وەك جەمسەری (نووك) و جەمسەری (کلك). لە پاشتردا، چالاکی و سستی هەردوو جەمسەرەکە دیاری دەکەین بۆ ئەوەی نیگارێك بکێشین بۆ (گرێی دەنگسازی)، ئەو گرێیەی کە خونچەی زمان دەپوشکێنێت بە گۆ کردنی جووتە دەنگ (دەردوو)، لە چەشنی گرێی دەنگسازی. لە کۆتاییدا، پەنا دەبەین بۆ فۆنیمی نیمچەڤاوڵ و لە ئەوێشدا، نیگارێکی شیاو بۆ هەردوو سەرە چالاکەکەی دروست دەکەین.

## ٢- فۆنیم و ئاخاوتن:

لە بەر ئەوەی (ئاخاوتن) بە فۆنیم دەردەبڕدرێت، پێویستە بە جوانی و بە سفتی لە روخساری تێبگەین و بزانین، کە چۆن مووری ئاخاوتنی پێ بنیاد دەنرێت. هەر لە بەر ئەو هۆیە، روو دەکەین لە ئاخاوتن و فۆنیمەکانی دابەش دەکەین بەسەر دوو خێزاندا:

**خێزانی یەکەم:** فۆنیمە لکاوەکان، واتە ئەو فۆنیمانەی ئازاد نین و بریتیین لە (نیوە) لە ناو (نێرك)ی بڕگەکەدا. بۆ نموونە، ئەگەر گوترا:

**سەبەتەکە دەکەمەوە**

**سە | بە | تە | کە | دە | کە | مە | وە**

هەشت بڕگەی سووکی (CVO) لە ئارادایە و گشت فۆنیمەکان، کە ژمارەیەیان شازدە دانەیە، بە جووتە لکاون بە یەکترییەوە. بە واتایەکی تر، فۆنیمی ئازاد لە ئارادا نیە و هەر هەشت دەنگە نەبزوێنەکە (س، ب، ت، ك، د، ك، م، و) گرێی دەنگسازیان چێ کردووە لەتەك بزوێنی (ـە)، کە هەشت جار دووبارە بووەتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر دەنگێکی (بزوێن ) یان (نەبزوێن) ترۆ بکەین، ئەوا قەوارەی بڕگەیەك تێك دەچێت و بنیادی رستەکە هەرەس دەهێنێت. کەواتە، هەر بڕگەیەك لە چەشنی (CVO)، یان لە هەر ریزێکدا کە بە ئەم جۆرە بڕگەیە رۆنرابێت، گشت دەنگەکان پێگیرن و ئازاد نین، تا بتوانن چالاکییەکی دەنگسازی بنوێنن.

**خێزانی دووەم:** فۆنیمە نەلکاوەکان، ئەم جۆرە فۆنیمانە ناتوانن بە تەنها خۆیان

(بڕگە) یان (وشە) یان (ڕستە) پێك بهێنن، بەڵام دەتوانن لـەجێی بـۆش (O) لـە بڕگەی (CVO)دا دەر بکەون و لە زاریش بپەڕێنەوە بە نەلکاوی، وەك:

**سەبەتەکەتان دەبەم**

بە ریز بەندی:

| | بڕگە | هێما |
|---|---|---|
| ١ | سە | CVO |
| ٢ | بە | CVO |
| ٣ | تە | CVO |
| ٤ | کە | CVO |
| ٥ | تا<u>ن</u> | CV<u>C</u> |
| ٦ | دە | CVO |
| ٧ | بە<u>م</u> | CV<u>C</u> |

نەخشەی (١): فۆنیمە نەلکاوەکان (ن، م)

لە ئەو ریزبەندەدا، بڕگەکانی (CVO) لە چەشـنی خێزانـی یەکـەمن و پێویـست ناکات جـارێکی تـر باسـیان بکەینـەوە، چـونکە گـشت دەنگـەکان لکـاون. لـە بەرانبەردا، هەردوو بڕگەی (CVC) کە بـریتین لـە (تـان) و (بـەم)، دوو دەنگـی (نەلکاو) هەڵ دەگرن. لە بڕگەی (تان)دا دەنگی (ن) نەلکاوە و لە بڕگەی (بـەم)دا دەنگی (م) نەلکاوە. کەواتە، هەردوو دەنگی (ن) و (م) ئـازادن و پـێگیر نـین بـە (لکاندن) ەوە، بەڵام ئازاد نین لە چێوەی بڕگەی دەنگسازی، چـونکە ئەگـەر لـە خانەی (٣) ی بڕگەی (تان) و (بەم)دا نەبان، نەدەتوانرا گـۆبکرێن و لـە باجگـەی زار بپەڕێنەوە. بەڵگەش بۆئەوەی کە ئەو جۆرە دەنگەیە ئازادە لە (لکان)، ئەوەیە کە دەتوانین دەنگی (م) بگوێزینەوە بۆ بڕگەی پاشتر، وەك:

**سەبەتەکەتان دەبەمەوە**

وەك:

| | بڕگە | هێما |
|---|---|---|
| ١ | سە | CVO |
| ٢ | بە | CVO |
| ٣ | تە | CVO |
| ٤ | كە | CVO |
| ٥ | تان | CVC |
| ٦ | دە | CVO |
| ٧ | بە | CVO |
| ٨ | مە | CVO |
| ٩ | وە | CVO |

نەخشەی (٢): گواستنەوەی فۆنیمی / م/ بۆ بڕگەی پاشتر (مە).

بە سەرنجێکی زرنگ، دەردەکەوێت کە دەنگی (م) لە چێوەی ژمارە (٧)دا، بازی داوەتە نێو بڕگەی دواتر، واتە بڕگەی ژمارە (٨). ئەم راستییەش بە ئاشکرا دەر دەکەوێت، ئەگەر هەردوو خشتەکە بەراورد بکرێن، بە تایبەتی لە ئاستی بڕگەی (٧)دا، کە بریتییە لە (بەم) و لە خشتەکەی تردا بووە بە بڕگەی (بە). لە ئەم سەرو بەندەدا، چەند راستی یەك دەچەسپێت، وەك:

یەکەم: دەنگی (م) ئازادە لە لکانی دەنگسازی، ئەگەرنا چۆن بازی داوەتە نێوخانەی یەکەم لە بڕگەی پاشتر.

دووەم: دەنگی (م) ئەگەر ئازادیش بێت لە (لکان)، بەڵام ئازاد نیە لە چێوەی بڕگە، چونکە لە بڕگەی (٧) بازی داوەتە نێو بڕگەی (٨) و لە هەر بڕگەکەدا، توانیوەتی بپەرێتەوە بە زاردا. لە بڕگەی (٧)دا ئازادە لە (لکان) و ئازاد نییە لە چێوەی بڕگە، بەڵام لە بڕگەی (٨)دا نە ئازادە لە (لکان) و نە ئازادە لە چێوەی بڕگە.

سێیەم: کەواتە، هەر دەنگێك کە بە زار گۆ بکرێت (ئازاد) نییە لە چێوەی

بڕگەیەك، بەلاّم دەشێت ئازاد بێت لە لکانی نێوان سەری (بزوێن) و کلکی (نەبزوێن).

**چوارەم:** لە ریزە بڕگەی گۆ کراودا، ئەگەر دەنگی ئازاد هەبێت لە (لکان)، ئەو جۆرە دەنگە هەر (نەبزوێن)ە. واتە، دەنگی (بزوێنی نەلکاو) بەدی ناکرێت لە گوفتاردا، چونکە خۆی خاوەنی (چێوەی بڕگە)یە و گوفتاریش بە خشبڕی (بڕگە) کێشانە و پێوانە دەکرێت.

### ٣- جەمسەرەکانی فۆنیم

بە پێی ئەوەی لە کۆپلەی پێشو گوترا، ئاخاوتن بریتییە لە ریزێك فۆنیمی گۆکراو، کە ئاکاری ریزبەندی هەیە. بێ گومان، هەر ریزە ئاخاوتنێکی گۆکراو کە ریز ببەستێت و لە باجگەی زار بپەڕێتەوە، (سەرەتا) ی هەیە و (کۆتا) ی هەیە. بە واتایەکی تر، سەری هەیە و کلکی هەیە و دەتوانرێت ئەو سەرو ئەو کلکە دیاری بکرێت. بۆ نموونە، لە ئەم رستەیەی خوارەوەدا، دەتوانین (سەر) و (کلك) دیاری بکەین، وەك:

| جەمسەر | رستە | جەمسەر |
| --- | --- | --- |
| لای چەپ (کلك) | **شیلان میوە دەخوات** | لای راست (سەر) |

نەخشەی (٣):جەمسەرەکانی رستە.

بە هەمان شێواز، دەتوانین لای دەستە راست بە (سەر) بژمێرین و لای دەستە (چەپ) یش بە (کلك). لە راستیدا، دەتوانین هەمان بۆچون بچەسپێنین بە سەر

هەر وشەیەکی ناو ئەو ڕستەیەدا، وەك:

| جەمسەر | وشە | جەمسەر |
|---|---|---|
| لای ڕاست (سەر) | شیلان | لای چەپ (کلک) |
| | میوە | |
| | دەخوات | |

نەخشەی(٤): جەمسەرەکانی وشە

یان، دەتوانین، سەری ئەو برگانە دیاری بکەین کە ئەو وشانە پێك دەهێننن وەك:

| جەمسەر | بڕگە | جەمسەر |
|---|---|---|
| لای ڕاست (سەر) | شیـ لان | لای چەپ (کلک) |
| | میـ وە | |
| | دەخـ وات | |


نەخشەی (٥) جەمسەرەکانی بڕگە

سەرەڕای ئەو ڕاستییە، دەتوانین سەر و کلکی ئەو فۆنیمانە دیاری بکەین، کە ئەو برگانە پێك دەهێننن وەك:

| جەمسەر | فۆنیم | جەمسەر |
|---|---|---|
| لای چەپ (کلک) | ش ی ل ا ن | لای ڕاست (سەر) |
| | م ی و ە | |
| | د ە خ و ا ت | |

نەخشەی (٦): جەمسەرەکانی فۆنیم

کەواتە، جەمسەری لای ڕاستی هەر فۆنیمێك بریتییە لە (سەر) و جەمسەری لای چەپیش برتییە لە کلکی فۆنیمەکە، وەك:




نەخشەی (٧): ڕوخساری فۆنیم

## ٤- چالاکی جەمسەرەکانی گرێی دەنگسازی:

وەك فـۆنیمی (نـەبزوێن) و فـۆنیمی (بـزوێن) بـە یەکـەوە دەنووسـێن و گرێـی دەنگسازی دروست دەکەن، دەتـوانین (سـەر) و (کلـك) ی هـەر گرێیـەك دیـاری بکەین، بە ئەم چەشنە :

| جەمسەر | گرێ | جەمسەر |
| --- | --- | --- |
| لای ڕاست (سەر) | شیـ<br>لا - ن | لای چەپ (کلك) |
| | میـ<br>وە | |
| | دە - خـ<br>وا - ت | |


نەخشەی (٨): جەمسەرەکانی گرێی دەنگسازی

بەسەرنجێکی هورد، لە ئەو خشتەیە دەردەکەوێت کە:

یەکەم: شەش گرێی دەنگسازی هەیـە و شـەش دەنگـی (بـزوێن) جـووت کـراون لەشەش دەنگی (نەبزوێن)، وەك (شی، لا، می، وە، دە، وا).

دووەم: لە ئەو شەش بڕگەیەدا، دەنگە نەبزوێنەکان سەری (گـرێ) پێـك دەهێـنن. بەلاّم دەنگە بزوێنەکان کلکی (گرێ) پێك دەهێنن.

سێیەم: بە ئەم پێیە، لە ئەو شەش گرێیەدا، بە دیاری کراوی و بـە بـێ نـاڕێکی، سەری (بزوێن) چەسپ بووە لە کلکی (نەبزوێن)، وەك:




نەخشەی (٩): سروشتی گرێی دەنگسازی

کەواتە، هەر فۆنیمێکی نەبزوێن سەری سستە لە (لکان)دا و بە هیچ جۆرێك نالکێت، بەلاّم کلکەکەی چالاکە لە (لکان)لە بەرانبەردا، سەری هەر فۆنیمێکی (بزوێن) چالاکە بۆ (لکان)، بەلاّم کلکەکەی سستە. بە ئەم پێیە، دەشێت پێناسەیەك بخەینە روو بۆ (فۆنیم)، وەك:

**یەکەم:** فۆنیم بریتییە لە بچوکترین پارچە دەنگ. ئەو پارچە دەنگە لە سەر باری درێژی (سەر) و (کلك) ی هەیە.

**دووەم:** فۆنیم وەك سەر و کلکی هەیە، تەنها یەك جەمسەری چالاکە لە (لکان)دا.

**سێیەم:** فۆنیمی (نەبزوێن) کلکی چالاکە لە لکاندا و سەری سستە. بەلاّم فۆنیمی (نەبزوێن) باری پێچەوانەی هەیە، چونکە سەری چالاکە و کلکی سستە لە لکاندا.

**٥- فۆنیم و هێما:**

لە کۆپلەکانی پێشوودا، چەند ئاکارێکی فۆنیم دیاری کرا، وەك:

**یەکەم:** لە سەر باری درێژی هەر فۆنیمێك (دووجەمسەر)ە و ئەو جەمسەرەی کە لە پێشەوەیە پێی دەگوترێت (سەر).


**دووەم:** لە رووی چالاکی فۆنەتیکیەوە. تەنها یەك جەمسەر چالاکە و جەمسەرەکەی تر بە تەواوی سستە و نالکێت بە فۆنیمی ترەوە.

**سێیەم:** فۆنیمی (بزوێن) و فۆنیمی (نەبزوێن) بەتەواوی دژیەکن، چونکە فۆنیمی (بزوێن) سەری چالاکە و کلکی سستە، بەلاّم فۆنیمی (نەبزوێن) کلکی چالاکە و سەری سستە.

**چوارەم:** بە پێی خاڵی پێشوو، ئەگەر دوو فۆنیم پێکەوە لکان، ئەوا دەبێت یەکێکیان (بزوێن) بێت و ئەویتریان (نەبزوێن). لە ئەو لکانەشدا، دەبێت تەنها


کلکی فۆنیمی(نەبزوێن) لکابێت بە سەری فۆنیمی (بزوێن)ەوە. لـە ئـەم راسـتییە زانستییە بترازێت هیچ لکانێکی دەنگسازی لە ئارادا نیە و سروشتی کۆئەنـدامی ئاخاوتن هەر ئەو جۆرە لکانەی تێدا هەیە. سەبارەت بە هێمای فۆنیمی (نەبزوێن) و هێمای فۆنیمی (بزوێن) دوو جۆر لە تیری ئارەستەدار ئامادە کراون، وەك:

**<u>یەکەم:</u>** هێمای فۆنیمی (بزوێن) بریتییە لە تیرێکی نووك تیژ، وەك:




نەخشەی(١٠): روخساری فۆنیمی (بزوێن).

**<u>دووەم:</u>** هێمای فۆنیمی (نەبزوێن) بریتییە لە تیرێکی کلك چاڵ، وەك:





نەخشەی (١١): روخساری فۆنیمی (نەبزوێن).

<u>سێیەم:</u> بەسەرنجێکی هورد و ژیرانە، دەر دەکەوێت کە نـووکی فـۆنیمی (بـزوێن)

هێرشبەرە و کلکی فۆنیمی (نەبزوێن) یش هیرش بۆ براوە. واتە، چالاکی دەنگی (بزوێن) لە جۆری هێرش بردنە بۆ کلکی دەنگی (نەبزوێن) و چالاکی دەنگی (نەبزوێن)یش لە ئەوەدایە کە ئەو هێرشە دابمرکێنێت و یەك بگرێت لەگەڵ بزوێنەکە و گرێی دەنگسازی دروست بکات.

## ٦ - هێمای گرێی دەنگسازی:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هێماکانی دەنگی (بزوێن) و دەنگی (نەبزوێن)، دەبینین کە نووکی هێرش بەری (بزوێن) بە ئەوە لە چالاکی دەکەوێت کە بنووسێت بە کلکی دەنگێکی نەبزوێنەوە. بە ئەم پێیە، دەتوانین هەر دوو هێماکە لە یەك بدەین و هێمایەك دروست بکەین بۆ گرێی دەنگسازی وەك:





نەخشەی (١٢): روخساری گرێی دەنسازی.

بە سەرنجێکی هوردوو سفت لە ئەو هێمایە، چەند راستییەك دەردەکەوێت، وەك:

یەکەم: گرێی دەنگسازی بریتییە لە پارچە دەنگێکی (دووجەمسەر) و هەردوو جەمسەرەکەی، چی نووك و چی کلك، سستن و هیچ چالاکیەکی لکاندنی نانوێنن. کەواتە، گرێی دەنگسازی بریتییە لە تەنێکی سست و بێ چالاکی لکاندن.

دووەم: وەك گرێی دەنگسازی، بریتییە لە پارچە دەنگێکی دوو جەمسەر، لە هەمان کاتدا بریتییە لە پارچە دەنگێکی (دوو لایەنە). لە نووکەوە تا ناوچەی (لکان) بریتییە لە (نەبزوێن) و لە لکانەکەوە تا کلکی بریتییە لە(بزوێن)، وەك لەسەر نەخشەی داهاتوو جەمسەر بزوێنەکەی تاریك کراوە.




نەخشەی (١٣): گرێی دەنگسازی وەك پرتکە دەنگێکی سست.

سێیەم: ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان دوو بابەتدا، وەك (فۆنیم) و (گرێی دەنگسازی)، دەبینین کە گشت فۆتیمێك لە جەمسەرێکەوە زامدارە و چالاکی لکانی هەیە، بەلاّم گرێی دەنگسازی لە هەردوو سەرەوە سستە هیچ چالاکیەك نانوێنێت لە جۆری (لکان).

پێنجەم: لە کونهی (ئاخاوتن)دا و لە بەر رووناکی خاڵی پێشوو، فۆنیم ناتوانێت بە کۆنترۆلی زاردا تێپەڕێت، چونکە لە سەرێکەوە چالاکە، بەلاّم گرێی دەنگسازی دەتوانێت بە کۆنترۆڵی زاردا تێپەڕبێت چونکە بنیادی تەواوە و هەردوو سەری سستە. بۆ نموونە، دەشێت وشەیەك یان رستەیەك، تەنها هەر بە گرێی دەنگسازی گۆ بکرێت، وەك:

**چۆلەکە، سەبەتە، پاساری**

یان،

**دەرۆ مەدەرەوە**


لە ئەو نموونانەدا، هیچ دەنگێك، چی (بزوێن) و چی (نەبزوێن) بێبەری نییە لە لکان. لەئەم رووەوە وەك گرێی دەنگسازی دوو لایەنە، دەبێت ژمارەی (بزوێن) یەکسان بێت بە ژمارەی (نەبزوێن)، یان یەکسان بێت بە ژمارەی گرێیەکان. بو نموونە، لە ئەو نموونانەدا، (١٥) بزوێن و (١٥) نەبزوێن و (١٥) گرێ هەیە.

شەشەم: گرێی دەنگسازی تەنها لە نێوان دوو دەنگدا چێ دەبێت. واتە، پێکهاتەکانی هەرگرێیەك تەنها دوو دەنگە، یەك (نەبزوێن) لە سەرەتاوە و یەك (بزوێن) لە کۆتاوە.

هەفتــەم: لــە زمــانی كوردیــدا، زاراوەی (دەردوو)، واتــە گڕوگــاڵ و دەردووە بەراییــەكانی كۆرپەلــەی ســاوا وەك ( بــا، دا)، بەرانبــەر بــە گرێــی دەنگــسازی دەوەستێت، چونكە زمانی گۆ دەكات. واتە، زمانی منداڵەكە دەتوانێت بزوێن و نەبزوێن پێكەوە بلكێنێت و گرێی دەنگسازی بەرهەم بهێنێت.

### ٧- نیمچەڤاوڵ بە هێما:


نیمچەبزوێن بریتییە لە ئەو ڤاوڵەی كە ئاكاری (نەبزوێن) بەسەربااری هەڵ دەگرێت. واتە، نیمچەبزوێن بۆی هەیە (بزوێن) بێت و بـۆی هەیـە وەربـچەرخێت بەدیوی (نەبزوێن)دا. ئێستاش، لە روانگەی فۆنیمی (بزوێن) و فۆنیمی (نەبزوێن) ەوە، دەتوانین تێ بگەین كە نیمچەبزوێن لە هەردوو سەرەوە چالاكە. لـە نووكـەوە لە (ڤاوڵ) دەچێت لە لە كلكەوە لە (كۆنسۆنانت) دەچێت. كەواتە دەتوانین تیرێكی (نووك تیژ) و (كلك چاڵ) بكەین بە هێمای فۆنیمی (نیمچەبزوێن)، وەك:




نەخشەی (١٤): چالاكی هەردوو جەمسەری فۆنیمی نیمچەبزوێن.

بە ئەم پێیە، ئەگەر لە رووی چالاكی دەنگسازییەوە، ئاكارەكانی فۆنیمی (نیمچەبزوێن) شرۆڤە بكەین، چەند راستییەك دەردەكەوێت، وەك:


<u>یەكەم:</u> ئەگەر جەمسەری نووكی نیمچەڤاوڵەكە چالاك بێت، ئەوا وەر دەچەرخێت بە دیوی (بزوێن)دا و دەلكێت بە كلكی (نەبزوێن)ێكەوە بۆ ئەوەی گرێی دەنگسازی چێ بكات، وەك:




وەك: **چوو، چی**

نەخشەی (١٥): گرێی دەنگسازی نیمچەبزوێن، سەری (سستکراوە) وکلکی (چالاك)
بۆ هەڵمەتی بزوێنێکی تر.

<u>دووەم</u>: ئەگەر جەمسەری کلك لە چالاکیدا بێت، ئەو نیمچەبزوێنە دەبێت بە (نەبزوێن) و لە گەڵ (بزوێنەکە) گرێی دەنگسازی چێ دەکات، وەك:





وەك:( یا، وا)

نەخشەی (١٦): گرێی دەنگسازی (بزوێن) لەگەڵ نیمچەبزوێن.

**<u>سێیەم</u>:** ئەگەر هەردوو جەمسەرەکەی (نیمچەبزوێن) لە چالاکیدا بن، ئەوا دەنگی نیمچەڤاوڵ دەشوبهێت بە ئەو کەتیرەیەی کە لکانی لە نێوان (سەری بزوێن) و (کلکی نەبزوێن)ی چێ کردووە. کەواتە، هێمای گرێی دەنگسازی ئەوە پەسند دەکات کە نیمچەڤاوڵ بترنجێتە نێوان کلکی فۆنیمی (نەبزوێن) و نووکی فۆنیمی (بزوێن). واتە نیمچەبزوێن بۆی هەیە بترنجێتە نێوان گرێی دەنگسازی ئەو نێوانە

بپسێنێت، وەك:





وەك:

**چیا ، کوا؟**

**چیە؟، کووە؟**


نەخشەی (١٧): فۆنیمی نیمچەبزوێن بە (تێ ترنج) لە گرێی دەنگسازیدا.

کەواتە، دوو لکانی دەنگسازی لە یەکتر جووت دەبن و جەستەی نیمـچەبزوێنەکە لۆچـی تـێ دەکەوێت، وەك:




نەخشەی (١٨): لۆچ بوونی نیمچەبزوێن لە گرێی دەنگسازیدا.

**<u>چوارەم:</u> نیمچەڤاوڵ وەك لۆچ دەبێت لە (دیفتۆنگ)دا، بۆی هەیە لە جێـی (لـۆچ) ەکەی بکرتێت بۆ دوو نیوەی (بزوێن) و (نەبزوێن)، لە بو ئـەوەی هـەر گرێیـەکی دیفتۆنگەکە ببێت بە گرێیەکی سەربەخۆ لە بڕگەی سەربەخۆدا، وەك:**




وەك:

کوا    ک(**i**): وا

نیا    نـ(**i**): یا

نەخشەی (١٩): لەت بوونی نیمچەبزوێن لە گرێی دەنگسازیدا.


**هێشوی (نیمچەبزوێن):**

لە زمانەکەدا، تەنها دوو نیمچەبزوێن هەیە، وەك ( /ی/، /وو/) و ئەم دوو فۆنیمەبۆیان هەیە هێشوو دروست بکەن، وەك:

**یەکەم:**

ئەگەر هەردوو نیمچەبزوێن هەمان جۆر بوون، ئەوا دەبن بە یەك (نیمچەبزوێن) و پێویست بە ناوگر ناکەن، بۆ جودا کردنەوە:

وەك:




یی + یی ← یی

وو + وو ← وو

نەخشەی (٢٠): یەکگرتنی نیمچەبزوێنی دووبارە لەگرێی دەنگسازیدا.

دووەم: ئەمە و ئەگەر هەردوو نیمچەبزوێنەکە هەمان جۆر نەبوون، ئەوا یەکەمیان دەبێت بە نەبزوێن و دووەمیان دەبێت بە نەبزوێن، وەك ( بوو، وی).

**بەرەنجام**

* لە ریزی ئاخاوتنی گۆ کراودا، هیچ دەنگێك نیە، کە ئازاد بێت لە چێوەی بڕگە. واتە، گوفتار بە خشت بڕی (بڕگە) دابەش دەکرێت، تا بتوانێت بە باجگەی زاردا تێبپەڕێت.

* لە ریزی گوفتاردا، دەنگی (نەبزوێن) و دەنگی (بزوێن) ئازاد نین لە چێوەی بڕگە، بەڵام دەنگی (بزوێن) ناتوانێت لە (لکانی دەنگسازی) یش ئازادبێت وەك دەنگی (نەبزوێن)، چونکە خۆی بەخۆی بریتییە لە بزوێنەری بڕگەی دەنگسازی.

* لە ریزی گوفتاردا، زۆربەی هەرە زۆری دەنگە بزوێنەکان و دەنگە نەبزوێنەکان، جووتیان دروست کردووە و پێکەوە لکاون. ژمارەیەکی زۆر کەم لە دەنگە نەبزوێنەکان دەشێت بە نەلکاوی بپەڕێتەوە، بە مەرجێك لە پاشەنگی گرێی دەنگسازیدا نیشتەجێ بکرێت.

* لە گوفتاردا، وەك سەرەتا و کۆتا هەیە، لە گشت کۆلکەکانی رستەدا، سەرەتا و کۆتا هەیە. بۆ نموونە، (رستە و وشە و بڕگە) سەر و کلکیان هەیە.

* بە هەمان شێواز، فۆنیمیش لەسەر باری درێژی (سەر) و (کلك)ی هەیە و بە ئاراستەی گوفتاردا دەناسرێتەوە.

* بێجگە لە نیمچەبزوێن، هەر فۆنیمێك بریتییە لە پارچە دەنگێکی دووجەمسەر (سەر و کلك). ئەم دوو جەمسەرە یەکێکیان چالاکە و ئەوی تریان سستە لە لکاندا.

* هەر فۆنیمێکی (نەبزوێن) جەمسەری کلکی چالاکی دەنوێنێت لە لکاندا، بەڵام جەمسەری سەری بە تەواوی سستە.

* بە پێچەوانەوە هەر فۆنیمێکی (بزوێن) جەمسەری سەری چالاکی دەنوێنێت لە لکاندا، بەڵام جەمسەری کلکی بە تەواوی سستە.

* فۆنیم، چی (بزوێن) و چی (نەبزوێن) بۆیان نییە بە زاردا تێبپەڕن، مەگەر پێکەوە بلکێن و گرێیەکی دەنگسازی چێ بکەن.

* لە گرێی دەنگسازیدا، بە شێوەیەکی سروشتی و خۆڕسك سەری بزوێن دەلکێت بە کلکی نەبزوێنەوە. جۆرە گرێی ئاوها بریتییە لە کورتترین دەردووی دەرباز کراو لە کۆنترۆلی زار.
* گرێی دەنگسازی پارچە دەنگێکی دوو جەمسەرە و هەر دوو جەمسەرەکەی سستن وچالاکی (لکاندن) نانوێنێن.
* گرێی دەنگسازی تەنێکی فۆنیمیە و دوولایەنەیە، چونکە نووکەکەی نەبزوێنە و کلکەکەی بزوێنە.
* گرێی دەنگسازی، وەك تاکە فۆنیم نییە کە سەرێکی چالاکە و ناتوانێت بە زاردا تێ بپەڕێت. گرێی دەنگسازی لە هەر دووسەرەوە سستە و بۆی هەیە بە زاردا تێ بپەڕێت و ناوکی ئاخاوتن چێ بکات.
* فۆنیمی (نیمچەبزوێن)، کە هەردوو دەنگی بزوێنی (یی) و (وو) دەگرێتەوە، لە هەردوو سەرەوە چالاکی (لکانی دەنگسازی) دەبینێت. لە نووکەوە، وەك (بزوێن) هێرش دەبات بۆ کلکی (نەبزوێن) و لە کلکەوە نووکی (بزوێن)ێکی تر دەتوانێت هێرشی بۆ ببات و پێوە بلکێت.
* فۆنیمی (نیمچەبزوێن)، بۆی هەیە بە سێ شێواز چالاکی بنوێنێت، وەك:
<u>یەکەم</u>: ئەگەر هەر نووکەکەی بەکار هێنرا لە هێرش بردن بۆ سەر کلکی کونسۆنت، ئەوا ئەو فۆنیمە بە تەواوی دەکەوێت بەسەر دیوی (بزوێن)دا و ئاکارەکانی (نیمچەبزوێن) فڕێ دەدات، وەك (دی، دوو).
<u>دووەم</u>: ئەگەر لەکلکەوە بزوێنێك هێرشی کردە سەر کلکەکەی، ئەوا بە تەواوی دەکەوێت بەسەر دیوی (نەبزوین)دا و ئاکارەکانی (نیمچەبزوێن) فڕێ دەدات، وەك (یا، وا).
<u>سێیەم</u>: نیمچەبزوێن بۆی هەیە بترنجێتە نێوان ناوچەی لکان لە گرێی دەنگسازیدا، کە دەکەوێتە نێو چێوەی یەك (بڕگە). هەر لەبەر ئەوە، لۆچ بوونێکی دەنگسازیانە (twining) پەیدا دەبێت و حەشارگەی (دیفتۆنگ) ئاشکرا دەبێت، وەك (نیا، کوا).
<u>**چوارەم**</u>: لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، فۆنیمی (نیمچەبزوێن) لە جیاتی (لۆچ بوون) بە (دیفتۆنگ) بۆی هەیە هەر بهێنێت و هەر گرێیەکی دیفتۆنگەکە بچێتە نێو قەوارەی بڕگەیەکی سەربەخۆ، وەك:

﴿ نـ (i): یا﴾ و ﴿ کـ (i): وا﴾

سەرچاوە:


١- John a. Goldsmith, Phonological theory, Black Well Publisher, u.s.a ١٩٩٩.
٢- Peter ladeforged, A course in Phonetics, Thomson corporation, U.S.A ٢٠٠٦.
٣- Peter roach, English Phonetics and Phonology, Cambridge University Press, U.K ١٩٩٩.
٤- Parviz Birjandi, An Introduction to Phonetics, Zaban kadeh Publication, Tehran, Iran ٢٠٠٥.
٥- P. Carr, Phonology, the Mac Milan Press, U.K ١٩٩٣.
٦- John a. Goldsmith, the Handbook of Phonological theory, Black Well Publisher, u.s.a ١٩٩٩.
٧-J.Gordes-Tamin, Grammaire,Phonologie,Moephologie,lexologie,ArMand Colin, Paris ٢٠٠٨
٨- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، بەغدا ١٩٨٤

# مەسعوود محەمەد، زمانناسی گەورەی کورد

نەریمان خۆشناو

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو پیاوی گەورەی لێهەڵکەوتووە، کە هەریەکەیان لە بوارێك لە بوارەکانی ژیان خزمەتیان بە مرۆڤایەتی گەیاندووە ، یەکێ لەوانە، زانای گەورەی کورد خوالێخۆشبوو(مەسعوود محەمەد)ە،بۆیە لێرەدا بەشێ لە ژیاننامەی زانستی ئەم زاتە پیرۆزە دەخەینە ڕوو.

یەکەم: ژیانی:



٢٠٠٤-١٩١٩

مامۆستا مەسعوود محەمەد جەلی زادە،لە ساڵی ١٩١٩دا لە شاری کۆیە، شاری ئەدەب و هونەر و خەباتی کوردایەتی هاتۆتە دنیاوە، مەلا محەمەدی باوکی کە ناسراو بوو بە مەلای گەورە و کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بووە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد لەساڵی ١٩٢٦دا چووەتە بەرخوێندنی رەسمی لە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە و لەساڵی ١٩٣٢دا خوێندنی ئەو قۆناغە بەراییەی تەواو کردووە و بۆ پاییزی ساڵی ١٩٣٤دا چووەتە هەولێر و لەقوتابخانەی ناوەندیی





هەولێر وەرگیراوە و بۆ ماوەی شەش ساڵ لەماڵی مەلا فەندی لە باداوە لەگەڵ عیزەدینی کوڕی مەلا فەندی ژیاوە تاکو لەساڵی ١٩٤٠دا خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە و لەساڵی ١٩٤١دا چووەتە بەغداو لەکۆلێجی حقووق وەرگیراوەو هەر چوار ساڵی خوێندنی بەزیرەکی تەواوکردووە و لەساڵی ١٩٤٥دا بڕوانامەی حقووقی وەرگرتووە و بووەتە پارێزەرێکی یاساناسی بەتوانا.

مامۆستا مەسعوود چوو لە کۆیە خۆی پالاَوت بۆ ئەندامییەتی پەرلەمان و لەرۆژی ١٩٥٣/١/١٩دا هەڵبژاردن کراو بەزۆربەی دەنگ لەهەڵبژاردنەکە سەرکەوت و بووە ئەندامی پەرلەمان و لەو دەزگا تەشریعی گەلێك داواکاریی بەنرخی پێشکەش کرد وەك گەڕاندنەوەی دوورخراوەکانی کورد بۆ زێدی خۆیان کە مەبەستی لە بارزانیەکان بوو، لەئەنجامدا هەندێکیان گەڕاندنەوە شوێن و جێگەی خۆیان.

دوای ساڵێك دووبارە هەڵبژاردن کرایەوەو لەناوەڕاستی بەهاری ١٩٥٤دا دیسان مامۆستا مەسعوود خۆی پالاَوتەوە بۆ ئەو دەورەیەش و لەئەنجامدا سەرکەوت و بەناوی بەرەی نیشتمانی لەگەڵ ٩ ئەندامی تر چۆتە ناو پەرلەمان، بەلاَم زۆری نەبرد نووری سەعید وەزارەتێکی نوێی دامەزراندو ئەو پەرلەمانەی هەڵوەشاندەوە. ئینجا ئەو زاتە گەڕایەوە کۆیەو دەستی دایە پیشەی پارێزەری، تاکو هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨.

لەدوای ئەو رووداوە گرنگە سیاسەی عێراق، هەڵوێستی سیاسی وای خواست بچێتە بەغداو لێی دانیشێ و دوای یەك دوو مانگ کرا بەئەندامی لیژنەی چاکسازیی کشتوکاڵ لەعێراق و لەگەڵ پسپۆرانی یاسای کشتوکاڵ و زەوی و زارو ئاودێری عێراقی و میسری توانیان یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ لەکۆماری عێراق دابنێن و لەرۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨ دا راگەیەنرا.




لــەدوا دوای شەســـتەکانی ســـەدەی ڕابردووشـــدا کـــرا بەئەنـــدامێکی ســـەرەکی لەئەنجومەنی خزمەتی فەرمانبەران و لەدوای ڕێککەوتننامە مێژووییەکـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠شــداو لەگــەڵ دامەزرانــدنی کــۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا لە ١٩٧٠/٨/٢٩ ئـەو زاتە کرا بەئەندامێکی کارای کۆڕی زانیـاری و بــەجێگری ســەرۆکی کــۆڕ هەڵبــژێردرا. لەبــەڕێوەبردنی کاروبـــاری دیـــوانی کـــۆڕ دەورێکی باڵای هــەبوو، لەهــەمان کاتیــشدا بابــەت و لێکۆڵینــەوەی بــەنرخی لــەگۆڤاری کۆڕەکەدا بڵاودەکردەوە. تاکو لەتەمــەنی ٨٣ ساڵیدا لەهەولێر کۆچی دوایی کردو بەڕیزێکی زۆرەوە لەو ڕۆژەی کۆچــی دواییــدا کە ٢٠٠٢/٤/١ بوو.

**دووەم: شاکارو بەرهەمەکانی:**

کتێبەکانی:- چەندین کتێبـی لـە بوارەکـانی زمانـەوانی، ئـەدەب و فەلـسەفە و ئایدۆلۆژیا نووسیوە، لەوانە:

**أ- کتێبەکانی بە زمانی کوردی:**

١- بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، لـە چـاپکراوەکانی کـۆڕی زانیـاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ٦٣ل.

٢- چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦- ٩٨ل.

٣- ووردبوونەوەیەك لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا، ١٩٧٤، ١٨٠ل.

٤- زاراوەســازی پێوانــە، ئەمینداریــەتی گــشتی ڕۆشــنبیری و لاوانــی ناوچــەی کوردستان، ١٩٨٨، ٤٤٥ل.


٥- چەپکێك لە گوڵزاری نالی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ٣٥٠ل.

٦- حاجی قادری کۆیی، بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیـاری کـورد، بەغـدا، ١٩٧٣،

٤١٤ل.
٧- حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٣، ٣٣٥ل.
٨- حاجی قادری کۆیی، بەرگی سێیەم ، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ٤٢٠ل.
٩- حەمە ئاغای گەورە، دەزگای رۆشنبیری کوردی، بەغدا، چ. سۆمەری، ١٩٨٦، ١٢٢ل.
١٠- بۆ ئەمیری حەسەن پور لەهەر کوێیەك بێت، دەزگای رۆشنبیری کوردی، بەغدا، ١٩٨٤، ١٠٢ل.
١١- مرۆڤ و دەوروبەر، بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧، ١٧٦ل.
١٢- مرۆڤ و دەوروبەر، بەرگی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٤، ١٩٧ل.
١٣- دەستە و دامانی نالی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ١٠٣ل.
١٤- گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.

**ب- کتێبەکانی بە زمانی عەرەبی:**

١- الانسان و ماحوله، دار الثقافة والنشر الكردية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٩٩.
٢- الانسان و ماحولة، دار الثقافة والنشر الكردية، الجزء الثانى، بغداد، ١٩٩٩.
٣- لسان الكرد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٧.
٤- من هموم الحياة، الامانة العامة للثقافة والشباب، مطبعة حسام، بغداد، ١٩٩٨.
٥-إعادة التوازن الى ميزان مختل- المجمع العلمي الكوردي- بغداد ١٩٧٧، ١١٢ صفحة.
٦-المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين- أربيل- مؤسسة أراس ١٩٩٩.



٧-الى غورباتشوف... تحية و رجاء.
٨-التفسير البشرى للتأريخ.

**ج: وتارەکانی: دەیەها وتار و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاری کورد و ڕۆشنبیری نوێ و کاروان بڵاوکردۆتەوە**

أ- لێکۆڵینەوەکانی لە گۆڤاری"کۆڕی زانیاری کورد"کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد".


١- بەکارهێنانی"ی"لە ڕێزمانی کوردیدا، گ.کۆڕ، بەرگی یەکەم، ١٩٧٣، ل ٣٩-١١٤.

٢- سورێکی خامە بە دەوری "ڕاناو"دا،گ.کۆڕ، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٤، ل٩-١٤٧.

٣- چەپکێك لە گوڵزاری"نالی"، بەشی یەکەم، گ.کۆڕ، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، ١٩٧٤، ل ١١-٨٠.

٤- چەپکێك لە گوڵزاری"نالی"، بەشی دووەم، گ.کۆڕ، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم،١٩٧٥، ل ١٠-٨٨.

٥- فۆنەتیك چیمان بۆ بکا، گ.کۆڕ، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥، ل ٥٦٨-٦٢٢.




٦- چەپکێك لە گوڵزاری"نالی"، بەشی سێیەم، گ.کۆڕ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم،١٩٧٥م، ل ٨-٧٤.

٧- ڕێنووسی کۆڕ، گ.کۆڕ، بەرگی چوارەم، ١٩٧٦، ل ٢٣٢-٢٨٨.


٨- بەسەرداچوونەوە، گ.کۆڕ، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٧، ل ١٣٥- ١٧٦.

٩- هەڵدانەوەی چەند روپەڕێکی زمانی کوردی، گ.کۆڕ، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٧، ل ٢٦٤-٣١١.

١٠- ممدوح سليم، ربع قرن من النضال الكردي الدؤوب،گ.کۆڕ، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٧، ل

٥٠٩-٥١٣.
١١- چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی رێنووس و ئەلفوبێی کوردی، گ.کۆڕ، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، ل ٢٦٢- ٣٥٩.
ب- لێکۆڵینەوە و وتارەکانی لەگۆڤاری "رۆشنبیری نوێ،کاروان، بەیان،"و هەفتەنامەی "هاولاتی":
١- رەواندنەوەی دوو رەخنە، گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"٨٠"،مایسی ١٩٨٠، ل ٢- ١٤.
٢- تیروپشکێ لە دەنگسازی، گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٠١"، ئاداری ١٩٨٤، ل ٢٨- ٥٢.
٣- گەشتی ژیانم،ئەلقەی یەکەم، گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٠٣- ١٠٤" سالّی ١٩٨٤، ل٧٠-٩٠.
٤- گەشتی ژیانم، ئەلقەی دووەم، گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٠٥"، ١٩٨٥، ل ١٤٥-١٦٨.
٥- گەشتی ژیانم ئەلقەی سێیەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٠٦"،١٩٨٥.
٦- گەشتی ژیانم، ئەلقەی چوارەم، گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٠٨"، ١٩٨٥، ل ٢٩٥-٣١٤.
٧- گەشتی ژیانم، ئەلقەی پێنجەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٠٩"١٩٨٦،ل ٢٧٧- ٣١٠.
٨- زاراوەسازی پێوانە، بەشی یەکەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١١١"،١٩٨٦، ٢٠٥- ٢٧٣.
٩- زاراوەسازی پێوانە، بەشی دووەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١١٢"،١٩٨٦، ل ١٦٢- ٢١١.
١٠- گەشتی ژیانم، ئەلقەی شەشەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١١٣"،١٩٨٧، ل ١٨٩- ١٢١.
١١- گەشتی ژیانم، ئەلقەی حەوتەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١١٤"،١٩٨٧، ل ١٦٣- ١٨٠.
١٢- گەشتی ژیانم، ئەلقەی هەشتەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١١٥"، ئەیلوولی ١٩٨٧، ل ٢٣٥-٢٥٢.

١٣- گەشـــتی ژیـــانم، ئەڵقـــەی نۆیـــەم،گ. رۆشـــنبیری نـــوێ،ژ"١١٦"،کـــانوونی یەکەمی ١٩٨٧، ل ١٨٣-٢٠٦.
١٤- گەشتی ژیـانم، ئەڵقـەی یازدەهـەم،گ. رۆشـنبیری نـوێ،ژ"١٢١"،ئـاداری ١٩٨٩، ل ١٣٣-١٥٠.
١٥- گەشتی ژیانم، ئەڵقەی دوانزەهەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٢٢"،١٩٨٩.
١٦- گەشتی ژیانم، ئەڵقەی سیانزدەهەم،گ. رۆشنبیری نوێ،ژ"١٢٣"، ئەیلوولی ١٩٨٩، ل ٩٥- ١١٦.
١٧- گەشتی ژیانم، ئەڵقەی چواردەهەم،گ. رۆشـنبیری نـوێ،ژ"١٢٤"،کـانوونی یەکەمی ١٩٨٩، ل ٨٤- ٩٥.
١٨- دەســـت بـــژارێك لـــەکتێبی ئەنجومـــەنی ئـــەدیبان،گ. رۆشـــنبیری نوێ،ژ"١٣١"،١٩٩٣، ل ٣٤-٥٦.
١٩- بـــژار و گوڵبـــژێرێك لـــە هەنـــدێ نووســـراوی کـــوردی، گ. رۆشـــنبیری نوێ،ژ"١٣٤"،١٩٩٤، ل ٢٩- ٤٦.
٢٠- ڕەمزی نافیع - قوربانییە زلەکەی هەولێر، گ. کاروان،ژ"٣٣"، حوزەیرانی ١٩٨٥، ل ٠-١١.
٢١- هەولێر تاریکستانە و دهۆك چراخانە، هەفتەنامەی هاولاتی،ژ"١"، سـاڵی ٢٠٠٠.




**سـێیەم:هەڤپـەیڤین : دەیـەها هەڤپـەیڤینی لەگەڵ ئەنجامدراوە، کە هەندێکیان دواتـر لـە دووتوێی کتێب خرانە ڕوو،لەوانە:**

١- نامەکانی مەسعود محەمـەد،ئامادەکردنی حـەکیم کاکـەوەیس، کـە بەچەندبەشـێك لەگۆڤاری رامان بلاوکرایەوەو دواتر لـەکتێبی رامـــان بـــەناوی"نامـــەکانی مەســـعود محەمەد"بلاوکرایەوە.

٢- ژیـان و جیهـانبینی"گفتوگـۆ لەگـەڵ مەسـعود محەمـەد"دا، ئـەمادەکردنی: هـەڵۆ بەرزنجی، ئەمە دواتر لەساڵی"٢٠٠١"دەزگای

چاپ و پەخشی سەردەم لەدوو توێی کتێبێکی بەنرخ خرایە روو.

**٣- دیداری ڕامان لەگەڵ مەسعود محەمەد:بەغەیری ئیمان بەحەق کە لە منداڵییەوە بۆم ماوەتەوە، کەس نییە لە ژێر تەئسیریدا بم، هەڤپەیڤینی ئازاد عەبدولواحێد، گ. ڕامان، هەولێر ١٩٩٩.**

**چوارەم:شوێنی لە کۆڕی زانیاری کورد:**

هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەزگای کۆڕی زانیاری کورد، ڕۆڵێکی دیار و کارامەی بینیوە، بە جۆرێ سەرەڕای ئەوەی کرابووە ئەندامی کارای کۆڕ، لە هەمان کاتیشدا کرابووە دەمڕاست و قسەکەری یەکەمی کۆڕی زانیاری کورد و لە هەموو لیژنەکانی"زمانەوانی، زاراوە، ئەدەب،...هتد"بەشداری کردبوو لە هەر هەمووشیان کرابووە دەمڕاست.

**دوا وتە:هەندێ لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد لە بارەی ئەم زاتە پیرۆزەوە وتەی زۆر بە نرخیان هەیە ، لێرەدا تەنیا دوو نموونەوە دەهێنمەوە:**

**مامۆستای گەورە و خوالێخۆشبوو(د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف)دەڵێت (( هەموو ئەو نووسینانەی کە تاکو ئێستا لە بارەی زمانەوە نووسراون ، ناگەنە قوولە پێیەکی نووسینەکانی مەسعوود محەمەد)).**

**مێژوونووسی گەورەی کورد(د.کەمال مەزهەر)دەڵێت((مەسعوود محەمەد پیاوێکی زۆر گەورە بوو، برنادشۆی کورد بوو)).**



# گەشەکردنی زمان

وەرگێڕانی : د . ئازاد ئەمین باخەوان و د . لەیلا جەلیل
بەشی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی کەرکوك

گەلێك هۆکار هەیە کاردەکاتە سەر گۆڕانی زمان ، گرنگترینیان ئەم شەش خاڵەی خوارەوەن:

یەکەم : هۆکاری کۆمەڵایەتی کە لەم خاڵانەدا خۆی دەنوێنێت ، وەك :

شارستانیەتی نەتەوە و سیستەمەکەی ، داب و نەریت، بیروباوەڕی و چالاکییە کارەکی و هۆشەکییەکانی ، ڕۆشنبیری گشتی و لایەنی فیکری و لایەنی ویژدانی و هەڵچوونی و ...هتد.

دووەم : کارتێکردنی زمان بەهۆی زمانەکانی دیکەوە .

سێیەم : هۆکاری ئەدەبی ، کە بەهۆی کۆمەڵێك کەسەوە دێتە بەرهەم ، کە قسەی پێدەکەن و شتی پێدەنووسن، یان بەهۆی ئەو هەوڵانەی، کە لە لایەن پەیمانگا و فێرکردن و کۆڕی زمانەوانییەوە پەڕەی پێدەدرێت بۆ پاراستن و برەوسەندنی .

چوارەم : گواستنەوەی زمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە .

پێنجەم : هۆکاری سروشتی ، کە لە دیاردەی جوگرافیا و فیزیالۆجیدا خۆی دەنوێنێت.

شەشەم : هۆکاری زمانی : ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانەکە خۆی و سروشتی دەنگەکانی و ڕێزمان و ناوەڕۆکی و ...هتد.

هەروەها ڕەگەزەکانی زمان خۆیان کارلەیەکتری دەکەن بۆ گەشەکردنی زمان .

لێرەدا دەمانەوێت بە شێوەیەکی جودا لە هەر یەك لەو شەش خاڵانەی

سەرەوە بدوێین . خاڵی حەوتەمیش بکەین بە کورتەی ئەم باسە ، کە سەبارەت بە یاساکانی گەشەکردنی زمانییەو کارتێکردنی دیاردە کۆمەلایەتییەکانە .

١- کارتێکردنی هۆکاری کۆمەڵایەتی لە تایبەتمەندێتی زمان و گەشەکردنیدا:

زمان (هەر زمانێك بێت ) بەهۆی شارستانیەتی نەتەوە و سیستەمەکەی و داب و نەریت و بیروباوەڕو بۆچوونی هۆشەکی و پلەی ڕۆشنبیری و تێڕوانینی بۆ ژیان و کاروباری کۆمەڵایەتی گشتی و ...هتد کاری تێدەکات . هەر گەشەکردنێك لە هەریەك لەو ڕوداوانە ڕوودات لە دەربڕیندا ڕەنگ دەداتەوە . بۆیە زمان بە ڕاسترین دەفتەر دادەنرێت بۆ مێژووی گەلان . بەڕاوەستان لە سەر ئەو قۆناغانەی کە زمانێك بڕیویەتی و لەژێر ڕووناکی تایبەتمەندێتی هەر قۆناغێك ، دەتوانین لە هەموو ڕوویەکی ژیانیانەوە ئەو ڕۆڵانە دەرخەین ، کە خەڵکەکەی پێیدا تێپەڕیوە .

هەرچەندە شارستانییەتی نەتەوە بەراوان بێت و پێویستییەکانی ژیانیان زیادبکات و بیرکردنەوەیان لە ئاستێکی بەرزدابێت و لە ڕووی دەروونییەوە چاکساز بێت ، زمانەکەی هەڵدەستێتەوە و گەشە دەکات و شێوازی خۆی دەگرێت و هونەری وتنی تێدا جۆربەجۆر دەبێت ، واتایوشە کۆنەکانی وردتر دەبێت و وشەی دیکەشی دێتە ناوەوە ، ئەویش بەهۆی داڕشتن و وەرگرتنەوە ، بۆ ئەوەی بتوانن ناوی شتی تازەی لێ بنێن و بیروبۆچوونی نوێی پێ دەربڕن ...هتد. زمانی عەرەبی گەواهی ڕاستی وتەکانمانە ، بەوەی کە ( عەرەب ) لە سەردەمی نەزانیندا بەهۆی هاتنی شارستانیەتی ئیسلامەوە گۆڕانی بەسەردا هات . هەروەها لەو چوارچێوە بەرتەنگەی (بەنی ئومەیە)دا بۆ مەدەنییەت و بەرەو ئاسۆیەکی جیهانی بەرفراوان گۆڕانی بەسەردا هات بەتایبەتی لەسەردەمی (عەباسییەکاندا) . بۆیە ئەم دوو گۆڕانە گەورەیە کارێکی زۆری کردە سەر گەشەکردنی زمانی عەرەبی و هەستانەوەی بەتایبەتی لە بەکارهێنانی لە شێوازێکی بەرزدا و بەرفراوانبوونی لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب و هەموو بوارە زانستییەکانی دیکەدا . بێگومان گواستنەوەی نەتەوە لە ژیانی کۆچەرییەوە بۆ شارستانیەت دەبێتە هۆی گۆڕان و چاککردنی زمانەکەیان و بەرزبوونەوەی شێوازوبەرفراوانی چوارچێوەکەی و لەناوبردنی زبری و ڕەقی زمان و نەرمی لە دەربڕین و واتادا . ئەگەر بەراوردییەك لە نێوان زمانی عەرەبیدا بکەین لە

سەردەمی پێش ئیسلام و کۆچەریدا و پاش هاتنی شارستانیەتی ئیسلام یان ئەوانەی لە دێهات دادەنیشن لە هەر سەردەمێکدا بێت لەگەڵ ئەوانەی لە (شار ) دادەنیشن ، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن ، بۆنموونە ئەو پیاوە کۆچەرییەی کە دەیەوێت ستایشی ( ئەمیر ) بکات و دەڵێت : انت کلکلب فی حفاظك للعهد وکالتیس في قراع الخطوب
لێرەدا ئەو شاعیرە کۆچەرییە، (ئەمیری) چواندوە بە (سەگ) و (بزن _ سابرین).
بەڵام پاش ئەوەی شارستانیەتی (بەغدا) گۆڕ و توانی ئەم بەیتە چاکە بڵێت :

عیون المها بين الرصافة والجسر          جلبن الهوى من حيث ادرى ولاادرى

جگە لەمانە دەبێت ئەوەش بوترێت ،کە ڕووی چالاکییە ئابورییەکان شەقڵێکی تایبەت بە زمان دەبەخشێت و لە وشەکان و واتاکانیان و شێوازو پێکهاتەیاندا دەردەکەوێت .

ڕووی چالاکییە ئابورییەکان شەقڵێکی تایبەت بە زمان دەبەخشێت و لە وشەکان واتاکانیان و شێواز و پێکهاتەیاندا دەردەکەوێت .پاشان ڕواڵەتی زمان لەلای نەتەوە و لە ناوچەکاندا جیاوازی نیشان دەدات، ئەویش بەپێی جیاوازی جۆری بەرهەم و سیستەمی ئابووری و کاروباری ژیانی ماددی و بەپێی پیشەی باو ، وەك : (کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و ڕاوکردن و شوانی و ...هتد)، هەروەها ئەم ڕواڵەتانە کاردەکاتە سەر دەنگەکانی زمانیش . جۆری کارکردنی خەڵکانی ناوچەیەك تایبەتمەندییەك بە ئەندامەکانی ئاخافتنی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەبەخشێت بەتایبەتی شوێنی درکاندنی دەنگ و ئاوازەی وشەکان و ڕێگاکانی گەشەکردنی دەنگی.

زمان ئاوێنەیە و کاروباری کۆمەڵایەتی گشتی ئەو خەڵکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، کە ئاخافتنی پێ دەکەن، وەك: بیروباوەڕی نەتەوە و داب و نەریتەکانی، هەروەها ئەوانەی دەکەونە ژێر پرنسیپەکانی سیاسەت و دەستور دانان و دادوەری و ڕەوشت و پەروەردە و ژیانی خێزانی و ئارەزووکردنی بۆ جەنگ یان لایەنگیری ئاشتی یان ئەو بیروڕوایانەی سەبارەت بە مۆسیقاو پەیکەرتاشی و وێنە و وێنەگرتن و تەلارسازی و هەموو جۆرەکانی دیکەی هونەرە جوانەکان... هەموو

ئەمانە ڕەنگێکی تایبەت بە ڕواڵەتەکانی زمان دەبەخشێت، وەك: دەنگەکانی زمان و وشەکانی، واتاکانی و ڕێزمانی و شێوازەکانی و ... هتد. بۆ نمونە پلەی نزیکی کەسێك بەخێزانی باوکییەوە یان دایکییەوە دەبەستێتەوە. ئەو نەتەوانەی کە بەپێی سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆیان ئەم دوو خێزانە، واتە (کەس و کاری باوك یان دایك) لە یەك پلە و ئاست دادەنێن یان (بەیەك چاو سەیریان دەکەن)، دەبینین تەنها یەك وشەیان بۆ بەکاردەهێنن، وەك : لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (uncle) بۆ (مام و خاڵ) بەکار دێت. یاخود سەبارەت بە خوشکی باوك و خوشکی دایك تەنها وشەی (aunt ) بەکار دەهێنن . هەروەها بۆ کوڕی مام و کوڕی پوور و کوڕی خاڵ و کوڕی میمك بێ جیاوازی وشەی (cousin ) بۆ بەکار دەهێنن .

لە هەمان کاتدا ئەو نەتەوانەی جیاوازی لە سیستەمی کۆمەڵایەتییاندا هەیە، بەرانبەر بەو دوو خێزانە دەینێن ئەو وشانەی بۆ کەس و کاری دایك بەکاردێت، جیاوازە لەو وشانەی کە بۆ کەس و کاری باوك بەکاردێت، واتا یەك وشە بەرانبەر ( برای باوك و برای دایك ) بەکارنایەت، بەڵکو دوو وشە بەکاردێت، وەك لە عەرەبیدا هاتووە: العم، الخال، العمة، الخالة، ابن العم، ابن العمة، ابن الخال، ابن الخالة، بنت العم، بنت العمة، بنت الخال، بنت الخالة... هتد.

تێبینی:

((تاڕادەییێك لە کوردیشدا هەر وایە وەك : ( مام ، خاڵ ) دوو وشەی جیاواز بۆیان بەکاردێت. بەڵام سەبارەت بە (العمة، الخالة) لە دیالێکتی خوارووەدا بەبێ جیاوازی هەر یەك لەم وشانەیان بۆ بەکاردێت (میمك، پوور، پلە...)، کە دەشێت بۆ خوشکی باوك و خوشکی دایك بوترێت. تەنها گۆڕانەکە ناوچەییە. گەرمیان (میمك) و سلێمانی (پوور) و هەولێر (پلە) و .... هتد، بەڵام لە دیالێکتی ژووروودا دوو وشەی جیاوازیان بۆ بەکاردێت، بۆ خوشکی باوك (مەت) و بۆ خوشکی دایك (خالەت)، ئەمیش ڕەنگە کارتێکردنی زمانی عەرەبی بێت. هەروەها سەبارەت بە (ابن العمة، ابن الخالة) کوڕ مام و کوڕ خال بەکاردێت، بەڵام بۆ (ابن العمة) و (ابن الخالة) بێ جیاوازی پوورزای بۆ بەکاردێت . نەك وەك زمانی عەرەبی دوو وشەی بۆ بەکاربەرن. هەروەها لە ناوچەکانی (خانەقین) و دەوروپشتی بۆ خوشکی دایك (تاتی) و بۆ خوشکی باوك (میمك) بەکاردێنن —

وەرگێڕ).

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە کە نەتەوە ئاراستەی پرنسیپی یەکسانی بەرێت یان لەو پەرنسیپە لابدات بەرەو سیستەمێکی چینایەتی. ئەوەی کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان پێیدا دەڕوات، کاردەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی زمان تەنانەت کاردەکاتە سەر لایەنی ڕێزمانیش، بە وێنە دووان لەگەڵ کەسێکدا کە (تاکە) بە هۆی جێناوی کەسی (کۆ) گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێت، وەك لە عەرەبیدا دەوترێت (أرجو أن تتفضلوا ...). یان بۆ بەجێهێنانی پەیامێك لە شێوەی هەواڵ بۆ نادیار، دەوترێت: (يتفضل سيدي ...) .

(لەکوردیشدا زۆر جار بۆ پیاوی گەورە و دانانی ڕێزێك بۆ پلەو پایەی دەوترێت: بەڕێزتان — جەنابتان — ئێوە ... هتد وەرگێڕ).

ئەم هەموو شتانە شێوازی گەورەکردن نییە لە زماندا، بەڵکو لادانی خەڵکەکەیە لە پرنسیپی یەکسانی و زیادکردنی جیاوازی چینایەتی.

بۆیە لەم ڕووەوە گەشەکردنی جێناوەکان لە لای هەر نەتەوەیەك بە ڕاستترین تۆمارکراو دادەنرێت. بۆ نموونە لە زمانی ( فەڕەنسی )دا ململانێ هەیە لە نێوان جێناوی (tu) — (تۆ) و (vous) (ئێوە)دا لە دواندنی تاکدا. ئەمیش ڕاستترین نموونەیە بۆ قۆناغەکانی ململانێی نێوان گیانی یەکسانی و سیستەمی چینایەتی لە نێوان گەلی فەڕەنسیدا. جێناوی یەکەم (تۆ) بە زۆری لەو چاخانەدا بەکاردەهات کە شەنگستەکانی یەکسانی لە نێوان ئەو گەلەدا هەبوو، بەڵام پاشان کە شەنگستەکانی یەکسانی لاواز بوو جێناوی دووەم (ئێوە) بەکارهات. هەروەها ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە زمانی عەرەبیشدا هەیە. عەرەب لە سەردەمی (جاهلیدا)، واتە پێش ئیسلام لە هەموو نەتەوەیەك زیاتر ئارەزووی یەکسانیان هەبوو لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکەیاندا. بۆیە جێناوی تاکیان لە قسەکردندا بەکاردەهێنا. هەروەها لە زمانەکەیاندا پیاهەڵدان و گەورەکردنی تێدا نەبوو. تەنانەت ( قورئان )یش ئەم ڕێبازەی گرتەبەر لە کاتی دووان لەگەڵ خوای گەورەدا، بەڵام بەم شێوەیە نەما، بە تایبەتی پاش فراوانبوونەوەی موڵك وماڵیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا و نوقم بوونیان لە خۆشگوزەرانی و لاساییکردنەوەی شانوشکۆی فارس و شێوازی ژیانیان. بەتایبەتی

دەوڵەمەندەکانیان لە خۆ بەزلزانین بەرانبەر بە چینە هەژارو بێ دەستەڵاتەکان. بەم جۆرە لەسەر شەنگستی یەکەمیان نەمانەوەو لایاندا . بەم لادانەش شێوازی زمانیشیان بەرەو لادان چوو. بۆیە دواندنی ( تاك ) بە جێناوی ( کۆ )ی تێدا بەکارهێنرا . هەروەها شێوازی دواندنەکانیان لەسەر شێوازی نادیار بوو.

بۆیە وشەی جیاوازی چینایەتی لە لای هەندێك نەتەوەدا و ئەوەی دەبێتە هۆی ئەم جیاوازییە لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەو وشانەی کە هەر چینێك بۆ کاروباری خۆی بەکاری دێنێت. بۆ نموونە ئەو وشانەی کە بۆ هەموو جۆرەکانی داهات و کرێ بەکاردەهێنرێت، بڕی جیاوازی نێوان ئەم وشانە لە لای نەتەوەیەك نیشاندانی جیاوازییە لە نێوان چینەکانی ئەم نەتەوەیە لە ئاستی ژیاندا. هەر وشەیەك کە بەکاردێت لە وێنەیەکدا ئاماژە بۆ جۆری کاری ئەو چینە دەکات. واتە وشەکان داهات و چالاکییە ئابورییەکەی و پلەو پایەی لە ناو چینەکاندا دیاری دەکات . بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسیدا وشەیەکی تایبەت بەکاردێت بۆ هەرکەسێك کە داهاتەکەی هی هەژار بێت یان خزمەتکاربێت یان کرێکاری ڕۆژانە بێت یان کرێکاری هەمیشەی بێت یان هونەرمەندبێت یان ڕۆژنامەنووس بێت یان قەشە بێت یان سەرباز بێت یان ئەفسەر بێت یان کارمەندی نادەوڵەتی بێت یان کارمەندی دەوڵەت بێت یان خاوەنی پیشەی سەربەست بێت وەك پزیشك و پارێزەر و خاوەن زەوی و زاری کشتوکاڵی بێت و ئیدی لەو جۆرە ، یان بەشداری کۆمپانیایەك بێت یان پەرلەمانتارێك بێت... هتد.

هەر وشەیەك لەم وشانە کە بۆ داهات یان چالاکی ئابووری یان پایەی لە نێو چینەکاندا دانراوە. لە بنەڕەتی زمانیداو لە وێنەیەکدا ئاماژەکردنە بۆ کاری هەر چینێك . کەواتە ئەو وشەیە کە بۆ (داهات) دیاری کردن دانراوە، هۆکارێکە بۆ زانینی ئەو کەسە کە سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا.

زۆر جار وا ڕوودەدات کە جیاوازی نێوان خەڵك لە ڕووی چینایەتییەوە یان ئەو کۆمەڵەی کە تیایدا دەژیت ببێتە هۆی جیاوازی چەمك و بیری ( مدلول ) وشە ، کە واتای یەکەمی نەبەخشێت و لە واتاکەی خۆی دەرچێتە دەرەوە . ئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ناو یەك کۆمەڵگادا بەیەك زمان قسە دەکەن، جیاوازی

نیشان بدەن لە تایبەتمەندی دەروونی و کاروباری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەو شێوازی بیرکردنەوەو ویژدان و ئاستی بژێوی و ژیانی خێزانی و داب و نەریت و ... یان هەر چینێك کە ئەو کارەی دەیکات، شارەزای ئەرکەکانی بێت. هەر پیشەو وەزیفەیەك پاشماوەیەکی قووڵ لە مێشکی ئەو کەسانەدا بەجێ دەهێڵێت کە پێوەیەوە خەریکن. تاکەکانی هەر چینێك پێویستی بەوە هەیە لە دەربڕیندا وردو خێرابێت و لەو ڕووەوە زاراوەی تایبەت دروست بکات کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زۆر بەکاردێت و زۆر سەرنجیان ڕادەکێشێت یان بە بەکارهێنانی وشەیەك کە بۆ ئەو مانایە دانەنراوە یاخود هەندێك لە چەمك و بیری وشەکە وەردەگرێت، بۆ دەربڕینی ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندیان بە کارو پیشەکانیانەوە هەیە ... هتد .

ئاشکراو ڕوونە ئەم جۆرە بەکارهێنانەی وشە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وشەیە لە چەمك و بیرە سەرەکییەکەی خۆی لابدات. ماناکانی بە پێی هەر چینێك و کۆمەڵێك تێڕوانینی جیاوازی هەبێت. واتا هەر چینێك بە پێی بۆچوونی تایبەتی خۆی لە واتای وشە کە دەگات کە جیاوازە لە تێگەیشتنی چینەکەی تر.

هەروەها زمان بە پێی بیرو بۆچوونی گشتی نەتەوەو دوارۆژو تێڕوانینیان بۆ ژیان پێك دێت ، بۆ نموونە تێڕوانینی ئینگلیز لە بواری کارەکیدا زمانەکەیان لە ڕووی وشەو پێکهاتەکانیدا ڕەنگێکی ماددی بەخۆیەوە گرتووە وەك دەڵێن :
(سەردانێکی کرد، یان سلاوێکی لێکرد یان سوپاسێکی کرد یان سەرنجێکی لێدا) بەلام لە ڕستە ئینگلیزیەکەدا وا هاتووە کە وەك چۆن بووترێت (پارەی پێدا یان ماڵی پێدا) بە شێوەیەکی ماددی دەوترێت (سەردانێکی پێدا، یان سلاوێکی پێدا، سوپاسێك یان سەرنجێکی پێدا) لێرەدا ( پێدان ) واتایەکی ماددی بە خۆوە گرتووە . وەك ئەوە نییە بووترێت (سلاوێکم لێی کرد) یان (سوپاسێکم کرد) سەرنجێکی لێدا .. هتد .

ڕەوشت بەرزی و ئەدەبی خەڵك لە کاروبارو مامەڵەکردن و پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەتی لەو وشەو پێکهاتەکانی. بۆ نموونە لە (زمانی لاتینی)دا هیچ شەرم نییە باسی ئەندامی شەرمی مرۆڤ بکرێت، یان هەندێك کاروباری شەرماوی هەیە کە دەشێت بە چەند دەستەواژەیەك پەردەپۆشی بکات ، بەلام لەو زمانەدا ئەو شەرمە نییەو

هەموو ناوەکان زۆر بە ڕاشکاوییەوە دەردەبڕن . بەرانبەر بەمەش زمانی عـەرەبی لە پاش هاتنی ئاینی ئیسلام لەم ڕووەوە زۆر بەشـەرم و شـکۆوە ئـەو دەربڕینانـە پـەردەپۆش دەکـات و دەگەڕێتـەوە بـۆ خـوازە (المجاز) و درکـە لـە دەربڕینـدا وەك:(القبل، الدبر، قارب النساء، لمس امرأتـة، قـضي حاجتـه..الخ) لـەم ڕووەوە وشەکانی قورئانی پیرۆز دەستەواژەکانی چـاکترین نموونـەن وەك: ((نـساؤکم حـرث لکم فأتوا حرثکم أنی شئتم)) یان ((واهجروهن في المضاجع)) یان ((احل لکم لیلة الصیام الرفث الی نسائکم)) یان ((فـاعتزلوا النـساء في المحیض)) یـان ((والـذین یظاهرون من نسائکم ثم یعودون لما قالوا فتحریر رقبة من قبـل أن یتماسـا))... هتد. لەم جۆرە ئایەتە پیرۆزانەدا وشەو دەستەواژەی جـوانی تێـدا بـەکارهێنراوە. تەنها زمانی عەرەبی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی تێدا نییە، بەڵکو زمانە ئەوروپییـە نوێکانیش بە تایبەتی بەشی باکوریان بەم جۆرەیە.

لەم ڕووەوە زمانی ئینگلیزی زۆر پابەندە بۆ نموونـە: وشـەی ( زگ ) لـە زمانی قسەکردندا بە ناوی خـۆی نـاوی ناهێنرێـت، بـەڵکو پێـی دەوترێـت (the stomach) بـە واتـای ( گـەدە ). ئـەم وشـەیەش کـورت دەکرێتـەوە دەوترێـت (tummy) هـەروەها وشـەی (دەرپێـی پیـاوان) وشـەیەکی بـۆ بـەکاردێت وەك (inexpressible) واتە نـاتوانین دەریـبڕین. هـەروەها (دەرپێـی ژنـان)یـش پێـی دەوترێت (combination) کە بە مانای (کـۆ) یـان (دروسـتکردنی پێکهێنـان، لێکدان) دێت... هتد.

تایبەتمەندی نەتەوەیەك لە ڕووی هۆش و پەسەندی لە درککردن و ویـژدان و ئارەزوومەندی وڵات و ڕادەی ڕۆشـنبیری و ئاسـتی بیرکردنـەوە و ڕێبازەکـەی و شرۆڤەکردنی دیاردە گەردوونییەکان و تێگەیـشتن لـەودیوی سروشـت و ...هتـد. هەموو ئەمانەو شتی دیکەش لە زمانەکەیدا دەنگ دەداتەوە. لە لای ئەو نەتەوە سەرەتاییانەی کە کورت بینن و بیرکردنـەوەیان سـنووردارەو ئاسـتی درککردنیـان نزمە، وشەکانیان زیاتر ئەو وشـانەن کـە دەلالـەت لـە شـتە مادییـەکان و شـتە بچووکەکان دەکات و وشەی وایان نییە کە دەلالـەت لـە مانـای گـشتی بکـات. هەروەها واتای وشەکانیان زۆر وردو پڕ بە پێستی شـتەکان نییـە. بۆیـە هەڵـەو گومان و لێڵی تێدا زۆر دەبێت. ڕێزمانەکەشی بەرەو داماڵین و ڕووتانـەوە دەڕوات یان دەتوانین بڵێین ڕێزمانەکەی دادەماڵرێت لە دیاردەی گەردان و داڕشتن و پێکەوە

بەستنی ڕەگەزەکانی ڕستەو دەستەواژە. ئەمیش وا دەکات ناوەڕۆکی زمان بەرەو تەنگ بوون بەرێت و بواری ئەوەی نامێنێت فراوانتر بێت، بەڵکو تەنها پێویستییەکانی ژیان دابین دەکات. لەم ڕووەوە دەشێت نەتەوەکانی (چین) وەرگرین. کە زمانیان سەرەتایی و سادەیە لە ڕووی وشەو واتاو ڕێزمانەوە، بۆیە تەنها دەتوانن پێویستییەکانی ژیانی خۆیان و کارە دەستییەکان و ئەدەبێکی سادەو ساکار و تێڕامانێکی کەم دەربڕن. بەڵام ناشێت بەرفراوان بێت بۆ زانست و فەلسەفەو ئاین، بە مانای بەکارهێنانی وشەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست. بۆ نموونە ناوی خوایەکی تێدا نییە. کاتێك باسی ئەودیوی سروشت دەکات بە کۆمەڵێك دەستەواژەی خواروخێچ و لێڵ و واتای شێواو دەست پێ دەکات، کە خۆیشی نازانێت مەبەستی چییە. لە لای زۆربەی نەتەوە سەرەتاییەکان پاشاگەردانی و لێڵی لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەویش بە هۆی سادەیی و ساکاری عەقلیەتی قسەکەرانەوەیە کە ناتوانێت بە تەنیا مانایەکی ڕوون و ئاشکرا دەربڕێت. هەتا خۆیان لە ناو خۆیاندا ناچارن لە کاتی قسەکردندا پەنابەرنە بەر بزووتنەوەو جووڵەی دەست و لەشیان بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە ناتوانن بە (وشە) ئەو مانایەی دەیانەوێت دەریبڕن. سەبارەت بە هۆزی ( بۆشیمان — Bochimans) دەگێڕنەوە (خێڵێکی سەرەتاییەو لە خوارووی ئەفریقیا دەژین). ئەگەر ویستیان بەشەو لەگەڵ یەکتردا قسە بکەن ناچارن ئاگر بکەنەوە بۆ ئەوەی ئاماژەو هێمای دەستی و لەشی یەکتر ببینن، چونکە ناتوانن بە قسە کردن هەموو شتەکانیان دەربڕن، بەڵکو بۆ تەواو کردنی قسەکانیان پێویستیان بە جووڵان هەیە، تاوەکو مەبەست و مەرامیان دەربڕن). زانایانی (ئەنترۆپۆلۆژیا) پاش تۆژینەوە گەیشتوونەتە ئەوەی بڵێین عەقڵیەتی خەڵکە ڕەسەنەکانی (ئەمریکا و ئوسرالیا و ئەفریقیا) لە گەلێك ڕواڵەتیدا درك بە واتای گشتی ناکەن.

ئەم عەقڵ پەی پێ نەبردنەش لە زمانەکەیاندا ڕەنگی داوەتەوە ، تەنانەت لە زۆربەیاندا وشەیەك نادۆزرێتەوە مانایەکی گشتی ببەخشێت، بۆ نموونە لە زمانی (هیندییە سورەکاندا) وشەیەك هەیە واتای داری بەڕووی سوور دەدات و وشەیەکی دیکەیان هەیە واتای (دار بەڕووی ڕەش) و ... هتد دەگەیەنێت. بەڵام هیچ وشەیەکیان نییە واتای (دار بەڕوو) بگەیەنێت، چاکتر وایە بڵێین هیچ

وشەیەکیان نییە بە شێوەیەکی گشتی واتای (دار) ببەخشێت . لە زمانی (هرونییەکاندا — Hurons) (کە خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکای باکورن ) بۆ هەر کردارێکی (تێپەڕ) وشەیەکی تایبەتیان هەیە، بەڵام بۆ کردارەکە خۆی وشەیەك نییە واتاکەی ببەخشێت. لەم زمانەدا وشە هەیە (خواردن) دەردەبڕێت، ئەگەر خواردنەکە پەیوەندی بە (نانەوە) هەبێت، یان لە حاڵەتێکدا پەیوەندی بە ( گۆشت )ەوە هەبێت یان پەیوەندی بە (کەرە)وە هەبێت یان پەیوەنی بە (مۆز)ەوە هەبێت... هتد. بەڵام هیچ (کردارێك) یان (چاوگێك) نییە کە بە شێوەیەکی گشتی واتای (خواردن) ببەخشێت ، یان واتای (خواردن) لە کاتێك لە کاتەکان ببەخشێت ( بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا (کرمانجی ژووروو) نانی بەیانی (تێشت) نیوەڕۆ ( فراڤین ) ئێوارە (شیڤ) وەرگێڕ).

هەروەها زمانی خەڵکە ڕەسەنەکەی دوورگەی (تسمانیا — Tasmanie) کە نزیك (ئوستورالیا)یە لە زمانەکەیاندا وشەیەك نییە واتای (ئاوەڵناو) ببەخشێت . ئەگەر ویستیان وەسفی شتێك بکەن بە هۆی لێکچواندنەوە ئەنجامی دەدەن، بۆ نموونە بۆ باڵا بەرزی کەسێك دەڵێن (فلان کەس وەك داری ئەوەیە)، واتا دەڵێن فلان کەس ئەڵێی داری سنۆبەرە، یان (سەرووە) بە پێچەوانەی ئەمەشەوە گەلی (هیندۆ — ئەوروپی) بیرکردنەوە و تێڕامانیان زۆر چالاکەو زۆر بە قووڵی درك بە شت دەکەن و بە وردی لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن. عەقڵ (ژیری) بەرەو ڕامانێکی فەلسەفی ئاراستە دەکەن، هەروەها مەیلی شرۆڤەکردنی دیاردەی گەردوونی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەن بە شرۆڤەکردنێکی زانستی و پەیوەستی دەکەن بە هۆکارەکانی و یاسا گشتییەکانیەوە. لە زمانی ئەم جۆرە نەتەوانەشدا ئەو وشانە زۆر دەبن کە واتای گشتی دەبەخشن یان ئەو پێکهاتانەی کە ڕاستییەکان دەردەبڕن، هەروەها کات لە کردارەکاندا زۆر دەبێت و ڕستەشیان درێژ دەبێت و پارچەکانیشی زیاد دەکات و ئامرازەکانی بەستنیش جۆراو جۆر دەبێت و واتاشیان جیاواز دەبێت . ئەمیش دەبێتە هۆی فراوانکردنەوەی بواری دەربڕینی (ویژدان) زۆر بە وردی و درککردنێکی زۆر قووڵ و ڕاستی و دروستییەکانی فەلسەفەو زانست. مانای وشە لە زمانێکدا دەگۆڕێت بە پێی گۆڕانی ئەو کاروبارە کۆمەڵایەتییەی کە چواردەوری ماناکەی داوە. هەر گۆڕانێك لەم جۆرە، دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی مانای وشەکە بۆ مەبەستێکی تایبەتی .

هەروەها دەبێتە هۆی لادان (زۆر) یان (کەم) لە شێوەو ڕوخساری یەکەمی . بۆ نموونە لە زمانی عەرەبی و لە زمانەکانی دیکەدا ئەم گۆڕینی واتای وشەیە دەردەکەوێت و هەیە، وەك: وشەی (القطار) لە بناغەدا ئەم وشەیە بۆ ژمارەیەك حوشتر بەکار دەهات، کە یەك لە دوای یەك بەڕیز بڕۆن، ئەویش بۆ گواستنەوە یان بۆ سەفەرکردن، بەڵام ئێستا (واتا) ڕەسەنەکەی گۆڕا ئەویش بە پێی گۆڕانی هۆیەکانی گواستنەوە کە ئێستا بۆ کۆمەڵێك گالیسکە (عربات) بەکاردێت، کە ئامێرێکی هەڵمی بەکێشی دەکات (شەمەندەفەر).

هەورەها وشەی ( البريد ) جاران بۆ وڵاخێك بەکار دەهات، کە نامەیان لێی بار بکردایە، بەڵام ئێستا واتاکەی گۆڕاوە، ئەویش بە پێی گۆڕانی ڕێگای بەکارهێنانی نوێ بۆ گەیاندنی نامە. ئێستا ئەم وشەیە ( البريد ) بۆ مەبەستە نوێیەکە بەکار دێت .

هەروەها وشەی ( الريشه — PLUME ) جاران بۆ ئامێری نووسین بەکار دەهات، کە لە پەڕی پەلەوەرەوە وەردەگیرا، بەڵام ئێستا واتاکەی گۆڕاوە بە پێی گۆڕانی ئەم مادەیەی کە ئامێرەکەی لێ وەرگیراوە . ئێستا بە پارچەیەك ئاسن دەوترێت کە لە وێنەیەکی تایبەتیدا پێکهاتووە .

هەروەها دەستەواژەی (بنى الرجل على امرأته) وەك درکە (الكناية) بەکاردەهات کە پیاو لە ڕۆژی زاوا بووندا بچێتە لای ژنەکەی، چونکە لاوێکی کۆچەری ئەگەر ژنی بهێنایە، دەبوایە ڕەشماڵێکی نوێ بۆ ژنەکەی و کەس و کاری ژنەکەی دروست بکات، بەڵام ئێستا ئەو واتایەی ون کردووە بە هۆی نەمانی ئەم سیستەمەوە، کەچی ئێستاش وەك درکەیەك بەکاردێت کە واتای ژنهێنان دەبەخشێت .

لەسەردەمانێکدا لە ( فەڕەنسا ) ئەگەر کەسێك بەند بکرایەو کاری قورسی بەسەردا بسەپایە، سزاکەشی ئەوەبوو کە دەبوایە لە ناو پاپۆڕی پاشایدا سەوڵی لێبدایەو ئەم دەستەواژەیە یان بۆی بەکاردەهێنا. بەڵام ئێستا تەواو واتاکەی گۆڕاوە بە پێی گۆڕانی ئەو سیستەمەی کە پەیوەندی بەم سزادانە و جۆرەکەیەوە هەیە.

ئەگەر وشەیەك زۆر بۆ مانایەك بەکارهات ، واڕوویدا بۆ کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەوەی پەیوەندی پێوەیەتی بەکارهات ، بە هۆی تێپەڕبوونی کاتەوە

، ئەو وشەیە لە مانا بنەڕەتییەکەی ڕووت دەبێتەوە و تەنها لەو بوارەدا بەکاردێت کە زۆر بۆی بەکارهێنراوە .

هەروەها زۆر بەکارهێنانی وشەی گشتی بۆ هەندێك مانـا ، ئـەویش بـە هۆی بارێکی کۆمەڵایەتییەوە بێت ، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتـدا هـەموو ماناکـەی لەدەست دەدات و تەنها بۆ ئەو مانایانە بەکاردێت کە بەکارهێنانی بڵاوبۆتـەوە . بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا هەزاران نموونەی لەم جۆرە هەیە . وەك ئەو وشـانەی کە ماناکانیان گشتی بوو، بە هاتنی ئیسلام و بەکارهێنانی ئەو وشانە بۆ مانـای تایبەتی کە پەیوەست بوو بە باوەڕو داب و نەریتی حەج و ڕێکخستنی ئاینییەوە، وەك: (الصلاة و والحج و الصوم والمـؤمن والکـافر والمنـافق والرکـوع والـسجود ... والخ) بۆ نموونە وشەی (الصلاة) لە بنەڕەتدا بە واتای (الدعاء) هاتووە، بەڵام پاش ئەوەی لە ناو ئیسلامدا بڵاو بووەوە بۆ نوێژکردن و خواپەرستی بەکاردەهات، کـە بەو شێوەیەی دەبینرێت کە شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی پاڕانـەوە (الـدعاء). ئـەم وشەیە وای لێهات کە تەنها بۆ نوێژکردن بەکاربێت بۆ هیچ مەبەست و مانایەکی دیکە بەکار نەیەت . هـەروەها وشـەی (الحـج) لـە بنەڕەتـدا بـە واتـای (قـصد) مەبەست و ڕووتێکردن بەکار دەهات. بەڵام پاشان واتاکەی بۆ ڕووکردنە کەعبـەو ماڵی خوا (البیت الحرام) بڵاوبووەوە، تەنانەت وای لێهـات مانـا ڕاسـتەقینەکەی (قـصد) تـەنها بـۆ ڕێوڕەسمـەکانی حـەج بـەکاربێت و هـەموو ئـەو تایفەیـە بەکاریانهێناو شوێنی کەوتن .

هەروەها وشەی (الرث) کە بە واتای (کۆنە، شڕە، ڕزیو) دێت بەرانبەر بە وشەی (الخسیس) لە هەموو ڕوویەکەوە بەکار دەهات (خسیس) بە واتای (سووك، ڕیسوا، ناپیاو، نامەرد، بێ نرخ، قەمترە) دێت ، پاشان وشەی (الـرث) ماناکـەی بە تەواوی بەرانبەر بە (الخسیس) جێگیربوو.

وشەی (المُدام) لە بنەڕەتدا بە (کل ما سکن ودام) دێت . بەڵام پاشان بۆ وشەی (الخمر) بڵاوبووەوە چونکە (ئارەق – الخمر) دەبێتە هۆی کـوڵانی مێـشك و سڕکردنی، بۆیە ئەم وشەیە تەنها بۆ ئەو مانایە بەکارهات.

زۆر بەکارهێنانی مانای تایبـەتی بـۆ گـشتی لـە ڕێگـای فراوانبوونـەوە ئەویش بە هۆی بارێکی کۆمەڵایەتییـەوە لـە ئـەنجامی تێپـەڕبوونی کاتـدا مانـا تایبەتییەکەی لەدەست دەدات و مانایەکی گـشتی وەردەگرێـت . بـۆ نموونـە لـە

زمانی عەرەبیدا وشەکانی (البأس و الورد والرائد و النجمة ... وهلم جرا) لە تایبەتەوە بوون بە گشتی ، وەك (البأس) وشەیەکە لە بنەڕەتدا مانای (الحرب)ی گەیاندووە، بەڵام ئەوەندە زۆر بەکارهاتووە بۆ تەنگ و چەڵەمە بووە بە مانایەکی گشتی .

هەروەها وشەی (الورد) لە بنەڕەتدا بەواتایٍ (اتیان الماء وحده)ە، بەڵام پاشان بوو بە (اتیان کل شيء) بوو بە (وردا)، ئەویش لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان بووە بۆ مانا گشتیەکەی.

وشەی (الرائد) لە بنەڕەتدا بە مانای (طالب الکلأ) هاتووە، پاشان بوو بە (طالب کل حاجة رائداً).

وشەی (النجعة) لە بنەڕەتدا (طلب الغیث)ە (فریاکەوتن)، بەڵام پاشان گشتێنراو بەکارهێنانەکەی بوو بە (کل طلب انتجاعاً).

هەر لەم ڕووەوە دەتوانین زمانی فەڕەنسی وەرگرین و نموونەی لێ بهێنینەوە، بۆ وێنە وشەی (salaire) واتاکەی لە بنەڕەتدا ئەوە بوو کە ئەو پارەیەی بۆ سەرباز خەرج دەکرا بە مانای کە پێویستی بەخوێی چێشت هەیە. بەم جۆرە بەکارهێنانی بۆ واتای (کرێ) بڵاوبووەوەو تەنانەت واتا بنەڕەتییەکەشی لەبیر چووەوە . هەروەها وشەی (arriver) لە بنەڕەتدا واتای (گەیشتن بە کەنار) دەبەخشێت. پاشان ماناکەی (بە گەیشتنە کەنار) بڵاو بووەو ئەم شێوە گشتییەی بەخۆوە گرت.

هەروەها زۆر بەکارهێنانی وشەیەك بە واتایەکی درکەیی لەبەر هەر هۆیەکی کۆمەڵایەتی بێت ، زۆر جار ئەو بەکارهێنانە زۆرە دەبێتە هۆی لەناوبردنی واتا ڕاستەقینەکەی و ئەو (درکە)یە جێگای دەگرێتەوە، بۆ وێنە لە زمانی عەرەبیدا وشەکانی (المجد، الافن، الوغی، الغفران، العقیقة... هتد) باشترین نموونەن چونکە وشەی (المجد) لە بنەڕەتدا بە واتای سك پڕکردنی (وڵاخ) بەئالیك دێت، پاشان هێندە بەشێوەی (درکە) بەکارهات بۆ بەخشندەیی تا واتاکەی لەناوچوو و ئەم واتا درکییە بوو بە ڕاستییەك بۆ وشەکە.

هەر لە هەمان ڕوانگەوە وشەی (الافن) کە کەمی شیری حوشتر دەگەیەنێت، ئەوەندە بە (مجاز) بۆ کەمی (هۆش) بەکارهات، ئێستا واتای (کەمی هۆش)ی بەخۆیەوە گرتووە. مانای وشەی (الوغی) تێکەڵ بوونی دەنگەکان لە

کاتی جەنگدا دەبەخشێت، لە ئەنجامی بەکارهێنانـدا ئێـستا واتـای (جـەنگ)ی بەخۆیەوە گرتووە. مانای وشەی (الغفر) و (الغفران) لە بنەڕەتـدا لـە (الـستر)ەوە هاتووە، واتا ( پۆشـین ) کـە ئێـستا بـە واتـای (لـە گونـاهو تـاوان خۆشـبوون) دەبەخشێت.

هەروەها واتای وشەی (العقیقة) بەو (قژە) دەوترا کە لە سـەری منـداڵی سك دایك دەردەچوو، پاشان ئەو مانایە گۆڕاو بە هەموو ئەو قوربانیانە دەوترا کە لە پاش تاشینی ئەو (قژە) سەردەبڕان.

هــەروەها زۆر بــەکارهێنانی دەســتەواژەی نــەهی کــردن دەبێتــە هــۆی داماڵینی واتا بنەڕەتییەکەی و واتایەکی گشتی و ڕەها بەخۆیەوە دەگرێـت و وای لێ دێت ببێتە یەکێك لە ئامرازەکانی (نەریّ)، بۆ نموونە وشەکانی (أحـد — قـگ — أبداً ... هتد) لە زمانی عەرەبیدا باشترین وێنەن، هەروەها وشەکانی (rien) و (pas) و (personne) هتد لـە زمـانی فەرەنـسیدا نموونـەی ئاشـکران. کـە لـە سەرەتا دەستەواژەیەکی نەهی کردن بوونە و پاشان بوونە بە ئامرازی (نەهی).

هەروەها بەکارهێنانی وشـەیەك لـە بـوارێکی هونەریـدا بـۆ مانایـەکی تایبەتی بەکارهات لە واتا زمانییەکەی دایدەماڵێت و تەنها واتایـەکی زاراوەیـی پێ دەبەخشێت. بۆ نموونە زاراوەکانی (ئەدەب و فەلسەفەو و یاساو کۆمەڵایەتی و زانست و هونەرو ... هتد) دەچنە ژێر ئەم بوارەوە . هەروەها ئەویش دەبینین کـە وشەیەك لە بواری هۆنراوەدا بە واتایەك بەکاردێت و لە بواری نامەدا بەواتایەکی دیکەو لە بواری (ڕامیاریدا) بە واتای سێیەم و لە (یاسا)دا بە واتای چوارەم و لە (هونەری جەنگدا) بە واتای پێنجەم و لـە (سروشـتدا) بـە واتـای شەشـەم و لـە (نوشداریدا) بە واتـای حەوتـەم و ... هتـد). هـەروەها پێویـستییەکانی ژیـانی کۆمەڵایەتی و کاروبارەکانی گرنگترین هۆکارن بۆ دروستبوونی ئـەو وشـانەی کـە پێشتر لە زمانەکەدا نەبووە، یان دەست لێ هەڵگرتن لە هەندێك وشە کـە پێـشتر بەکار دەهات یاخود نەمان و لەناوچوونی وشـە بـە شـێوەیەکی تـەواو . کەواتـە گرنگترین هۆکاری دروستبوونی وشەکان لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ ناولێنانی شـتە کۆمەڵایەتییە تازە داهێنراوەکـان وەك پێویـستییەك بۆیـە سیـستەمی نـویّ لـە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئـابووری و ئـەوانی تـر یـان تیـۆری تـازەی زانـستی و فەلسەفی و داهێنانی ماددی نویّ و... هتد، هۆکارن بۆ دروستبوونی وشەی نویّ.

هەروەها گرنگترین هۆکاری لەناوچوونی وشە لە بەکارهێناندا دەگەڕێتەوە بۆ لەناوچوونی واتاکەی، لەچوار چێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا یان هەر بەکارنەهێنانی. ئەم لەناوچوونی (وشانە)ش لە بوارەکانی جل و بەرگ و شتومەك و کەرەستەی جەنگ و ئامێری گواستنەوەو کەرەستەی پیشەسازی و پێوانەیی و پارەو ڕواڵەت و دیمەنی چالاکییەکان و سیستەمی کۆمەڵایەتییە لەناوچووەکان. یان ئەو ڕژێمەی کە لەناودەچێت لەگەڵ نەمانی خۆیدا، ئەو وشانەشی لەناوبرد کە مەبەستی ئەو ڕژێمەیان دەگەیاند. بۆنموونە گەلێك وشە لە زمانی عەرەبیدا بە لە ناوچووی سیستەمی (جاهلي) و هاتنی ئیسلام لەناوچوون و بەکار نەهاتن وەك بەشەکانی: (المرباع و الصرورة و النوافج) هەروەها بە هەمان هۆکار لە زمانی فەرەنسیشدا گەلێك وشە لەناوچوون و بەکارنەمان وەك:ـ

Veste , casaquin , cabas , carosse , soupentes , briquet , pacotille , correttefregate , rutot , boule , arpent , ect , tiard , toise ….ele .

تێبینی:

المرباع: چواریەکی تالآنی دەکات ، کە سەرۆك خێڵەکانی ئەو سەردەمە بۆ خۆیان وەریان دەگرت.

الصرورە: ئەو کەسەی دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری و ژن ناهێنێت خەریکی مێبازی دەبێت.

النوافج: شیربایی وەرگرتن بە هوشتر.

* ژێدەر: د. علی عبدالواحد الوافي، اللغة والمجتمع.

# لادان و جۆرەکانی لە شیعری نوێی کوردیدا

## هەندێ لە شیعرەکانی ( نەجات ئەسپیندارەیی ) وەکو نمونە

ئیدریس عەبدوڵلا
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین

**پێشەکی**

شیعری نوێی کوردی کە زیاتر لە شەپۆلێکی هەیەو بە زیاتر لە سیماو شێوازێك دەناسرێتەوە، وای لێهاتووە ببێتە مادەیێکی باش بۆ لێکۆلینەوە...

لێکۆلینەوە شێوازگەرییەکان لە ڕۆژی ئەمڕۆمان واقیعێکی دیکەیان لە ئاقاری لێکۆلینەوە ئەدەبی و زمانییەکاندا هێناوەتە پێش، کە بە شێوەیێکی گشتی شێواز واتە لادان و لادان واتە شێوازی تایبەت...

(نەجات ئەسپیندارەیی)ش یەکێکە لە شاعیرانی نوێی هەولێر، ساڵانێکە شیعرەکانی لە گۆڤار و ڕۆژناکاندا بلاۆدەکاتەوە، ماوەیەکیشە دیوانێکی بلاۆمانسیانەی (گورگنامە)ی بلاوکردەوە...

لەبەر هەموو ئەو خاڵانەی سەروو: لەم لێکۆلینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر دوو جۆری لادان و نمونە بۆ ئەم دوو جۆرەی لادان لە شیعرەکانی ئەسپینداری وەکو مۆدەیێکی شیعری نوێی کوردی وەردەگرین، بە ئومێدی سوود گەیاندنی.

**پێناسە**

لە سادەترین پێناسەیدا مەبەست لە لادان، لادانی قسەکەر (نێرەر)ە، لە باری ئاسایی ئاخاوتن و دروستکردنی وشەو دەستەواژەو دەربڕین و ڕستەکانی بە شێوازێکی دیکەی تایبەت و جیا لە بنەماکانی ئاخاوتنی ئاسایی.

**جۆرەکانی لادان**

بە بەرچاوگرتنی ئەو شوێنەی لە دەقدا لادانی تیا ئەنجامدەدرێت، ئەوا لادان بە هەموو پێکهاتەی دەقەکەدا درێژدەبێتەوەو لە هەر شوێن و ڕستەو پەرەگرافێکدا دەشێ لادانێك، یان دووان و سیان و زیاتریش دەربکەون، بۆیە شێوازگەران گوتوویانە ئەم هۆیەی درێژبوونەوەی لادان بە هەموو بەشەکانی دەقدا بووەتە هۆی ئەوەی دوو جۆری لادان زەقببێتەوە، بریتینە لە:

١ـ لادانی ئیستیبدالی (الأنزياح الأستبدالي)

٢ـ لادانی تەرکیبی (الأنزياح التركيبي)

یەکەم: لادانی ئیستیبدالی (الأنزياح الأستبدالي)

لێرەدا لادانەکە پەیوەندار دەبێت بە جەوهەری مادە زمانییەکە و (کۆهن) بە (الأنزياح الأستبدالي) ناوی ناوناوە.. خواستن (استعارة) کۆڵەگەی ئەم جۆرە لادانەیە، کە مەبەستمان لە خواستن، ئەو خواستنەیە، کە لە تاکە وشەدا کورتدەبێتەوە، پەیوەندی نێوان وشە خوستراو و وشە بۆ خواستراوەکە پەیوەندی لێکچوونە.. یان بە واتاییێکی تر: خواستن بریتییە لە گوازتنەوەی ناوی شتێك بۆ شتێکی دیکە.. بۆ نمونە:

**ـ گوڵەکە پێکەنی.**

(گوڵ) ئەو ڕووەکەیە، کە پاکی و بۆنخۆشی و هێمنی و چەندین سیفاتی جوان لە بێجگەی خۆی جیا دەکاتەوە، بەڵام هۆکارەکانی پێکەنین و گریان تایبەت بە گوڵ نین و ناشێت گوڵێك لە گوڵەکان بۆ هەر مەبەست و لە هەر بارێکدا، پێبکەنێت، یان بگرییێت.. (پێکەنین)یش هۆکارێکی گوزارشتکەرە لە باری ئاساییدا بۆ خۆشی و لە باری نائاساییشدا لە داخ و غەمیش هەندێ جار بەکاردەهێنرێت، بکەرەکەی مرۆڤەو بێجگەی مرۆڤ شتێکی دیکە هەمان ئەو هۆکارەی وەکو ئەوەی مرۆڤی نییەو ناتوانێ سوودی لێوەرگرێ. ئەوە وامان لێدەکات، کە ڕستەیێکی وەها ببینین، بڵێین: نابێت، ئەو (گوڵ)ە (گوڵ)ی درووست بێت، چونکە وەکو گوتمان پێکەنین سیفەتی مرۆڤەو گوڵ ناشێت پێبکەنێت، کەواشبێت: ئەم (گوڵ)ەی ئێرە بە واتا (مرۆڤ)ێك هاتووە، کە بۆ گوزارشتکردن لە ناخی خۆی پێکەنیوە، بەڵام

لەبەر یەك لە تایبەتمەندییەکانی لێکچووی نێوان (مـرۆڤ) کـە بکـەری درووسـتە لەگەڵ (گوڵ)، کە بکەری خواستراوە، (گوڵ) لە بڕی (مرۆـ)ەکە ڕۆڵی بینیوە.

(خواسـتن) شـێوازێکی هێنـدە گـرنگ درووسـت دەکـات، لـە زوودا ئەرِسـتۆ گوتوویەتی: (لە ڕاستیدا گرنگترین و جوانترین شێواز، شێوازی خواسـتنە، ئەمـە شتێکە ئادەمیزاد ناکرێ لە بێجگەی خۆی وەربگرێ، بۆیـە هێمـاییێکی گـەورەی داهێنانە لە درووستکەرەکەی، نیشانەی لێهاتوویی خاوەنەکەیەتی).. (کۆهن)یش هێندە گرنگی بە خواستن دەدات، شیعرییەت هەمووی لەو لادانە کورتدەکاتـەوەو دەڵێت: (سەرچاوەی سەرەکی هەموو شیعرێك خوازەی خوازەکانە، کە خواستنە).. بۆیە بەلای (کۆهن)ەوە: وێنەی شیعری واتە خواستن.

هەرچی ڕەخنە گـری ڕەخنـەی نـوێی ئـەوروپی ڕیتـشاردز (١٨٩٣ــ ١٩٧٩ز)ی خاوەنی کتێبی (فەلسەفەی بەلاغە)شە، گرنگی زۆر تایبەت بە شـێوازی خواسـتن دەدات و دەڵێت: هەر لە کۆندا وا تەماشای خواستن کراوە، کە ئەم شـێوازە واتـە: یاریکردن بە وشـەکان، منـیش بەلامـەوە وایـە: خواسـتن جـوانی و ڕازاندنـەوەو هێزێکی دیکەی زیاتر بە وشە لە باری بەکارهێنانی ئاسایی خۆی دەدات.

ئەم نمونە خواستنەی سەروو، بە (خواستنی ئاشکرا) دەناسـرێت، بـەڵام جـۆرێکی دیکەی خواستن (خواستنی درکاو)ە، کە ئـەویش بـە شـێوەیێکی دیکـە بەرهـەم دێت.. بۆ نمونە:

**ـ قووڵایی سینەم گۆڕستانێکە**

**تەرمی هەزاران خەونی تێدایە... گورگنامە**

لە دوا لەتە دێڕی ئەم چوارینەدا وشەی (تەرم) دراوەتە پاڵ (خەون)، کـە ئەمـەش خواستنی درکاوی بەرهەمهێناوە، چونکە لە باری درووستدا (تەرم) بۆ ئـادەمیزاد بەکاردێ نەك بۆ خەون، بەڵام لێرەدا خواستن بە جیا لە شێوازی خواستنی ئاشـکرا بەرهەمهاتووە.

ئاشکرایە خواستن لەسەر بنەمای (لێکچوواندن) بەرهەم دێت، (لێکچوواندن) دوو بنەڕەتی سەرەکیی هەیە، یەکیان (لێچوو)ەو ئەوی دیکەیان (لەوچـوو)ە، ئەگـەر هات و هەریەکەیان لابران، ئەوا (لێکچوواندن)ەکە لەباردەچێت و خواستن بەرهـەم دێت، لەسەر ئەو بنەمایە، ئەگەر هات و لە نمونەیێکدا (لێچوو) نـەمابوو، ئـەوا ئەو خواسـتنەی بەرهـەم دێـت، بـە لای ڕەوانبێژانـەوە بـە (خواسـتنی ئاشـکرا)

دادەنرێت، وەکو بەکارهێنانی (گـورگ) لـە بـڕی (کەسـێکی گـورگ سروشـت) و بەکارهێنانی (شێر) لە بڕی (کەسێکی وەکو شێر ئازا) و بەکارهێنانی (گـوڵ) لـە بڕی (منداڵ) و بەم شێوەیە.. بۆ نمونە لە ڕستەی: (گوڵەکـە هـات)دا، (گوڵەکـە) خواستراوەو (منداڵێکی پاکی وەکو گوڵ) بۆخواستراوە، لە بنجـدا ڕسـتەکە وەهـا بووە: (منداڵێکی وەکو گوڵ هات).. (منداڵ) لێیچوو بووە، (گوڵ) لەوچوو بـووە، کە ئەم ڕستەیەی لەسەر بنـەمای لێکـچوواندنە کورتکراوەتـەوە، منداڵەکـە کـە لێیچووە، دەبینین لابراوەو ئەوەی ماوەتـەوە (گـوڵ)ەکەیـە کـە (لەوچـوو)ە، ئـەو خواستنەش خواستنێکی ئاشکرایە، بەڵام جاری دیکە هەیە، (لەوچوو) لادەبرێت، بۆ نمونە لەو نمونەی سەروو : (قووڵایی سینەم گۆڕستانێکی تەرمی هەزاران خەونی تێدایە).. لە بنجدا ئەم ڕستەیە وەها بووە: (قوڵایی سینەم وەکو گۆڕستانێکە، کە هەزاران خەون وەکو مرۆڤی بێناز کوژراون و تەرمەکانیان لـە ناویـدا نێـژراوە).. خەون (لێیچوو)ە، مرۆڤی بێناز (لەوچـوو)ە، کـە ئـەم ڕسـتەیە کورتکراوەتـەوەو لێکچوواندنەکەی تێکدراوە، خواستن درووستبووە، بەڵام خواستنێکی درکاو، نـەك ئاشکرا، چونکە لە بڕی ئەوەی (لێیچوو) لابرابێ، (لەوچوو) لابراوە، لەو بارەشـدا پەیوەستێك لە (لەوچوو) دەدرێتە پاڵ (لێیچوو)، کە ئەوەیە دەبیـنین (تـەرم) کـە پەیوەستە بە (مرۆڤی بێناز) و (مرۆڤی بێناز) لەوچـووە، لـە (مرۆڤـی بـێ نـاز) وەرگیراوەو دراوەتە (لێیچوو)، کە (خەون)ە، بـەوەش جـۆرێکی دیکـەی خواسـتن بەرهەم هاتووە، کە ئەویش (خواستنی درکاو)ە.

خواستن دیارە کێشەی هەندێ لـە حەداسـییەکان و شـیعری نـوێ لەوەدایـە، کـە پەیوەنـدی لـە نێـوان خواسـتراو و بۆخواسـتراوەکانیان نابەنـەوە سـەر پەیوەنـدی لێکچوونی نێوان هەردوو وشەی خواستراوو بۆخواستراوو لەسـەر بنـەمای ئـەوەی، کە زمان خۆی گوزارشتکەرەو پێویستە خوێنەر تەئویلی خۆی بۆ وشەو دەربڕین و ڕستەو پەرەگرافەکان هەبێت، ڕەخنەی نوێی ئەورووپیش و هەندێ لـە ڕەخنـەگرانی ڕۆژهەڵاتیش، کە بە ڕێبـازی حەداسـی لـە داهێنـانی ئەدەبیـدا کـارتێکراوبوون، خەڵکیان بۆ ئەو تەئویلە بانگکرد، بەو پێیەی دەق بەرهەمێکی کراوەیـەو دەشـێ بە پێی بۆچوون و تێگەیشتنی خوێنەر واتای لێکجیا بۆ دەقەکە درووسـت بێـت، کـە ئەمـەش حاڵـەتێکی لـە نیگـەرانی و لـە دەسـتـچوونی چـێژی ئـەدەبی لای خوێنەرانی ئەدەب و شیعر بە تایبەت درووستکرد و دابڕانێکی جەرگبڕی لە نێوان

شیعر و خوێنەرانی هێنایە ئارا، (کۆهن) ئەوەی بە لادانێکی زەحمەت و ترسناك و ئیحراجکەر وەسف کرد. ئەو بارەش لەولاوە فشارێکی جەماوەری بۆسەر شاعیران درووستکردەوەو وایلێکردن جارێکی تر پەنا ببەنەوە بۆ لادانــە ئیــستیبدالیەکان و بە شێوەییێکی فراوانتر پەنا ببەنە بەر شێوازی خواستن، نەجات شەسپیندارەیی لــە شیعرەکانی و بە تایبەت لە گورگنامەیدا، وەکــو بەرهــەمێکی نــوێ کــاری زۆری لەسەر ئەمە کردووەو ئەگەر لە هەر سێسەد و چەند چوارینی ناوی گورگی هێنابێ و ناوی چەندین گیاندار و ئاژەڵ و شتی دیکەی هێنابێ، زۆربەی ئەو ناوانــەی بــۆ واتای خواستراو بەکارهێناوەو خوێنەر زۆرجــار بــە ئاســانی دەتوانێــت پەیوەنــدی نێوان خواستراو و بۆخواستراوەکان بدۆزێتەوە، ئەوەش وێنەکانی ڕوونتر و واتاکانی کاریگەرتر و جوانتر و شێوازەکەی خۆشتر و جەماوەرەکەی فراوانتر دەکات.

**چەند نمونەییێکی (خواستن) لە شیعرەکانی ئەسپیندارەیی**

خواستن وەکو گرنگترین شــێوازەکانی بــواری ڕوونبێــژی لــە بەلاغــەدا، گرنگــی تایبەتی پێدراوە، شێوازگەرانیش ئەوانەی لە بارەی (لادان)ەوە شتێکیان نووسیوە، تیشکیان خستۆتە سەر و لێی بێ خەبەر نینــە.. لــەم بەشــەدا چــەند نمونــەییێکی خواستن دەخەینە بەر باس و شییان دەکەینەوە:

**ـ لە جیاتی بەفر گوناە دەبارێ**
**بە بارستایی گەڵای دارەوە... گورگنامە، لا ١٢٦.**

**(بارین) تایبەتە بۆ (باران)، لە بــاران وەرگــیراوەو دراوە بــە (گونــاە)، ئەمــەش (خواستنی درکاو)ەو لادانە لە باری ئاسایی ئاخاوتن.**

**ـ شەوان لە خەوما شەپۆلی خەیاڵ**
**دەمبا بۆ لێوار کەناری یادێ**
**هەستم ڕادەگرم لە دەنگی گورگ**
زۆر بە پەرۆشم هەتا ڕۆژ دادێ... گورگنامە، لا ١٢٦.

(شەپۆل) تایبەتە بە (دەریا)و دراوە بە (خەیال)، ئەمــەش (خواســتنی درکــاو)ەو لادانە لە باری ئاسایی ئاخاوتن.

(کەنار)یش دیسانەوە تایبەتە بە (دەریا)، کەچی دراوە بە (یاد)، ئەمەش دیسانەوە (خواستنی درکاو)ەو لادانە لە باری ئاسایی ئاخاوتن.

**ـ لەسەر کڵاوی کەژێك دانیشتووم**
**با شەپۆل دەدا لە تەلی هەستم**
**چەن لە ڕەشەباو زریان بێزارم**
بە لوورەی گورگیش سەد هێندە پەستم... گورگنامە، لا ١١٤.

(کڵاو) هی مرۆڤەو دراوە بە (کەژ)، ئەمەش (خواستنی درکاو)ەو لادانە لە باری ئاسایی ئاخاوتن.

(شەپۆل) تایبەتە بە (دەریا)و دراوە بە (با)، ئەمەش (خواستنی درکاو)ەو لادانە لە باری ئاسایی ئاخاوتن.

دووەم: لادانی تەرکیبی (الأنزياح التركيبي)

لێرەدا لادانەکە بەستراوەتەوە بە تەرکیبی لادانە ئیستیبدالییەکە لەگەڵ وشەو بەشە ئاخاوتنە هاوسێکانی لەو سیاقەی تێیدا دەردەکەوێت، کە ئەو سیاقە دەشێ کورت، یانیش درێژبێتەوە.

ئەمجۆرە لادانە ئەو کاتە ڕوودەدات، کە بە شێوەییێکی جیا لە ئاخاوتنی ئاسایی وشەو دەستەواژەو ڕستەکانی دەقە ئەدەبییەکە دروستدەکرێن و پێکەوە دەلکێنرێن، کە ئاشکرایە لە کۆندا لەبەر ئەو هۆیە بووە گوتوویانە زمانی دەقی ئەدەبی لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و پەخشانی زانستی جیاوازە.. ئەوەتا لە کاتێکدا زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و زمانی پەخشانی زانستی لە گەڵێ بەهای جەمالی خاڵی دەبن، زمانی دەقی ئەدەبی بەم شێوەیە نابێ و زۆربەی دەربڕین و ڕستەو تەنانەت وشەو دەستەواژەکانیشی بەهاییێکی جەمالی بۆ خۆیان دروستدەکەن و بە شێواز و چێژێکی جیا دەکەونە بەر چاو.. جا ئەدیبی داهێنەر بەوە دەناسرێتەوە، کە تا چەند توانای لادانی لە باوو بەکارهێنانی زمان وەکو هەیەو دروستکردنی شێوازانی دیکەی کاریگەر بۆ دەقەکەی هەیە.. ئەمەش وا دەکات زمانی ئەدەب و بە تایبەتیش زمانی شیعر هەمیشە نوێبێتەوەو خوێنەر چاوەڕوانی زۆرتری لێبکات.. لێرەدا کێشەییێکی کۆن دێتەوە بیر، ئەویش کێشەی

وشەو واتا (فۆرم و ناوەرۆك)ە، کە ئایا گرنگی بە کامیان بدرێ و شاعیر بە کامیانەوە زیاتر لە ئەوی دیکەیان خەریك بێت، کە ئەم کێشەیە لە وەتەی ئەدەب هەیە، تەنانەت لە سەدەکانی بەر لە نووسینیش، کێشەیێکی زیندوو بووەو هەمیشە ئامادەیی هەبووە، لەسەر بنەمای ئەوەش قوتابخانەو ڕێبازی ئەدەبی تەواو لێکجیا هەر لە کۆنەوە درووستبووە، هەبووە گوتوویەتی وشە گرنگەو دەبێت شاعیر خەریکی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و ڕازاندنەوەی دەربڕینەکانی بێت و لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیە ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر) درووستبووە، هەیشە بە پێچەوانەوە بیری کردۆتەوەو گوتوویەتی واتا گرنگترە لە وشەو دەربڕین و لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێبازی (هونەر بۆ ژیان) درووستبووە.
وەکو شتێکی باو گوتراوە: ئەگەر هونەر بۆ ژیان بوو، (ئەدەب)یش وەکو یەك لە پێنج، یان حەوت هونەرە جوانەکان بۆ ژیان دەبێت، ئەگەریش بۆ ژیان بوو، ئەوا بە زمانی ئاخاوتنی زۆرینەو ئاسایی خەڵکی دەنووسرێت، لێرەشدا لادان کەمدەبێتەوەو ئاستی هونەری دەقی ئەدەبی بەرەو نزمی دێت، ئەگەریش هونەر بۆ هونەر بوو، ئەوا ڕێژەی لادانە زمانییەکان زۆرتر دەبێت و شێوازی جۆراوجۆر درووست دەبێت.. بەڵام لە ڕاستیدا لە هەردوو باردا ئەدەب هەر ئەدەبەو دەقی ئەدەبی هەر جودایە لە ئاخاوتنی ئاسایی، تەنانەت زۆرێکی دەقەکانی شیعر و حەکایەتی میللی و سەرزاریشم وەرگرتووەو لێمکۆڵیونەتەوە، کە وا باوە ئەوان لە هەر دەقانێکی دیکەی ئەدەبی زیاتر لە ئاخاوتنی ئاسایی نزیکن، ئینجا بۆم دەرکەوتووە تا ڕادەی سفر خاڵی نینە لە شێوازانی نوێ و جێ پەنجەی داهێنانی خاوەنەکانیان هەر بە سەرەوەیە، تەنانەت دەقی وایان هەیە، زۆر پڕ بەلاغەتیشە.
لە زمانی کوردیدا شێوازی ئاسایی ئاخاوتن ئەوەیە، هەمیشە بکەر بە پێش فرمان بکەوێت، بەڵام لە شێوازی نووسینی ئەدەبیدا ئەوە مەرج نییە هەموو جارێك وەها بێت، بەڵکو شاعیر، یان چیرۆکنووس لادان لەو بنەما سینتاکسییە چەسپاوە دەکات و بە شێوەیێکی دیکەی نوێ ڕستەکەی ڕێکدەخات، کە شوێنی بەشە ئاخاوتنەکانی بکەر و فرمان گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو وەکو خۆیان نەماون.. بۆ نمونە:

**درەختی ژینم زەرد هەڵگەڕاوەو**
**ناگەڕێتەوە عومری بابردووم**

**قولابی گورگ لە پێم گیربووەو**
**لەبێ هێزیدا وا بزانن مردووم... گورگنامە، لا ١٠٥.**
لە باری ئاساییدا دەبوو بڵێت: درەختی ژینم زەرد هەڵگەڕاوەو عـومری بـابردووم ناگەڕێتەوە.. چونکە (عومری بابردووم) بکەرەو (ناگەڕێتەوە) فرمانـە، بکـەریش وەکو گوتمان: دیارە دەبێ لە پێش فرمانەوە بێ، بەڵام شاعیر زۆرجار وەها ناکەن و لادەدەن، بەوەش شێوازی تەرکیبێکی نوێ بەرهەم دێت.

هەندێ نمونەی لادانی تەرکیبی لە شیعرەکانی ئەسپینداری و هۆکارەکانیان
١ـ پابەند بوون بە کێش هۆییێکە لەو هۆیانەی زۆرجار شاعیر ناچار دەکـات لادان بکات، واتە بۆ ئەوەی کێشی هۆنراوەکەی جوان بێت و پارێزگاری لێبکرێت شاعیر لە زمانی باو لادەدات و وشەکان بەو ئاقـارەدا دێنێـت، کـە کێـشی شـیعرەکەی دەیخوازێت، ئەمەش لە چەند حاڵەتێکدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:
**أـ زیادکردنی وشە:**
**خەڵکی پێم دەڵێن: تۆ بێ شمشێری**
**گورگ لەبەر تۆ جا چۆن ڕادەکا؟.. گورگنامە، لا ١٨.**
(جا) لە نیوەدێڕی دووەم زیادەو لە باری ئاساییدا زمان پێویستی بە بەکارهێنانی نییە، چونکە بەبێ ئەو واتـا بـە دروسـتی و بـە ڕوونـی دەگـات، بـەڵام لەبـەر ڕێکبوونی کێـشی شـیعرەکە هـاتووە، لـە بەلاغـەدا (حەشـو)ی پێـدەڵێن، لـەو جۆرەیانە کە زیانی نییەو هۆنراوەکەش جوان دەکات.

**ب ـ زیادکردنی پیت:**
**ـ دڵ غافل نابێ لەو ڕانە مەڕەی**
**گۆچانێك نییە گلیان داتەوە**
**هەمیشە بیرم لای ئەو شوانەیە**
**کە لەگەڵ گورگا خوێن دەخواتەوە... گورگنامە، لا ١٩.**
لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی لێکدراو نییەو حاڵـەتی (لەگـەڵ... دا)ی نییـە، وەکـو (لە....دا) هەیەتی، بەڵام شاعیر بۆ جوانی و ڕێکی کێشی دێڕەکـەی پیتـی (ا)ی زیاد کردووەو لە باوی لاداوە.

**ج ـ کەمکردنی پیت:**
**لە ئەشکەوتێکا دانیشتووم بە دیار**
**بەفرباریني بەفرانبارەوە**
**بەفر دەبارێ و لورەی گورگ دێ**
**چۆلەکەش دیارنین بەسەر دارەوە... گورگنامە، لا ٣٧.**

لــە ئەشــکەوتێکا درووســتەکەی (لــە ئەشــکەوتێکدا)یەیــە، (د)ی کۆتــایی کورتکراوەتەوەو کراوە بە (ا).

**ـ نیشتمانی خۆشەویستم**
**دایکێکی چەن میهرەبانە**
**پاش مردنیش ئامێزی خۆی**
**بۆ لاشەم دەکاتە لانە**

(چەن) درووســتەکەی (چــەند)ە، لەولاشــەوە ئــەم دێــڕەی یەکەمــە (پرســیارێکی خوازەیی)ە، چونکە لە ناوەوەی خۆیدا هەواڵێکی هــەڵگرتووە، واتاکــەی ئەوەیــە: (نیشتمانی خۆشەویستم دایکێکی زۆر میهرەبانە)، ئەمەش خەبەرە، بەڵام شاعیر وەکو پرسیار خستوویەتیە ڕوو، کە پرسیاری درووستیش نییە، چــونکە ئاشــکرایە پرسیار وەڵامی دەوێت، بەڵام ئەم پرسیارەی ئێرە چاوەڕوانی وەڵام ناکات.

**ـ ئەو ڕێبوارانەش وەك ئەوانی تر**
**ڕێیان ونبووە لە تەمو مژا**
**لە پەناوپێچی ئەو ڕێگایەدا**
**ڕەنگە گورگێکیان هاتبێ بە گژا... گورگنامە، لا ٩٧.**

(لە تەمو مــژا) درووســتەکەی (لــە تــەمو مــژدا)یــە، (بــە گــژا) درووســتەکەی (بەگژدا)یە، لە هەردوو باردا پیتی (د) سڕاوەتەوەو کەمکراوەتەوە.

**٢ـ پاش و پێش کردن:**

**أ ـ پێشخستنی خەبەر لە فرمان:**

**لەلام ببوونە سوپای ئەبرەهە**

**ئەو گورگانەی کە ناگەڕێنەوە... گورگنامە، لا ٢٥.**

لە باری ئاساییدا خەڵك وەها قسەناکات و دێڕی یەکەم وەها دەردەبڕێت: (ئەو گورگانەی کە ناگەڕێنەوە، لەلام ببونە سوپای ئەبرەهە).. بەڵام شاعیر بۆ جوانی دەربڕین و بەهێزکردنی واتا و جەختکردنەوە لەسەر مەبەست، ئەو پاش و پێشەی کردووەو خەبەری بە پێش بکەرەکەی خستووە، بەمەش شێوازێکی نوێ و جیا لە ئاخاوتنی ئاسایی درووستبووە.

**ـ لەنێو کێڵگەکەم گوڵە گەنم دەچێنم**

**سەیر دەکەم ئەوەی شین بووە زیوانە**

درووستەکە ئەوە بوو بڵێ: (زیوان شین بووە)، بەڵام لەبەر جوانی دەربڕین، (زیوان)ی بکەری بردۆتە بەشی دواوەو (شین بووە)ی فرمانی هێناوەتە بەشی یەکەمی هەواڵەکەی، ئەوەش لادانە لە یاسای ئاخاوتنی کوردی.

**ـ جاران ئەتۆ خۆشەویست بووی**

**لەناخمدا دا ئەگیرسای وەکو مۆمێ**

درووستەکە ئەوە بوو بڵێ: (وەکو مۆمێ لەناخمدا دا ئەگیرسای)، بەڵام لەبەر جوانی دەربڕین، (وەکو مۆمی)ی بردۆتە بەشی دواوەو (لە ناخمدا دائەگیرسای) هێناوەتە بەشی یەکەمی هەواڵەکەی، ئەوەش لادانە لە یاسای ئاخاوتنی کوردی.

**ب ـ دواخستنی بەشی یەکەمی ناوی تەواوکراو:**

**ـ زۆر لە مێژ بوو من چاوەڕێم دەکرد**

**دارستانی ژین پێ بگا بەری**

**کە سەیری دەکەم هەر درەختێکی**

**گورگێك نووستووە لەژێر سێبەری... گورگنامە، لا ١١٩.**

درووست ئەوە بوو بڵێ: بەری دارستانی ژین پێ بگا، چونکە (بەری دارستانی ژین) ناوی تەواوکراوە، (بەر) تەواوکراوە، بە (دارستان) و (دارستان)یش

تەواوکراوە بە (ژین)، کە لەم شێوە تەواوکردنەی ناویش هەمیشە دەبێ تەواوکراو لە پێش تەواوکەردا بێت، کەچی لێرە شاعیر ناوی تەواوکراوی بردۆتە دواوەو ناوی تەواوکەری هێناوەتە پێش.

**ج ـ دواخستنی تەواوکەرو پێشخستنی فرمان:**

**تۆ بۆ یاقووت و مەرجان دەگەڕێی**
**کە لەژێر دەریاو قووڵاییی ئاوە**
**منیش دەگەڕێم بۆ ئەو بزەیەی**
**لە دەمی گورگەو لێمان دزراوە... گورگنامە، لا ١١٥.**

جێگۆڕین کراوە، دێڕی دووەم دەبوو وەها بنووسرێت: (منیش بۆ ئەو بزەیە دەگەڕێم کە لێمان دزراوەو لە دەمی گورگە)، کەچی تەواوکەری ڕاستەوخۆ، کە (ئەو بزەیە)یە لە ناوەڕاستی بکەر و فرمان، کە ئەمە جێی درووستی خۆیەتی لابراوە، فرمان خراوەتە پێشی و ئەو دوای فرمانەکە خراوە.

**٣ـ درووستکردنی وشەی نوێ:**

**ڕێچکەگەلێك هەن لە پاڵ ڕێگادا**
**گورگ لە سەریان پۆل پۆل وەستاون**
**ئەوانەی وێڵن بەو ڕێچکانەدا**
**چاوساغی خەڵکن بەڵام بێچاون... گورگنامە، لا ٣٨.**

ڕێچکەگەل لە باری درووستدا (گەلێك ڕێچکە)یە، شاعیر بەکاری هێناوە، بەڵام هی خۆی نییەو وەریگرتووە.

**٤ـ لادان لە ڕانەبردوو بۆ ڕابردوو:**

**خۆزگە ئەسپێك و دوو سەگم دەبوو**
**سۆراخی سەری گورگم کردبا**
**تیراندازێکی ئەوتۆ بوومایە**
**بە تیری دەستم گورگ مردبا... گورگنامە، لا ١٠٢.**

لەم چوارینەدا كە گوتوویەتی: (خۆزگە ئەسپێك و دوو سەگم دەبوو)، لە دوای ئەوەدا درووست وەها بوو بڵێ: (سۆراخی سەری گورگم پێ دەكرد)، چونكە ئەگەر ئەوەی بوو، ئەوەی دەكرد، باو وەهایە، بەڵام لەوە لایداوەو لە بارتی لە ڕستەی وەڵامی مەرج فرمانی ڕانەبردووی (دەكرد)ی بەكاربێنایە، فرمانی ڕابردووی (كردبا)ی بەكارهێناوە.

**٦ـ كۆكردنەوەی دوو شت لە یەك شتدا.. بۆ نمونە:**
**مێخی ڕەشماڵان زۆر باش داكوتن**
**وا پایزێكی پڕ گەردەلوولە**
**گورگ و ڕەشەبا لووره لووریان دێ**
**شوانیش لە پرخەی خەوێكی قوولە... گورگنامە، لا ١٢٧.**
گورگ و ڕەشەبا لووره لووریان دێ.. لووره لوور بۆ گورگە نەك بۆ ڕەشەبا، بەڵام شاعیر هاتووە دەنگی هەردووكیانی لە (لوره لور) كۆكردۆتەوە، ئەوەش لادانە لە شێوازی باو.

**٧ـ تێكدانی سیستمی درووستكردنی وشەی لێكدراو**
**ـ پۆپی سلێمان تەشی ڕێسە**
**لە هەوادا بێن‌و بچن‌و بكەن مەلە**
درووستەكە ئەوە بوو بڵێ: (مەلە بكەن)، كە ئەمە فرمانێكی لێكدراوەو لە دوو وشەی (مەلە) و (بكەن) پێكهاتووەو وەها لێكدەدرێت، بەڵام لەبەر جوانی دەربڕین، شاعیر هاتووە پاش و پێشی بە ئەم دوو بەشانەی فرمانەكەی كردووە، بەمە (بكەن مەلە)ی درووستكردووە، كە ئەوەش لادانە لە باسای ئاخاوتنی ئاسایی و درووست.

**٨ـ پاش خستنی وێنەی لێكچوو**
**جاران ژیان تنۆك تنۆك**
**خۆشەویستی دائەباران**

**ئەڤینی ئەپرژاندە دڵ**
**وەك شەونمو نمەی باران**
(وەك شەونمو نمەی باران) وێنەی لێکچووە، دەبوو بخرێتە پێش (ئەڤینی ئەپرژاندە دڵ)، واتە لە باری درووستی دەربڕیندا دەبوو ئەم پارچەیە وەها بێت:
**جاران ژیان تنۆك تنۆك**
**خۆشەویستی دائەباران**
**وەك شەونمو نمەی باران**
**ئەڤینی ئەپرژاندە دڵ**

**٩ـ دواخستنی ئاوەڵفرمان**
**جۆگەلە خنجیلانەکان وەك سریشك**
**بەروومەتی کەژاندا دێنە خوار تك تك**
(تك تك) ئاوەلفرمانی چۆنییە، لە باری دروستدا دەبوو شاعیر بڵێ:
**جۆگەلە خنجیلانەکان وەك سریشك**
**تك تك بەروومەتی کەژاندا دێنە خوار**
بەڵام لەبەر جوانی دەربڕین شاعیر ئەم لادانەی کردووە.

**ئەنجام**
لە کۆتایی ئەم لێکۆلینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك لەمانەی خوارەوەیان کورتدەکەینەوە:
١ـ زمانی ئەدەب واتە لادان لە زمانی باو و درووستکردنی شێوازانی دیکەی دەربڕین، کە چەندێتی و چۆنیەتییان دەکەوێتە سەر توانای داهێنانی شاعیر، یان نووسەرەکە.
**٢ـ** لادان لە شێوازی باو بۆ شێوازانی دیکە بە ڕێگای جۆراو جۆر و لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر درووست دەبێت.
**٣ـ** لادانی ئیستیبدالی لایەنی ئەدەبی دەگرێتەوەو لە بەلاغەدا بە هونەرەکانی خواستن و خوازە و کینایە گوزارشتیان لێ دەکرێت، ئەگەرچی لێرەدا گرنگی تەنیا بە خواستن دراوە.

٤ـ لادانی تەرکیبی لایەنی سینتاکسی دەگرێتەوەو لادانی ئیستیبدالی لایەنی واتایی دەگرێتەوە.
٥ـ شیعری نوێی کوردی وەکو شیعری کۆن لە زمانی باو لادەدات و وێنەو شێوازی جۆراوجۆر درووست دەکات.
٦ـ شیعرەکانی ئەسپینداریش وەکو شیعری دیکەی شاعیران سوود لە لادانە زمانیەکان وەردەگرێت و بەبێ ئەمە ناتوانێ وێنەو شێوازەکان درووست بکات.

**سەرچاوەکان:**

بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١ـ د. أحمد محمد ويس، الأنزياح من منظور الدراسات الأسلوبية، بيروت مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٤٢٦هـ، ٢٠٠٥م.
٢ـ د. أحمد محمد ويس، الأنزياح في التراث النقدي والبلاغي، دمشق، مطبعة اتحاد كتاب العرب، ٢٠٠٢.
٣ـ هەندێ شیعری نەجات ئەسپیندارەیی، کە بە سیدی تایبەت پێی دابووین.
٤ـ نەجات ئەسپیندارەیی، گورگنامە، ٢٠٠٨، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

# تۆێژینەوەی کۆمەڵایەتیانەی زمان

و: کاوە عەبدولکەریم شێروانی
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین

بواری لێکۆڵینەوەکە:

کۆزمانەوانی (sociolinguistics) بوارێکە لە پێوەندی نێوان زمان و کۆمەل، پێوەندی نێوان بەکارهێنانی زمان و پێکهاتەی کۆمەلایەتی ژیانی ئەو کەسانەی زمانەکە بەکاردێنن، دەکۆڵێتەوە. بوارێکی لێکۆلینەوەیە پێیوایە کۆمەڵ لە چەندین رەفتارو پاتێرنی پەیوەست بەیەك پێکهاتووە، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە.

یەکێك لە بەکارهێنانە سەرەکیەکانی زمان، گەیاندنی مانایە، بەڵام ئەرکی زمان تەنها ئەمە نییە، بەڵکو بۆ وەدەستهێنان و دامەزراندنی پێوەندییە کۆمەلایەتیەکانیش بەکاردێت. ئەگەر سەیری پێوەندی نێوان دایکێك و منداڵێك بکەین، دەبینین زۆربەی ئاخاوتنەکانیان دەربارەی برەوپێدان و بەهێزکردنی بۆندی کۆمەلایەتی نێوانیانە، سەیری گفتوگۆی نێوان دوو هاورێ بکە، زۆربەی هەرە زۆری دەربڕی باشترکردنی پێوەندی هاورێیەتی نێوانیانە. کە کەسانی نامۆو غەریب دەبینی، شێوەی قسەکردنیان باکگراوندی کۆمەلایەتی و جوگرافییان دەردەخات، شێوەی قسەکردنی تۆش ئاماژەی شاراوە یان ئاشکراو زەقی تێدایە درەبارەی بۆچوونی تۆ بەرامبەر ئەوان. کۆزمانەوان

لەو لایەنانەی زمان دەکۆڵنەوە کە باسکران.
لە ماوەی نزیکەی ئەو سی ساڵەی کە تیایدا وەك لقێکی توێژینەوەی زانستیانەی زمان ناسراوە، کۆزمانەوانی بەشێوەیەك گەشەی کردووە کە بووە بە بوارێکی هەرە گرینگ و گرێدراوی زمانەوانی. ئەم چەمکە بوارە بنچینەییەکانی زمانەوانی وەسفی و مێژوویی ( فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) لە بوارە نوێیە تێکچرژاوەکانی وەك زمانەوانی دەرونی (psycholinguistics) و زمانەوانی کردارەکی (Applied linguistics) و دەمارە زمانەوانی (neurolinguistics) و کۆزمانەوانی ( sociolinguistics ) یان سۆسیۆلۆژیای زمان جیادەکاتەوە. بەهۆی کەرتبوونی لە نێوان کۆمەڵناسی (یەکێك لە باوانەکانی ئەم زانستە) و زمانزانییەوە (باوانەکەی تری) ، لێکۆلەرانی بواری کۆزمانەوانی خۆیان پاراستووە لەوەی کە بکەونە نێو سنووری سەختی یەك تیۆر، یان بکەونە ژێر داڵدە و پەناگەی دیاریکراوی یەك دەستەی پرۆفیشناڵ. ئەوان میتۆدی جیاواز بۆ ئەو فرە بابەتانە بەکاردێنن، کە یەك ڕایەڵ بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە: زمان و بەکارهێنانەکانی لە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی.

لە ڕاستیدا هەندێ لە کۆزمانەوانان پێیان وایە کە ناکرێ بە شێوازێکی تر لە زمان بکۆڵرێتەوە. پێیان وایە کە گەڕانی زمانزانە فۆرمەلەکانی وەك (نەعۆم چۆمسکی) بە دوای زمانەوانیەکی سەربەخۆ ، بە ئامانجی وەسفکردنی کارامەیی نمونەیی( idealized competence) کەسێکی تاك زمانی نمونەیی (idealized monolingual) لە کۆمەڵێکی ئاخاوتنی تاك چەشنی نمونەیی، چارەنووسەکەی نوشست هێنانە، هەروەك چۆن هەوڵەکانی پێشووتری زمانزانە پێکهاتەگەراکان (Structuralists) بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی زمان بەبێ گرینگیدان بە مانا، شکستی هێنا.
لەکاتێکدا کە (نەعۆم چۆمسکی) لە زۆر لایەنی زمانەوانیدا پێشڕەو بوو، شۆرشی هەڵگیرساند لە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیانەی زمان وەك سیستەمێکی پشت بەخۆ بەستوو، بەدوای زمانزانانی پێکهاتەگەرایی وەك (لیونارد بلۆمفێلد) کەوت، مەبەستی بوو کە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی (یونیڤێرسەڵی سەرەکی) بدۆزێتەوە، کە بتوانێ حیساب بۆ ئەو وێکچونانە بکات کە لە پێکهاتەی زمانەکاندا هەن ، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات کە گوێ بەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتیە بدرێ کە زمانەکەی تێدا بەکاردێت. (چۆمسکی) پێی وایە کە بوونی هەمەچەشنی و شێوەی جیاجیای زمان، سەر لە

زمانەوان تێك دەدات و وای لێدەکات کە ئەو سیستەمە ئەبستراکتە جوانە نەبینێ کـە زمـانی مـرۆڤ لـە سیـستەمەکانی تـری پێوەنـدیکردن جیادەکاتـەوە، بـەڵام بـەلای کۆزمانەوانەوە (sociolinguist) گرنگترین راستی حاشا هەڵنـەگر ئەوەیـە کـە زمـان ،هەر زمانێك، پڕە لە شێوەزاری سیستەماتیکی، ئەم هەمەچەشنیەش دەکرێ حیسابی بۆ بکرێ تەنها لە ڕێگەی گرینگیدان بە ڕاستی و هێزە هاوپەیوەستە کۆمەڵایەتیـەکان لە دەرەوەی خودی زمان.

کۆزمانـەوان بـە ئـەرکی خـۆی دەزانـێ کـە هەمەچەشـنی زمانـەوانی بـۆ بـارە کۆمەڵایەتیەکان بگەڕێنێتەوە. ئەمەش تەنها هەمەچەشنی سینکرۆنیکی (هەمەچەشن لـە کـاتێکی دیـاریکراودا) ڕوون ناکەنـەوە، بـەڵکو هەمەچەشـنی دایکرۆنیکـی (هەمەچەشن بە درێژایی کات) و گۆڕانی زمانیش روون دەکاتەوە.

تێکەڵبوون و تێکئالانی ڕاستیە زمانی و کۆمەڵایەتیـەکان، زۆر پێویـستن بـۆ ڕێبـازی کۆزمانەوانی. پێش ئەوەی منداڵان بتوانن بە روونی قسە بکەن. شـێوازێکی جیـاواز و تایبەت بەخۆیان پەرەپێدەدەن و بەکاریدەهێنن لە کاتی قـسەکردن لەگـەڵ هەرکەسـێك یان شتێکی لە خۆیان بچوکتر. کە گەورەش دەبن شێوازی جیا جیای ئاخاوتن فێردەبن، کە ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە ستایلێکی ناسراوی تایبەت بە خۆیان. لە تەمەنی پێنج ساڵاندا، منداڵان هەوڵدەدەن رۆڵی جیا ببینن و لاسایی شێوازی قـسەکردنی جیاجیـای خەڵك بکەنەوە. ئەم هەمەچەشنییە کەمەی زمان کە هەموو کەسێکی پەروەردە بوو لە ژینگەیەکی ئاساییدا فێـری دەبـێ، دەکـرێ بـۆ ناسـینەوەمان، یـان ناسـینەوەی ئـەو کەسانەی کە قسەیان لەگەڵ دەکەین، یان دیاریکردنی ئەو بابەتەی کـە قـسەی لەسـەر دەکەین، بەکاربهێندرێت. یەك شێوازی یان قسەکەری یەك شێوەزار بوونی نییـە" هـیچ کۆمەڵگەیەکی ئاخاوتن نییە کە هەڵبژاردنی چەند چەشنێکی لەبەردەم ئـاوەڵا نـەبێت" ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەیەك زمان قسە دەکـەن، زۆر کـەمترن لـەوەی ئـاخێوەرانی ئینگلیزی بیری لێدەکەنەوە.

بوونی هەمەچەشنی و شێوەزاری جیاجیا لە زماندا، وا دەکات کـە خۆمـان و کەسـانی تریش بناسینەوە و بـزانین کـە هەریەکـەمان سـەر بـەگروپێکی دیـاریکراوین. پایـەی کۆمەڵایەتی کە بەم شێوەزارانەوە گرێدراوە، وا دەکات زمان ببێتە سەرچاوەیەکی هێـز و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی. تەنها بـەهۆی هێنانـەناوەوەی فاکتـەرە زمـانی و

کۆمەلاَیەتییەکان لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەکانی تردا دەکرێ حیساب بۆ ئەم ئالۆزیی و ڕەفتارە خاوەن ڕێسایانە بکرێ، ئەمەش ئامانجی کۆزمانەوانییە.

**ڕێبازە تەواوکارییەکان:**

بەخۆلادان لە توندی مشتومڕی ئەکادیمیانە، دەکرێ بلێین ڕێبازە تەواوکارییە جیاجیاکانی توێژینەوەی زمان، هەریەکە لایەنێکی جیای ئەم دیاردە ئالۆزە وەردەگرێت و دەیکاتە دیلی بەرژەوەندییەکانی خۆی. زمانەوانی فۆرمەڵ بەدوای سیستەمێکی یونیڤێرسالی سەربەخۆ دەکەوێ، بە بەکارهێنانی دیزاین و پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ هەولّدەدات بنەما سەرەکیەکانی زمان ڕوون بکاتەوە. زمانزانی دەروونی پرسیاری ئەوە دەکات کە چۆن ئەم سیستەمە کاردەکات و چۆن خەڵکی فێری دەبێ یان لە دەستی دەدات. کۆزمانەوان دەپرسێ لە کۆمەڵگایەکی ئاخاوتنی زیندوو و ئالۆزدا ئەم سیستەمە چۆن بەکاردێت. وەلاَمەکانی هەریەك لەم پرسیارانە گرنگن بۆ زمانەوانی کردارەکی، کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە، گرنگی بە چۆنیەتی یارمەتیدانی خەڵك دەدات لە فێربوونی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی کاریگەرییانەی زمان لە چارەسەرکردنی کێشە پراکتیکیەکانی ژیانی ڕۆژانە .

هەروەك چۆن زمانەوانی فۆرمەل و سایکۆزمانەوان گرنگی بە زمان دەدەن وەك سیستەمێك کە تایبەتمەندی یونیڤێرسالی هەیە، کۆزمانەوانیش تەماشای پەیوەندی ئالۆزی نێوان شێوەزارەکانی نێو زمان و چەشنە پەیوەستەکانی ئەو گروپە کۆمەلاَیەتیانەی کە زمانەکە بەکاردێنن، دەکات. بۆ لە گۆرانیدا دەگوترێ "تومـاتو"، بەلاَم تۆ دەڵێی "تومەیتۆ". بۆچی من بە هەندێ کەس دەڵێم"Good morning" بە هەندێ تریش" Hi "؟ چۆن (پرۆفیسۆر هیگینس) دەزانێ کە کامە بەشی ئاخاوتنی (ئیلینرا دولیتل) پێویستە بگۆڕدرێ بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی چینی سەردەست (upper class)، کۆزمانەوانی هەمووی دەربارەی هەمەچەشنیە، بە دوای لێکدانەوە کۆمەلاَیەتیەکاندا دەگەڕێ بۆ هەمەچەشنی و هەمەشێوازی لە بەکارهێنانی زماندا.

کۆزمانەوان گرنگی بەوە دەدات چۆن ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی ئاخاوتن دەتوانن کاردانەوەیان هەبێ و جیاوازی دەربڕینە زمانییەکانی پەیوەست بە دابەشبوونی

کۆمەلاَیەتی و ئابووری و سیاسی و ئاینیەکانی نێو یەك کۆمەڵگای ئاخاوتن دیاری بکەن، لەوەی کە پێی دەگوترێ ئامانجی مایکرۆییانەی کۆزمانەوانی. زمانەوان دەیەوێ پیشانی بدات چۆن جیاوازییە تایبەتیەکان لە گۆکردن یان ڕێزماندا وا لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی ئاخاوتن دەکەن، کە بڕیار لەسەر پلەی خوێندەواری و باری ئابووری قسەکەر بدات. لە شاری نیویۆرك، بۆ نموونە، گۆکردنی وشەی "this" وەك /دیس/ یان گۆکردنی وشەی "bird" وەك /بۆید/، ئاماژەیە کە توێژی کۆمەلاَیەتی قسەکەر دەردەخات. بەهەمان شێوە هەڵبژاردنی دەستەواژەکان (ئەگەر لە جیاتی "doctor's office" بڵێی "doctor's surgery") بە ڕوونی دەریدەخات کە قسەکەری ئینگلیز لە چ بەرێکی ئۆقیانووسی ئەتلەسی ژیاوە. لە ڕادەبەدەر بەکارهێنانی کلکەپرسیار تایبەتمەندییەکی کچانی گەنجی نیوزلەندایە. زۆر بەکارهێنانی وشەی ستانداری عەرەبی تایبەتمەندیەکی ئاخاوتنی پەتیانەی عەرەبە ڕۆشنبیرەکانە. هەروەك چۆن ئاخاوتن خۆی ناوەڕۆك دەگوازێتەوە، شێوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی شێوازێکی کۆمەلاَیەتی تایبەت زانیاری کۆمەلاَیەتی دەربارەی قسەکەر و گوێگر و پەیوەندی نێوانیان پیشان دەدات. بە مانایەکی تر (مارشال ماکوهان) گوتەنی، ناوەندەکە (ئەو شێوازەی هەڵبژێردراوە)، خۆی لە خۆیدا دەبێتە پەیامێك.

لە لایەکی ترەوە، ئامانجی ماکرۆیی (macro end) شەبەنگەکە، کە هەندێ جار پێی دەگوترێ "سۆسیۆلۆژیای زمان"، کە جیاوازە لە کۆزمانەوانی، گرنگیپێدانی زانایان لە فینۆمینای زمانەوانی تایبەت دەگۆڕێت بۆ گرینگیپێدانی سەرتاسەری زمان یان چەشن ( ئەم چەمکە بەکاردەهێنین بۆ هەر چەشنێك لە چەشنەکانی زمان) لە ماکرۆ زمانەوانی هاوشان لەگەڵ فینۆمینە کەلتورییە مرۆڤایەتیەکانی تر مامەڵە لەگەڵ زمان ( زمانێکی تایبەتیش) دەکەین. بۆ نموونە، لەوانەیە پرسیار بکەین دەربارەی گرنگی گۆڕانی تەواوی زمانی گروپێکی کۆچبەر لە ولاَتێکی بێگانە بۆ زمانێکی نوێ یان پاراستنی زمانە کۆنەکەیان بەمەبەستێکی دیاریکراو. بۆچی زۆربەی ئەوانەی لە ئەوروپای باکوورەوە کۆچ دەکەن بۆ ئەمریکا، زۆر بە خێرایی واز لە زمانەکەی خۆیان دەهێنن، لە کاتێکدا ئەو کۆچبەرە ئاسیاییانەی بۆ ئینگلتەرا کۆچ دەکەن، زمانەکەی خۆیان بە زیندوویی دەپارێزن ؟ چۆن زمانی وێلزییەکان لە داگیرکردنی ئینگلیز دەربازبوو، یان چۆن زمانی باسکۆ و کەتەلان بە زیندویی مانەوە لەژێر سیاسەتی فرانکۆیی و ناچارکردنی بەکارهێنانی ئیسپانی کەتەلانی ؟ لەوانەیە لە پێوەندی نزیکی

هەڵبژاردنی زمان و ناسنامەی کۆمەلأیەتی بکۆڵینەوە، پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی ئەم زمانانە ئەوەنـدە گـرنگن بـۆ مەوریـەکان (Maoris) و باسـکۆییەکان (Basques) و فریسیەکان(Frisians)، بەشێوەیەك ئامادەبوون کە کردەوەی سیاسـیانە بگرنەبـەر بـۆ ئەوەی بیانپارێزن. دەکرێ پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی قسەکەرانی هەندێ شـێوەزار زۆر کاریگەر و بەهێزن، کەچی قسەکەرانی شـێوەزارەکانی تـر بـە دەسـتی سیاسـەتی جیاکاری دەناڵێنن. ئەم پرسیارانە پەیوەستن بە بەکارهێنانی سەرتاسەرییانەی زمان یان شێوەزار نەك جیاوازی تاکەکەسی، کردنی ئەم پرسیارانەش وا دەکات کە توێژینەوە لـە زمان ببێتە هۆکارێك بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵ.

هەندێ لە زانایان ئەم جیاوازییە لە بیروبۆچوون بەکاردێنن بۆ دابەشکردنی ئـەم بـوارە بـۆ دوو بـەش. دەیانـەوێ کۆزمانـەوانی، کـە جـەخت لەسـەر گرنگـی کاریگەرییـە کۆمەلأیەتیەکان لەسەر زمان دەکات، لە سۆسیۆلۆژیای زمان جیابکەنەوە، کە جـەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی زمان لە کۆمەڵگادا دەکات. لەم باسەدا، من لە هەردوو لایەنەکـە دەکۆڵمەوە، گرنگی بە شتە هاوبەشەکانی پێوەندی نێوان زمـان و کۆمـەڵگا دەدەیـن، پێویستیش بەوە ناکات پرایۆریتی بدەینە یەکێکیان.

هـەروەك دەبیـنین، ژمارەیـەکی زۆر لـە فینۆمینیـای پـچڕ پـچڕ و جیاجیـان، بـەڵام پەیوەندیدار هەن کە دەکرێ لە هەردوو گۆشەنیگاوە سەیر بکـرێن، لەوانـە بابەتـەکانی وەك زمان و جێندەر، چین و توێـژە کۆمەلأیەتیـەکان، پلانـدانان بـۆ زمـان، زمـان و دەسەلأت، زمان و ئیتنیك، زمان و ناسیۆنالیزم. بۆ ئەوەی ڕەهەندە پەیوەستەکانی ئەو پاتێرنەی کە لێیدەکۆڵێتەوە بگرێتەوە، کۆزمانەوانان بە بەردەوامی ناچـار دەبێـت کـە مـەودای لێتوێژینەوەکـەی فـراوان بکـات لـە زانسـتە سـەرەکیەکانی زمانـەوانی و سۆسـیۆلۆژی بـۆ بوارەکـانی تـری وەك سـایکۆلۆژیای کۆمەلأیـەتی و لێکۆڵینـەوە جێندەرییەکان و کارگێڕی سیاسەتی گشتی و زانستی سیاسی و مێژوویی.

ئەگەر تیمێکی هاوبەش هەبێت کە لە لێکۆڵینەوەکانی کۆزمانەوانی هەلقوولأبێ، دەبێ ئەوەبێ کە ئەو تێکچرژانە ئالۆزەی پێکهاتەی زمـان لەگـەڵ پێکهاتـەی کۆمەلأیـەتی مانای ئەوەیە کە هەر بەکارهێنەرێکی زمان بە بـەردەوامی کاردانـەوەی بـۆ زانیاریـە کۆمەلأیەتیەکان هەیە و ئاماژەی کۆمەلأیەتیش دەربارەی خـۆی بـە بەرامبـەر نیـشان دەدات. ناسـنامەی مـن (یـان ناسـنامە هەمەچەشـنەکانی مـن) دەناسـرێتەوە و دیاریدەکرێت لـە ڕێگـەی هەڵبـژاردنی مـن بـۆ ئـەو شـێوازە جیاوازانـەی کـە زمـان

دەستەبەری دەکات. لەمەش زیاتر، دەکرێ بلێین کە ئەم هەڵبژاردنی ناسنامەیە، چاکتر لە فاکتەرەکانی تر، حیساب بۆ شێوازە جیـاواز و بەرچـاوەکانی ئاخـاوتنی سرووشـتی دەکات.

بەڵام پێش ئەوەی لەم بابەتە تایبەتیانە بکۆڵینــەوە و ئــەم تیۆرانــە بخـوێنین، کــە ئــەم دیاردانە ڕوون دەکەنەوە، زۆر گرنگە ڕوونی بکەینەوە کە داتای کۆزمانەوانی چییە، چ ڕێبازێك بۆ کۆکردنەوەی ئەم داتایانە بەکاردێت.

**میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە:**

لەچی بکۆڵرێتەوە و چۆن لێکۆڵینەوەکـە بکـرێ، دوو پرسـیاری پەیوەسـت بـە یـەکن. تیۆرەکان پێمان دەڵێن چ ڕاستییەك بە داتا حیساب دەکرێ. زانسـت، یـان بـە کردنـی پرسیاری گرنگ لە بارەی داتاوە یانیش بە دۆزینــەوەی ڕێگــەی نـوێی تێبینـی کردنـی داتاکان و وەڵامدانەوەی پرسـیارە گرینگـەکان پێـشدەکەوێ. (نـەعۆم چۆمـسکی) لـە زمانەوانیدا شۆڕشێکی هەڵگیرساند بە پرسیارکردنی لەبارەی ئەوەی چۆن هـەموو ئـەو کەسانەی فێری زمان دەبن (زمانی یەکەمیان، بابلێین) بەڵگەی ئـەوە نیـشاندەدەن کـە کۆنترۆڵی ڕێساکانیان کـردووە، لـە کاتێکـدا لـە کـاتی قـسەکردنی ئاسـاییدا لەگـەڵ خەڵکانی تر ئەمە دیارنییە. کۆزمانەوانان پرسیارێکی جیاواز دەکەن: چۆن لەسەر ئـەو هەمەچەشــنیە راوەســتین، کــە لــە هــەر زمانێکـدا هەیــە. ئــەوان چـۆن گرنگـی بـە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدەن، ئەوهاش گرنگی بە خودی پرسیارەکە دەدەن.

هۆی ئەم گرنگی پێدانەش ئەوەیە ئێمە دەبێ تێبینی فینۆمینە داینامیکیەکـە بکـەین لە بارودۆخە سروشتیەکەی خۆیدا.

لە بایۆلۆجیدا، بەربلاوترین میتۆدی لێکۆڵینەوە لەسەر (بـۆق) بریتییـە لـە توێکـاری کردنی لاشەکەی، بەڵام بەدڵنیایەوە بۆقێکی مردوو سـوودی نیـە. لـە کۆزمانەوانیـدا، مەتەڵی هاوشێوەی بۆقەکە ئەوەیە کە لەبۆق پێی دەڵێ پارادۆکسی چاودێر "paradox observer's" ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەتوانین چاودێری شـێوازی قـسەکردنی خـەڵك بکەین، بەبێ ئەوەی ئەوان هەستی پێ بکەن؟

مەتەڵەکە لێرەدایە، کۆزمانەوانان پێیان وایە بەکارهێنانی زمان هەمیشە هەسـتیارە و پەیوەندی بە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی بەشداربووانی ڕووداوی ئاخاوتنەکەوە هەیە. ئێمە بەیەك شێوە قـسەناکەین، قـسەکردنمان لەگـەڵ گـەورەکانی خۆمـان جیایـە، لـە

قسەکردنمان لەگەڵ هاوپیشەکانمان، هاوڕێکانمان، یان لەگەڵ منداڵاَن. شێوازی قسەکردنمان بە تەواوی دەگۆڕێ کاتێك یەکێکی تر (بەتایبەتی کەسێکی نامۆ ) دێتە ناو گفتوگۆکانمان. هەتا منداڵانیش زۆر بە خێرایی فێری بەکارهێنانی شێوازی جیاجیا دەبن بۆ قسە کردن لەگەڵ خەڵکی جیا جیا. بە بوونی ئەم هەستیاریە، زمانەوان، کە خۆی نامۆ و غەریبە، چۆن دەتوانێ تێبینی شێوەزاری قسەکەر و ئەو شێوازەی کە هاوڕێیان لە نێوان خۆیاندا بەکاری دێنن، بکات، بەبێ ئەوەی کە هەستی پێ بکەن تۆماری بکات؟ ئایا ئامادەبوونی خوودی کۆزمانەوان سروشتی ئاخاوتنەکە ناکوژێ، هەروەك چۆن چەقۆی بایلۆجیستەکە لە کاتی توێکاریەکەدا بۆقەکە دەکوژێ؟ هیچ وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە نییە. کۆزمانەوانان بە زۆر شێوە هەوڵیان داوە لەم پارادۆکسە ڕزگاریان بێ، هەروەك لەمەودوا دەبینین.

### داتاکان چین؟

پرسیاری سەرەکی لە هەر زانستێکدا ئەوەیە کە داتای ڕوون وئاشکرا لەچی پێکدێت. لە کۆزمانەوانیدا، لەمبارەوە ناکۆکیەك لە نێوان چاودێران و ئەندازەپێوەران هەیە.
(جۆشوا فیشمان) چەندین جار ئەوەی گێڕاوەتەوە کە کاتێك ئەو لەگەڵ (جۆن گەمپێرز) پێکەوە کاریان لە لێکۆڵینەوەیەك دەکرد لە بارەی دووزمانی (bilingualism) لە نێو پیترۆ ریکانیەکان لە شاری باریۆ لە جێرسی، (گەمپێرز) ناوە ناوە داوای لێکردووە کە بەڵگە بۆ ڕاستیەکان پەیدا بکا. (فیشمان) بەهۆی ئەو باکگراوندەی لە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی هەیبوو، کۆمەڵێك ئاماری ئامادەکراوی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە ئامادە دەکرد. کاتێکیش (گەمپێرز) لەلایەن فیشمانەوە ڕووبەڕووی پرسیار دەربارەی بەڵگە دەبۆوە ، لەبەرئەوەی ئەو وەك ئیتنۆگرافێك کاری کردبوو، باسی ئەو گفتوگۆیەی دەکرد کە شەوی ڕابردوو لە ئاهەنگێکدا گوێی لێ ببوو. سەیرکە، (فیشمان) داتای دەرهێنراوی بەکارهێناوە، کە دەکرێ بە شێوەی ئامار شیبکرێتەوە، لە کاتێکدا (گەمپێرز) لە ڕێگەی چاودێریکردنی بەکارهێنانی زمان لە شوێنکاتێکی سروشتیدا داتاکانی دۆزیوەتەوە. ئەگەر هەوڵبدەین لە بنچینەی ئەم دوو ڕێبازە تێبگەین، دەکرێ بڵێین کۆمەڵناسان بەڵگەکانی خۆیان لە شێوازی وەڵامدانەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بۆ ئەو پرسیارە وردانەی کە لێیان دەکرێ هەڵدەهێنجن. کۆمەڵناسان پێیان وایە ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆنترۆڵی ئاخاوتنی تاکەکان دەکەن لەو ئامارانە دەربڕاوە کە

ئەگەر ئەندازەیەکی زۆر لە داتاکان شیبکرێنەوە، دەکرێ لایەنگیری و پشتگیری ئاخێوەران بدۆزرێتەوە. ئیتنۆگرافیەکان لە لایەکی ترەوە، کە دەتوانن بەراورد لە نێوان ڕەفتاری تاکەکانی کلتورێك لەگەڵ کلتوورەکانی تر بکەن، ئەوان دەتوانن پشت بە هۆشی زگماکی (intuition) خۆیان ببەستن و ڕووداوێکی دیاریکراو ڕاڤە بکەن. دەکرێ بڵێین هەردوو ڕێبازەکە تەواوکەری یەکترن.

ئەگەر هەر میتۆدێك بەکاربهێنین، ئەوەی کۆزمانەوانان بەدوایدا دەگەڕێن ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێ بەڵگەی ئەوەیان دەستکەوێ کە ڕێساگەلێکی کۆمەلایەتی قبووڵ کراو هەن، هەمەچەشنی لە ئاخاوتندا تەفسیر دەکەن. بەشێکی بەڵگەکان پەیوەندیان بە شێوەزارەکانەوە هەیە (جیاوازی لە گۆکردن یان هەڵبژاردنی وشەکان یان هەڵبژاردنی ڕێزمان )، بەشێکی تریان پەیوەندی بە تایبەتمەندیەکانی قسەکەرەوە هەیە (تەمەن، جێندەر، پلەی خوێندەواری، شوێنی لە دایکبوون، شوێنی نیشتەجێبوون)، بەشێکی تریان پەیوەندیان بە سروشتی قسەکردنەکەوە هەیە (ژینگەکە، بابەتەکە، ڕۆڵی قسەکەران). هەندێ لەو داتایانە دەکرێ لە ڕێگەی چاودێریکردنەوە کۆبکرێنەوە، هەندێکی تریان لە ڕێگەی لێ هەڵێنجانەوە. ئایا چاودێریکردن (observation) جێگەی متمانەیە؟ ئەمەش کێشەیەکە: قسەکەر لەوانەیە خۆی وا پیشان بدات یان درۆ بکات، چاودێریش لەوانەیە زۆر بە وردی سەیری شتەکان بکات یان بە پێچەوانەوە زۆر شتی گرنگ نەبینێ. هەموو ئەم گرفتە میتۆدیانە جێگەی لەسەر وەستانن، بەتایبەتی لە توێژینەوە لە فینۆمینەیەکی زیندووی وەك زمان و لەکاتی بەکارهێنانی کۆمەلایەتیشدا.

لەبەر ئەم گرفتانە زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان داتای هەمەجۆر بەکاردەهێنن کە بە شێوازی جیا جیا کۆکراینەوە. ئەگەر ڕێبازی چاودێریکردن هەمان ئەنجامی لێکدانەوەی نموونەی ئاخاوتنەکانی هەبوو، ئەگەر ڕاپرسی بیر و بۆچوونەکان لەگەڵ ئامارە تێبینیکراوەکان هاوتابوون، لێرەدا کۆزمانەوانەکە دەتوانێ دڵنیابێ لەوەی پێکهاتەی ژێرەوەی لێکۆڵینەوەکەی جێگەی متمانەیە.

**کۆزمانەوان لە کاتی کارکردندا:**

لە ڕووی پراکتیکیەوە، ژمارەیەك چارەسەری کرداری بۆ گرفتەکانی "پارادۆکسی چاودێر" دۆزراونەتەوە بۆ کۆکردنەوەی نموونەی ئاخاوتنی سروشتی. بۆ لێکدانەوەی

گـۆکردنی جیـا جیـا، ئـەو کۆزمانەوانانـەی کـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر هەمەچەشـنی مایکرۆزمانەوانی دەکەن، زۆر جار حیساب بۆ زۆر ڕوودان و زوو زوو دووبارەبوونـەوەی فیچەرێکی زمانەوانی لە شوێنکاتێکی کۆمەلاَیەتیدا دەکەن. بۆ دۆزینـەوەی جیـاوازی چاکتر، لەوانەیە ئامێر بەکاربهێنن بۆ پێـوانی دەنـگ لـەکاتی ئاخاوتنـدا. لێـرەدا بـۆ وەدەستخستنی نموونە بۆ شیکردنەوەکانیان، ئاخاوتنی سروشتی دەبـێ لەسـەر کاسـێت تۆمار بکرێت. ئەمەش دیسان کێشەی میتۆدی دێنێتە ئاراوە. ئایا قسەکەران ئاگایـان لە تۆمارکردنەکە بێ، هـەوڵنادەن ڕوونـتر قـسەبکەن یـان کـە ریکـۆردەر ببیـنن، بـە شێوەیەکی ستاندار قسەناکەن؟ ئایا ئەو داتایانەی بەم شێوەیە کۆدەکرێنەوە سروشتین؟
زۆرجاران تۆمارکردنی نهێنی بەکارهێنراوە، بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی وازی لێهێنـراوە. لەوانەیە هۆکاری پراکتیکی لە پشتی ئەمـەوە هـەبێ، کاسـێت و ریکـۆردەر بـەزۆری دەنگەدەنگیان هەیە و بە پرۆسەیەکی گران بەهاو ئـاڵۆز دادەنـرێن. لەوانەیـە هۆکـاری ئەخلاقیشی لەپشتەوە بێ. پـەنجا سـاڵ لەمەوبـەر دەکـرا لێکۆڵینەوەیـەك پـشت بـەو گفتووگۆیە ببەستێ کە بە شێوەیەکی نهێنی لەو هێڵە تەلەفۆنیـەوە وەرگـیراوە کـە بـە بۆردێکی زانکۆوە بەسـتراوەتەوە. بـۆ ئـەوەی زیـاتر ڕێـزی ئـەو کەسـانە بگـیرێ کـە تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرێ و تایبەتمەنـدیان پێـشێل نـەکرێ، ئێـستا کۆزنامـەوانان خۆیان داوای مۆڵەت لەو کەسانە دەکەن کە کاسێتی قـسەکردنەکانیان بـدەنێ. ئـەمڕۆ ڕیکۆردەر بە ئازادی بەکاردەهێندرێت، توێژەران پێیان وایـە کـە کاتێـك چـاوپێکەوتن بـەردەوام دەبێـت ئـەو هۆکارانـەی کـە دەبنـە هـۆی ئـەوەی قـسەکەر بـە فۆرمـەلی قسەبکات، نامێنێ.
چاوپێکەوتنی کۆزمانەوانی، کە مۆدیلێکە لە لایەن (ویلیەم لەبۆڤ) گەشەی پێـدراوە و کاتی خۆی لـە توێژینـەوەی دکتۆراکـەی خـۆی (کـە ئێـستا بـە کلاسـیك دادەنرێـت) بەکاریهێناوە، کە لە بارەی ئینگلیزی شاری نیویۆرکەوە، بـە یـەکێك لـە بـەربلاَوترین تەکنیکەکانی کۆکردنـەوەی سـامپڵی زمـان دادەنرێـت. لـەم جـۆرە چـاوپێکەوتنەدا، کۆزمانەوان قسە لەگەڵ کەسەکەدا دەکات، هەوڵدەدات ڕایبکێشێتە نێو گفتوگۆیەکـە، بۆ ئەوەی بتوانێ شێوە جیاوازەکانی ئاخاوتن لە قسەکانیدا بدۆزێتەوە. ستایلی ئاسایی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە تاڕادەیەك فۆرمەڵە، چونکە قسەکەرەکان نامۆن بە یەکتر، بەلاَم چەند ڕێگایەك هەن بۆ کەمکردنەوەی فۆرماڵیتی. چاکترین شێواز بۆ ئەوەی بـەئاگایی قسەکەر کەمبکرێتەوە ئەوەیە کە تێکستێك یان لیستێك وشە بدەیتە ئەو کەسەی کـە

چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. زۆر ئاستەمە بتوانی ئاستی فۆرمالیەکەی بپارێزێ. لێرەولەوێ ئاخاوتنی نافەرمی هەر دەردەکەوێ، بە تایبەتی کاتێك قسەکەر قسە لەسەر بابەتێك دەکا لە دەرەوەی چاوپێکەوتنەکە ، بۆ نموونە کاتێك دایکێك کە لە لایەن کۆزمانەوانێکەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێ، منداڵەکەی دێتە ژوورەوە و ئەویش قسەی لەگەڵدەکات. حاڵەتێکی تر ئەوەیە کاتێك قسەکەر ڕووداوێکی پڕ لە جۆش و خرۆش دەگێڕێتەوە کە خۆی تێیدا بەژدار بووە.
دەکرێ سوود لەم حاڵەتە وەربگیرێ بەوەی کە پرسیار لەبارەی ڕووداوێك لە قسەکەر بکرێت کە تێیدا ژیانی لە مەترسیدا بووە و بەمەش ئاخاوتنێکی سرووشتی بێ ئاگایانەمان دەست دەکەوێ.
چاوپێکەوتنەکان بڕێکی باش داتا بە دەستەوە دەدەن، لەبەرئەوە زۆر بەهادارن لە لێکۆڵینەوەی قوڵی شێوە جیا جیاکانی زمان. بە هەڵبژاردنێکی وردی کەسەکان، ڤەکۆلەر دەتوانێ دڵنیابێ لەوەی کە چەشنە کۆمەلآیەتیە گرنگەکان ( بۆ نموونە، جێندەر، تەمەن، پلەی خوێندەواری، کار ) دەکرێ پیشانبدرێن. یەکێك لەو ڕێگایانە ئەوەیە ئەو کەسانە هەڵبژێری کە پێشتر لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژانەیان لەسەر کراوە. بەڵام لەبەرئەوەی چاوپێکەوتن کات و توانایەکی زۆری دەوێ، بە زۆری ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ چاوپێکەوتن هەڵدەبژێردرێن دیاریکراوە.
بۆ لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەکی زۆری خەڵك، تەکنیکێکی شاراوە هەیە بۆ کۆکردنەوەی داتا پێی دەگوترێ وەڵامە خۆتێهەڵنەقورتێنەرەکان (non-intrusive responses) . لەبۆڤ ئەم تەکنیکەی بەکارهێنا، کاتێك پرسیاری لە فرۆشیارەکانی سێ نهۆی بازاڕەکەی نیۆرك کرد. وەڵامی پرسیارەکەش "نهۆمی چوارەم" (fourth floor) بوو. ئەم وەڵامە دوو شێوە گۆکردنی (r) و (پ)ێکی تێدابوو. کاتێك کە داوای لێدەکردن وەڵامەکە دووبارە بکەنەوە، سێیەکی تری داتا دەسکەوت، ئەمجارەیان وەڵامەکان سترێسیان تێدابوو. هەروەها ڕێبازێکی تر پەیڕەو کراوە لە شارێکی فرە زماندا بە بەکارهێنانی گفتوگۆ تەلەفۆنیەکان کە بە زمانی جیا جیا کراون، بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا دەمارگیری بەرامبەر قسەکەرانی یەکێك لەو زمانانە هەیە یان نا؟
کاتێك نموونە لە ئاخاوتنە سروشتیەکان کۆدەکرێنەوە ئینجا دەبێ شیبکرێنەوە. بە زۆری زمانەوان گۆڕاوێك (variable) هەڵدەبژێرێت، کە ئەمەش فیچەرێکی تایبەتیە و تێبینیەکانی پێشتر دەریانخستووە. کە ئەم فیچەرە گرنگیەکی کۆمەلآیەتی هەیە. لە

ئینگلیزی نیویۆرکدا، گۆکردنی /r/ پاش دەنگی بزوێن یەکێکە لەم فیچەرانە و لە شێوازی عەرەبی فەلەستینی /چ/ نەك /ك/ لە گۆکردنی وشەی "کلب". لە هەموو ئەو بۆنانەی کە فیچەرەکە دەردەکەوێ هەژمار دەکرێن، ڕێژەی سەدی هەر جیاوازیەك (variant) کە دەردەکەوێ لە هەلومەرجە تایبەتیەکاندا (بۆ نموونە، چ لە لایەنی قسەکەرەوە بێت یان ستایلەکەوە) ئامارێك دەستەبەردەکات کەدەکرێ لەگەڵ فاکتەرەکانی تردا بەراوورد بکرێ.

لەبەرئەوەی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکە دەکات تێڕوانینێکی پێشەکی ڕوونی دەربارەی گرنگی و چۆنیەتی فینومینەکە هەیە، چاوپێکەوتنی کۆزمانەوانی پەیڕەوی پرۆتۆکۆلێکی ئامادەکراو دەکات. باش کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ، پرسیار دەربارەی یاری منداڵان و شتی پڕو پووچ دەکرێت بۆ ئەوەی قسەکەر وای لێبێت شێوەزاری کۆنی خۆی بەکاربێنێ، یان پرسیار لەبارەی ڕووداوێکی گرنگ و پڕ گرژتین بکرێ بۆ ئەوەی قسەکەر هانبدرێ لە نائاگاییەوە قسە بکات.

لەوانەیە لیستێك وشە بە قسەکەر بخوێنرێتەوە یان داوای لێبکرێ ناو لە چەند وێنەیەك بنێ بۆ ئەوەی تێبینی چۆنیەتی گۆکردن و هەڵبژاردنی دەنگەکان بکرێ یان تێبینی جیاوازی لە ناوەکان و شتەکان بکرێ. چاوپێکەوتن داتا و ئامارێکی چڕ و پڕ دەستەبەر دەکات، دەربارەی ژمارەیەك لە جیاوازییە زمانەوانیەکان.

سەرەکیترین تەکنیك بۆ ئەو کۆزمانەوانانەی کە لەسەر نەریت و ڕێنمایی ئیتنۆگرافی دەڕۆن بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوی ئاخاوتنە سروشتیەکان کە خۆیان تیایدا ئامادەبووینە (جا چ ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی ڕیکۆردەر بێ یان نووسینەوەی لەسەر کاغەز یەکسەر پاش ڕووداوەکە ). هەروەك لە تێبینی ئیتنۆگرافیدا ئەزموونی پێشووی چاودێر وایلێدەکات کە بتوانی ئالوگۆڕە گرنگەکان هەست پێبکات. ئەم نموونانە ناکرێ هەمیشە شیکردنەوەی ئامارییانەیان بۆ بکرێ، بەڵکو حاڵەتی زەق و ڕۆشنن، کە وامان لێدەکەن توانای ئیتنۆگرافەرەکەو قسەکانی قەبووڵ بکەین و متمانەی پێ بکەین و وەکو ڕێسایەکی گشتی سەیریان بکەین نەك حاڵەتی ناوێزە و نائاسا.

بۆ وەدەستخستنی داتایەك لەبارەی بیروبۆچوون و ڕەفتار کە بکرێ بە شێوەی ئامار شیبکرێتەوە، تەکنیکێکی بەربلاو بەکاردەهێنرێت کە ئەویش ڕاپرسیە، بریتی یە لە لیستێك پرسیار دەدرێتە کەسانی نامۆ بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەنەوە. ڕاپرسی بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن سایکۆلۆجیستە کۆمەڵایەتیەکان بەکارهاتووە، پرسیاریان

لەو خەڵکە دەکرد کە توێژینەوەیان لەسەر دەکردن ( یان بە وردی گروپێکیان لێ هەڵدەبژاردن، کە نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆرتری خەڵك بکەن)، دەربارەی خۆیان و بیروباوەڕیان و ڕەفتاریان. بە دووبارەکردنەوەی هەمان پرسیار بە شێوەی جیا جیا، سایکۆلۆجیستەکە دەیتوانی بزانی کە وەڵامەکان جێگەی بڕوان یان نا، هەروەها بە دانانی وشەی گونجاو ورد لە پرسیارەکاندا، دەیتوانی جەخت بکاتە سەر ئەو لایەن و فیچەرانەی کە دەیەوێ شیانبکاتەوە. یەکێك لە گرفتەکانی ڕاپرسی ئەوەیە کە زۆر بە ڕوونی جەخت دەکاتە سەر بابەتێك کە ئەو خەڵکەی وەڵام دەداتەوە، دەزانێ ڕاپرسیەکە مەبەستی چییە. گرفتێکی تر ئەوەیە لەبەرئەوەی ڕاپرسی لە پێشدا دادەنرێ، پاشان ناگۆڕدرێ، لەوانەیە پاشتر دەرکەوێ کە زۆر پرسیاری تری چاك دەبوایە بکرایە. لەم بارەیەوە، چاوپێکەوتن زۆر فلێکسیبلێ ترە، بەڵام کاتی زیاتری دەوێ بۆ ئەنجامدان و شیکردنەوە.

ڕاپرسی زۆر بە سوودە لە کۆکردنەوەی داتای دیمۆگرافی (تەمەنت چەندە؟ چەند ساڵت لە قوتابخانە بەسەر برد؟ کارت چییە؟ ). هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لە بیروبۆچونیش بەکاردێت (پێتوایە کامە زمان بەسوودترینیانە؟ کامە زمان جوانترینیانە؟) بەبەکارهێنانی پرسیاری "دەتوانی-بکەی " (can-do)، ڕاپرسی لە وەدەستخستنی توانای بەکارهێنانی زمانەکانیش بەکاردێت ( بە چەند زمانێك دەتوانی بخوێنیەوە؟ بە چەند زمان دەتوانی گفتوگۆ بکەی؟).

**پاشکۆ**

**تێکستی یەکەم:**

**ڕۆناڵد وۆردۆ : پێشەکیەك دەربارەی کۆزمانەوانی. (چاپی دووەم). بلاك وێل ١٩٩٢، لاپەڕە ١٠-١١**

کۆزمانەوانان گرینگی بە پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدەن. ئەگەر پێناسەی کۆمەڵ بکەین بەوەی کە بریتی بێ لە کۆمەڵێك خەلکی ڕێکخراو، زمانیش بریتی بێ لە ڕێگەیەك بۆ پێوەندیکردنی ئەم کۆمەڵە خەڵکە لەگەڵ یەك، کەواتە هەر لە ئێستاوە جۆرێك لە پێوەندیان لە نێوان هەردوو چەمکەکە دیاریکردووە، چونکە کۆمەڵ بە زمانێك قسە دەکەن. لەوانەیە پێوەندی تری زۆر ئاڵۆزتریش لە نێوان زمان و کۆمەڵ

هەبێ. لەم تێکستەی خوارەوە، ڕۆناڵد وۆردۆ چوار جۆر پێوەندی لەنێوان ئەم دوو چەمکە پێشنیار دەکات:

دەکرێ چەند جۆرێك پێوەندی لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەبێ. یەکێکیان ئەوەیە کە لەوانەیە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کاربکاتە سەر پێکهاتە یان ڕەفتاری زمانەوانی یانیش هەر بە تەواوی ئەم پێکهاتەیە دیاری بکات. دەکرێت چەندین بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە بهێنرێتەوە: لەوانە دیاردەی پلەی تەمەن ( age - grading ). منداڵە بچووکەکان جیاواز لەوانەی لەخۆیان گەورەتر قسان دەکەن، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە جیاواز لە گەورەکان قسان دەکەن. هەروەها هەندێ لێکۆڵینەوە دەریدەخەن شێوازە جیاوازەکانی زمان ڕەنگدانەوەی شوێنی جوگرافی و کۆمەلایەتی یان بنەچەی ئیتنیکی و ڕەگەزی قسەکەرانە. لێکۆلینەوەی تریش دەریدەخەن کە شێوازی قسەکردن و هەڵبژاردنی وشەکان و هەتا ڕێساکانی گفتوگۆکردنیش بەگوێرەی داخوازیە کۆمەلایەتیەکان دیاریدەکرێن. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەش کە دەسەلات ( power ) چەمکێکی زۆر گرینگە لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتارە زمانیەکان. دەسەلات، چ بۆ وەدەستهێنان یان بەرگریکردن لە شتێك کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەڵبژاردنی زماندا هەیە.

پێوەندی دووەمی چاوەڕوانکراو بە تەواوی پێچەوانەی یەکەمە: پێکهاتە یان ڕەفتاری زمانەوانی لەوانەیە کاریگەری هەبێ لەسەر پێکهاتەی کۆمەلایەتی یانیش هەر بەتەواوی ئەم پێکهاتەیە دیاریبکات. ئەم بۆچوونە لە پشتی گریمانەی وۆرف ( Whorfian Hypothesis ) و بۆچوونەکانی (بێرنستین) و هەموو ئەوانەی کە پێیان وایە ئەوە زمانەکانن بوونیان هەیە نەك قسەکەرانی ئەم زمانانە. جۆری سێیەمی پێوەندی لە نێوان زمان و کۆمەڵ ئەوەیە کە کاریگەرییەکە دوو لایەنانەیە ( bi-directional ): لەوانەیە زمان و کۆمەڵ هەردوولا کارلەیەك بکەن. یەکێك لە لایەنە جیاوازەکانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە سروشتی ئەم کاریگەرییە دایەلیکتیکیە، ئەمەش بۆچوونێکی مارکسیانەیە و لە لایەن دیتمارەوە پێشنیار کراوە، کە پێی وایە " ڕەفتاری ئاخاوتن و ڕەفتاری کۆمەلایەتی لە حاڵەتێکی کارلێکردنی بەردەوامدان" هەروەها "بارە زیندووەکانی ماددە " فاکتەرێکی گرینگن لەم پەیوەندیەدا.

جۆری چوارەمی پێوەندییەکە پێی وایە کە بە هیچ شێوەیەك پێوەندی لە نێوان پێکهاتەی زمانەوانی و پێکهاتەی کۆمەلایەتی نیە و هەریەکەیان سەربەخۆن. جیاوازی ئەم گریمانەیە ئەوەیە، هەرچەندە لەوانەیە جۆرێك پێوەندی لە نێوان ئەم دووانە هەبێ،

بەڵام چەند هەوڵێکی پێنەگەیشتوون.

**چەند پرسیارێك:**

◆ نووسەر چ بەڵگەیەك دەهێنێتەوە بۆ کاریگەریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە سەر زمان؟

◆ لە زۆربەی زمانەکاندا، ڕاناوی نێرینە بە کاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بە نێرو بە مێ. بۆ نموونە: *پیاو دەبێ لە کاتی خۆیدا کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات* ( ئەم نموونەیە لە لایەن وەرگێڕەوە لە شوێنی نموونە ئینگلیزییەکە دانراوە). ئایا ئەمە جیاوازی ڕەگەزی نییە؟ دەتوانی باسی حاڵەتی تری لەم جۆرە بکەیت؟

◆ دەتوانێ چ بەڵگەیەك بۆ یان لە دژی بۆچوونی " هیچ پێوەندییەك لە نێوان زمان و کۆمەڵدا نییە" بهێنیتەوە؟

**تێکستی دووەم:**

جەیمس میلرۆی: هەمەچەشنی و گۆڕانی زمان. بلاك وێل ١٩٩٢، لاپەرە ٥-٦

بۆی هەیە باشترین ڕێگە بۆ چاودێریکردنی پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ ئەوەبێ کە لە کاتی بەکارهێنانی زمان لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتیدا تێبینی بکرێت. لەبەر ئەمە، (میلرۆی) پێی وایە لە سەرەتادا دەبێ لە کاتی گفتوگۆدا سەیری زمان بکەین:

ئاخاوتن چالاکیەکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام نووسین وانییە، چاکترین شوێن بۆ تێبینی کردنی ئاخاوتن گفتوگۆیە. گفتووگۆکان لە نێوان دوو بەشداربوو یان زیاتر لە شوێنکاتێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدەن، گۆڕانی زمانەوانیش جۆرێکی ئەم فینۆمینانەیە کە لەم شوێنکاتانەوە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێنەوە. هەربۆیە یەکەمین بنەمای مۆدیلێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانی زمان گرنگی دەدات بە چاودێریکردنی زمان لەکاتی بەکارهێنانیدا: هەر لە ڕێی ئەم بنەمایەشەوەیە کە دەکرێ چاودێری ئاڵوگۆڕکردنی ئاخاوتن بکرێ. تەنهاش لە شوێنکاتە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەم ئاڵوگۆڕکردنانە ناکرێ لەم شوێنکاتانە خاڵی بکرێنەوە. بۆ ئەوەی ئەمە جوانتر ڕوونبکەینەوە، پێویستمان بەم بنەمایانە هەیە:

**پرنسیپی (١):**

هەروەك چۆن زمان ( ئەمە لە دەرەوەی مۆدە ئەدەبی و تاقیکردنەوەکانی نێو تاقیگەدا) بەکارنایەت، تەنها لە شوێنکاتە کۆمەڵایەتیەکان نەبێ، کە تێبینیش دەکرێ هەمیشە لەم کۆنتێکستانە تێبینی دەکرێ، لەبەرئەوە لێکدانەوەکەمان -

ئەگەر وردبـین بـین - دەبـێ کۆمـەڵگاو بارودۆخەکـە و قـسەکەر / گـوێگر بـە هەنـد وەربگرێ.

ئەم ینەمایە چەندین ئەنجامی تر لەگەڵ خۆی دەهێنێ، گرنگترینیان ئەو گشتاندنەیە کە دەڵێ پێکهاتەی زمان پشت دەبەستێ بـە پرۆسـەی بـە ئەبـستراکتکردنی زمـان لـەو شوێنکاتەی کە بە شێوەیەکی سروشتی دەردەکەوێ . لە ڕاستیدا ئێمە تێبینی زمانەکە یان زمان بە ئەبستراکتی ناکەین: ئێمە تێبینی خەڵکەکە دەکەین. لەبەرئەوە لە بەهەند وەرگرتنی گۆڕانی زمان دەبـێ ئـەوە ڕوون بکەینـەوە چـۆن گۆڕانـەکان ئـەم پێکهاتـە ئەبستراکتە دەگرێنەوە، کە پێی دەڵێن زمان ( کە نـاتوانین بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ تێبینی بکەین)، وەك ئەنجامێکی ئەو چـالاکیانەی کـە خـەڵك لـە کـاتی قـسەکردندا ئەنجامی دەدەن (کـە دەتـوانین بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ تێبینیـان بکـەین). لەگـەڵ ئەوەشدا، تێبینیە ناپێکهاتەییەکانی ئەم فینۆمینە هەڵبـژێردراوە بـەس نییـە لێـرەدا: وەسفکردنەکانمان بۆ شێوازە کۆزمانەوانییەکان پشت بەو شێوازانە دەبەستێ کە دووبارە دەبنەوە و دەبێ سیتەماتیك بێ و داتاکان بە هەند وەربگیرێ. هەروەها لەم پرینـسیپەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە پێویـستە گرینگیـەکی زۆر بـە میتۆدەکـانی کۆکردنـەوە و شیکردنەوەی داتاکان (و پێوەندیان بە یەکەوە ) بدەین.

لەکاتێکدا کە بنەمای یەکەم دەربارەی ئەوەیە کە ناکرێ بە جیـا لـە کۆمـەڵ تێبینـی زمان بکەین، بنەمای دووەم دەربارەی ئەوەیە کە ناکرێ وەسفی پێکهاتەی زمان بکەین لە دەرەوەی کۆمەڵ. ئەمەش دیارە زۆر جێگەی مشتومڕ نییە.

**بنەمای (٢)**

وەسفکردنێکی تـەواوی پێکهاتـەی شـێوەزاێك (جـا چ ئینگلیـزی سـتاندار بـێ، یـان دایەلـەکتێك، یـان سـتایلێك، یـان هـەر ڕیجـستەرێك بـێ) تـەنها لـەو کاتـەدا بـە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێت کە بڕیارێکی بنچینەیی یان حکومدانی کۆمەلأیەتی لەم وەسفکردنەدا بەهەند وەربگیرێ.

وشەی "کۆمەلأیەتی" لێرە مانای چـینی کۆمەلأیـەتی یـان پایـە ناگەیـەنێت — ئـەو بڕیارانەی (یان حوکمانەی ) کە باسیان دەکەین بڕیارن (یان حوکمن) دەربـارەی نـۆرمی شـێوەزارەکان، ئـەو نۆرمانـەش کۆمەلأیـەتین بـەو مانایـەی کـە بـە شـێوەیەکی کۆمەلأیەتیانە قەبووڵ کراون — پشت بە ڕێکەوتن و ڕا لەسەر بوونی گشتی قـسەکەران لەناو کۆمەڵگایەکدا دەبەستێ و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تریش دەگۆڕێت.

**چەند پرسیارێك:**

- لە چ ڕوویەكەوە "ئاخاوتن چالاكیەكی كۆمەلأیەتییە، كەچی نووسین وانییە"؟
- بە بۆچوونی نووسەر چ جۆرە تێبینی كردنێك پێویستە بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەك كە جێگەی باوەڕبێت دەربارەی چەشنەكانی زمان؟
- بۆچی وەسفكردنی پێكهاتەی كۆمەلّ پشت بە "بڕیارە كۆمەلأیەتیەكان" دەبەستیٚ؟

**تێكستی سێیەم:**

ولیەم لەبۆڤ: بە چین چین كردنی كۆمەلأیەتیانەی زمانی ئینگلیزی لە شاری نیویۆركدا. سەنتەری زمانەوانەی كارەكی ١٩٩٦. لاپەڕە ٩١-٩٢:

ئەگەر بەو ئارگیومێنتە ڕازی بین كە دەلێ دەبێ داتا بنچینەییەكان لە بەكارهێنانی كۆمەلأیەتیانەی زمان وەربگرین، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە كە چۆن كۆبكرێتەوە. كێشەكە لەوە دایە چاودێریكەر (ئەو كەسەی داتا كۆدەكاتەوە) لایەنێكی تر بۆ گفتوگۆكان زیاد دەكات.

بۆ وەدەستكەوتنی زانیاری ورد دەربارەی ڕەفتاری ئاخاوتن، دواجار پێویستیمان بەوە دەبێ كە بەراورد لە نێوان قسەكردنی ژمارەیەكی زۆر لە قسەكەران بكەین. لەمەش زیاتر، دەبێ نموونەیەك وەرگرین كە نوێنەرایەتی گروپێكی زۆر گەورە بكات، بۆ نموونە نوێنەرایەتی هەموو كۆمەلّگای ئاخاوتنی شاری نیویۆرك بكات. ئەمەش تەنها بە هەلّبژاردنی لێرەولەوێی نمونەكانەوە دەكرێ. بۆ وەرگرتنی نموونە لێرەو لەوێ و بۆ ئەوەی داتاكان بەراوردی ژمارەیەكی زۆر لە قسەكەران بكەن، پێویستمان بە چاوپێكەوتنە فۆرمالّ و پێكهاتەییەكان هەیە . لێرەدا تووشی پارادۆكس دەبین: چاوپێكەوتنی فۆرمالّ شوێنكاتێكی ئاخاوتن دیاریدەكات كە تێیدا بە شێوەیەكی ئاسایی تەنها یەك ستایلی قسەكردن بەكاردێت، كە لەوانەیە پێی بگوترێ قسەكردن بە وریایی ( careful speech). لەوانەشە قەبارەی قسەكردنی قسەكەرەكە لە كاتێكی تردا زۆر جیاواز بێ. لەوانەیە لە زۆر شوێنكاتدا قسەكەر بە وریایی قسە بكات، بەلاّم لە زۆربەی هەرە زۆری حالّەتەكاندا زۆر گرنگی بە قسەكانی خۆی نادات، ستایلێكی زۆر هێمن بەكاردێنێت، كە پێی دەلێن ئاخاوتنی سەرپێیی ( casual speech).دەتوانین گوێمان لەم جۆرە ئاخاوتنە سەرپێیانە بێ لە شەقامەكانی نیویۆرك، لە بارەكان، لە هێلّە ژێرزەمینەكان، لە كەناری دەریاكان ، یان هەركاتێك لە شاردا سەردانی هاوڕێیەكمان بكەین.

هاوڕێکانمان گروپی زۆر تایبەتن، بەهەمان شێوەی ئەم نیویۆرکیانەی زۆر سەردانی بارەکان دەکەن، قاوشانێ لەسەر شەقامەکان دەکەن، سەردانی کەنارە گشتیەکانی دەریا دەکەن، یان لە چێشتخانەکاندا بە دەنگێکی بەرز قسە دەکەن بۆئەوەی خەڵك گوێیان لێبێ. تەنها لە ڕێگەی میتۆدێکی ووردی نموونە وەرگرتن کە هەموو هاولاتیان بگرێتەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ قسەکەران لێرەولەوێ، دەتوانین بێ لایەنانە کارەکانی خۆمان پێشکەش بکەین. ئێستا کێشەکە لێرەدایە چۆن دەتوانین شتەکان بەدەست بێنین لە چوارچێوەی سنووری چاوپێکەوتندا.

**چەند پرسیارێك:**

- بۆچی چاوپێکەوتنی فۆرماڵ و پێکهاتە ئامێز پێویستە؟
- چۆن ئامادەبوونی کەسێکی نامۆ بە ئامێری ریکۆردەرەوە شوێنکات و باری قسەکردنەکە دیاریدەکات؟
- چۆن دەکرێ ئەم ڕێبازە لە چاودێریکردنی ئاخاوتنی سەرپێیی بەکاربهێنرێت؟
- بۆچی چاودێریکردنی نەناسراو (anonymous observation) لە شوێنە گشتیەکاندا ، هێشتا بێ لایەنانە نییە؟

**تێکستی چوارەم:**

جۆشوا فیشمان: "سۆسیۆلۆژیای زمان" چاپی جۆشوا فیشمان: پێشکەوتنەکانی سۆسیۆلۆژیای زمان. ماوتن ١٩٧١. ڤۆڵ ١، لاپەڕە ٢٢١:

یەکێك لە بەشداریە هەرە گرنگەکانی کۆزمانەوان لە لێکۆڵینەوەی زماندا ئەو هەوڵە بووە بۆ دیاریکردنی ئەو بەها کۆمەلایەتیەی کە بە شێوەزارێك دەدرێت. نووسەر قسە لەسەر ئەوە دەکات گرنگی شێوەزارەکان لەوەدانییە کە جیاوازن، بەڵکو بەهایەکی سمبوڵی (symbolic value) دەدەنە زمانەکە یان شێوەزارەکە کە ئەوەش دیاریدەکات ئایا خەڵك بەکاریدەهێنن یان نا. هەروەك چۆن جۆرە جیاوازیەکانی پۆشاك وەك یەك ئێمە گەرم دەکەنەوە، بەلام بەرگی ڕەسمی سیمبوڵی گروپێکی تایبەتمەندە، بەهەمان شێوە شێوەزارە جیاجیاکان بەهای تایبەتیان هەیە و سمبوڵی ئەندامێتیە لە گروپێکدا.

بە گشتی، سۆسیۆلۆژیای زمان تەنها بەدوای ئەوەدا ناگەڕێ ئەو ڕێساو فۆرمە کۆمەلایەتیانە بدۆزرێتەوە کە ڕەفتاری زمان و هەڵسوکەوت بەرامبەر زمان لە

کۆمەڵگایەکی ئاخاوتندا ڕوونبکاتەوە و سنووری بۆ دابنێ، بەڵکو بەدوای ئەمەشدا دەگەڕێ کە بەها سیمبولیەکانی زمان بۆ قسەکەرانی دیاریبکات. شێوەزارەکانی زمان هەر لە خۆیانەوە بەهای ئاماژەیی و سمبولیان هەیە، وەك ئەنجامێکی حەتمی و بەهۆی جیاوازی ئەرکەکانیان. ئەگەر چەند شێوەزاری ئاماژەبێ بۆ چەند خولیاو بەرژەوەندیەك، چەند باکگراوندێك، یان چەند بنچەیەك ، کەواتە پەیوەندی و خواستی بەرز، سنوور و چانسەکانی ئەو خولیاو بەرژەوەندیانە دیاریدەکەن. بەهای سیمبولی شێوەزارەکانی زمان پەیدا دەبن و لە ناو دەچن هەرکاتێك پایەی ئەو ئەرکانە یان سیماکانیان پەیدابن و لەناوچن. شێوەزارەکان لێك نزیکی و یەکسانی نیشاندەدەن ئەگەر بە شێوەیەکی نموونەیی وەربگیرێن لەو پێوەندیانەدا بەکاربهێنرێن کە جەخت دەکاتە سەر پێوەندی نێوان قسەکەرانەوە. لەوانەیە شێوەزارەکانی تر نیشانەی پلەی خوێندەواری و ناسنامەی نەتەوەیی بن لە ئەنجامی بەکارهێنانیان لە لایەن قسەکەرانیانەوە لە ئەنجامی بەجێهێنانی ئامانجێك لە بەکارهێنانیدا، هەروەها لە ئەنجامی بەدیهێنانیان لەو شوێنکات و پەیوەندیانەی کە شیاون بۆ فێربوونی ڕەسمی یان بۆ ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەرکانە دەکرێ بگۆڕێن. بەربژۆچوونی (evolution) هەنگاو بە هەنگاوی زۆربەی شێوەزارە لۆکاڵەکانی ئەوروپا بۆ ئەو ئاستەی ئێستایان وەك زمانی کەلتور و تەکنۆلۆجی تەنها نموونەیەکە و پیشانی دەدات چۆن ئەرکە سمبولی و کرداریەکانی زمان بە شێوەیەکی دراماتیکی دەکرێ بگۆڕێ. ئەمڕۆ گۆڕانی لەم شێوەیە بە بەردەوامی ڕوودەدات.

**چەند پرسیارێك**

- ژمارەیەکی زۆری خەڵك پێیان وایە کە هەموو جۆرەکانی زمان یەکسانن، پێیان وایە هەموویان وەکو یەك بەسوودن. بۆچوونەکانی فیشمان دەربارەی بەهای سمبولی چۆن ئەم بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە؟
- زمانی نەتەوەیی چ جۆرە بەهایەکی سمبولی هەڵدەگرێ ؟ ئایا ئەمە یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنی ئەوەی کە چۆن جولانەوە نەتەواییەکان زمان هەڵدەبژێرن؟
- ئەگەر بیر لە گۆڕانە بەردەوامەکانی زمان بکەینەوە، چۆن بەهای سمبولی زمانەکان دەبنە گرفت بۆ کۆمەڵگا ئەوروپیەکان یان هەر کۆمەڵگایەکی فرە زمان؟

ژێدەر:

Bernard Spolsky. (١٩٩٨). Sociolinguistics. Oxford University Press.

ئەرشیفی زمانناسی

# چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی

## حەشارگەی ( ڕاناو )*

مەسعوود محەمەد

ڕاناو لە هەموو زماناندا جێگەی قسە لێکردن و لێکۆڵینەوەیە، زۆریشی لەسەر نووسراوە تەنانەت خۆم گوتارێکی (١٢٠) لاپەڕەییم لەسەر هەندێ باری ڕاناوی کوردییەوە نووسی، لە بەرگی دووەمی گۆڤاری کۆڕدا بڵاوکرایەوە. چی لێرەدا بەلایەنێکی شرایەوەی ڕاناوی کوردی دەهێنرێتە پێش نیگای بینەرانەوە، گۆشەیێکی زۆر تەسك و بزری ڕاناوە، کەوا هەرگیز لێرە بە پێشەوە قسەی لێ نەکراوە، ڕەنگە زیهنی کەسی تریشی بۆ نەچووبێت، چونکە هەر کەسێکی باسەکەم لەگەڵدا کردبێتەوە بەتەواوی بۆی نوێ بووە.

لێکۆڵینەوەکەش لەبارەی هەندێ تایبەتی ئەو بەشەیە پێی دەڵێن (ڕاناوی لکاو)، کە تەعبیرێکە یەکسەر لە زاراوەکەی عەرەبی (ضمیر متصل)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی. من لەگوتارە باس کراوەکەی سەرەوەدا ناڕەزایی خۆم لەم زاراوەیەی (ڕاناوی لکاو) دەربڕیوە، لەو ڕووەوە کەوا تایبەتی و خەسڵەتە یەکجار بێ مانەندەکانی ئەو تەرزە ڕاناوەی زمانی کوردی لەبن سێبەری تیری ئەو زاراوە پیاوغەڵەتێنەدا دەشرێنەوە و دەورە هەرە گرنگەکەی لە پێکهێنانی رستەی واتاداری کوردی، یەکجارەکی بێ نموود دەبێت. من پێشنیارم ئەوە بۆ زاراوەی (ڕاناوی چالاك)ی بۆ بەکاربێت، هەر بەو پێیەش زاراوەی (ڕاناوی مەند) بکرێتە جێگری (ڕاناوی لکاو)، هۆی پێشنیارەکەشم لە گوتارەکەدا ڕوون کراوەتەوە،

کەسێك بیەوێ لەگۆشەی نیگام بگات، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی گوتارەکە. وادەزانم باسی ئەم حەشارگەیەش هەر لەبێ جێی و نالەباری زاراوەی (لکاو ـ نەلکاو) زیاد دەکات.
با بێینە سەر چەقی باسەکە:
دەزانین ڕاناوی چالاك (لکاو) لەکوردیدا (بەڕاستی دەبێ بڵێین لە لەهجە ئاخاوتنی کوردستانی خواروو، چونکە لەهجەی سەروو هەموو ڕاناوە چالاکەکانی تێدا دەرناکەوێت، دووجۆرە: ١ـ ڕاناوی چالاکی کاری تێپەڕی رابردوو (ماض متعد) ٢ـ ڕاناوی چالاکی کاری تێنپەڕی رابردوو کە هەر خۆیەتی لەکاری ئایندەدا، چ تێپەڕبێت چ تێنەپەڕ.
ڕاناوە چالاکاکەمانی تێپەڕی رابردوو، وەك دەزانین ئەمانەن:
**(م) بۆ کەسی یەکەمی تاك وەك: کردم.**
**(مان) بۆ کەسی یەکەمی کۆ وەك: کردمان.**
**(ت) بۆ کەسی دووەمی تاك وەك: کردت.**
**(تان) بۆ کەسی دووەمی کۆ وەك: کردتان.**
**(ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك وەك: کردی.**
**(یان) بۆ کەسی سێیەمی کۆ وەك: کردیان.**
ڕاناوە چالاکەکانی تێنەپەڕی رابردوو هەموو ئایندەییێکیش ئەمانەن:
**(م) بۆ کەسی یەکەمی تاك وەك: هاتم، دێم، دەکەم.**
**(ین) بۆ کەسی یەکەمی کۆ وەك: هاتین، دێین، دەکەین.**
**(یت، ی) بۆ کەسی دووەمی تاك وەك: هاتیت، دێیت، دەکەیت، یاخود هاتی، دێی، دەکەی.**
**(ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ وەك: هاتن، دێن، دەکەن.**
**ـ کەسی سێیەمی تاك ئەم ڕاناوەی نییە.**
**(ن) بۆ کەسی سێیەمی کۆ وەك: هاتن، دێن، دەکەن.**
سرنجێکی سەرپێی دەری دەخا کەوا پێنج ڕاناوی کۆمەڵەی یەکەم هەمیشە لەدوا کاری تێپەڕدا دێن، دەشزانین لەرووی هێزەوە تێپەڕ ژووررووی هەموو کارەکانەوە دێت. لێرەدا دەبێ بەبیر خوێنەری بێنمەوە، کار لەرووی هێزەوە سێ پلەی هەیە:
یەکەم: کاری تێپەڕ کە هێزەکەی بە تەنها (کارا ـ فاعل) دابین نابێت و (بەرکار ـ

مفعول) داوا دەكات.
دووەم: تێنەپەڕی عادەتی وەك: (هات، چو، گەیشت، ڕۆیشت، نیشت) كە لەوێدا كرا بەخوایستی خۆی كارەكە دەكات.
سێیەم: تێنەپەڕی هەرە بێ هێز كە لەعەرەبیدا پێی دەڵێن (افعال المطاوعة) و من لە كوردیدا پێیان دەڵێم (كاری ڕوودان) كە فاعیلەكەیان خواستی نییە لەوشتەی ڕوو دەدات. صیغەی هەرە بەرچاوی كوردی بۆ ئەو كارانە ئەوەیە كۆتاییەكەی لە رابردوودا بەدەنگی (ا) دێت و لە ئایندەدا (ا) كە دەبێتە (ێ)، وەك: ترازان، پسان، سووتان، دڕان، لوان، لكان، سوان، كولان، برژان.. ئەمەش جۆری (تصریف)یانە لە رابردووەوە بۆ ئایندە نیشان دەدات كە ئەلفەكەیان دەبێتە (ێ):
**ئێوە برژان دەبرژێن ـ لكان ـ دەلكێن**
**ئێمە سووتاین دەسووتێین ـ برژاین دەبرژێین**
**من ترازام دەترازێم ـ كولام دەكولێم**
**دەنگی ئەلفی كۆتایی كار ئەگەر هی (مطاوعة ـ ڕوودان) نەبێت، لە ئایندەدا بەدیار ناكەوێتەوە چ تێپەڕبێت چ تێنەپەڕ. نموونەی تێپەڕ وەك:**
**كێلام دەكێلم، ناگوترێ دەكێلێم**
**پێواتان دەپێون، ناگوترێ دەپێوێن**
**نموونەی تێنەپەڕ وەك:**
**هەڵستام هەڵ دەستم، ناگوترێ: هەڵدەستێم**

صیغەی تریش هەیە بۆ كاری ڕوودان، بەڵام هێندەی كارە ئەلفییەكان بەرچاو نین، وەك: خشین، لەرزین، بەزین (بەواتای لەشەڕدا هەڵاتن نەك غاردانەی بە ئارەزوو)، رزین، جمین (وەك: رێگاكە جمی، واتە هەرەسی كرد).
پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێمەوە (چونكە لە نووسینی ترمدا گوتومە) صیغەی كاری كارا بزر (الفعل المبنی للمجهول) لە كوردیدا بە تەواوی و لەهەموو ڕوویێكەوە وەك كاری ڕوودانی ئەلفی گەردان دەكرێ و وەك ئەویش ڕاناوی كاری تێنەپەڕی بۆ بەكاردێت، چونكە بەڕاستی ئەویش لەو پەڕی بێ هێزیدایە، وەك:
دیتران، دەدیترێن ـ خوراین، دەخورێن ـ گیرام، دەگیرێم، هتد...
مەبەست لەم رونكردنەوەیە ئەوەبوو كە بیكەمە پێشەكی بۆ چوونە ناو حەشارگە

ڕێزمانییەکەی باس لیّ کراو:
ڕاناوەکان بەپێی هاتنیان بەدوا کاری ڕابردووی بەهێز و بێ هێزدا، خۆشیان دابەش دەکرێن بەچەند بەشێك لەرووی هێزو بێ هێزییەوە.
یەکەم: ئەو ڕاناوانەی هەمیشە لەدوا کاری ڕابردووی تێپەڕەوە دێن و هەرگیز ناچنە دواوەی کاری تێنەپەڕ. ئەو ڕاناوانە بریتیین لە: مان، ت، تان، ی، یان.
دووەم: ئەو ڕاناوانەی (ڕاست ئەوەیە بڵێم ئەو ڕاناوەی) دەچنە دوای ڕابردووی تێپەڕو تێنەپەڕەوە. لەم بابەتە یەك ڕاناو هەیە، ئەویش ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە (م).
سێیەم: ئەو ڕاناوانەی هەمیشە لەکۆتایی ڕابردووی تێنەپەڕەوە دێن کە ئەمانەن:
ین ـ بۆ کەسی یەکەمی کۆ، وەك: نوستین.
یت، ی ـ بۆ کەسی دووەمی تاك. وەك: نوستیت (نوستی).
ن ـ بۆ کەسانی دووەم و سێیەمی کۆ، وەك: نوستن.
تا ئێرە کارێکی کردبێتم، زیاد لەوەی نووسەرانی تر کردبێتیان، هەر ئەوەیە کە ڕاناوەکانم لەرووی هێزەوە کرد بەسێ پلە، بەڵام جارێ ئەنجامە هەرە گەورەکەی ئەم دیاردە ڕێزمانییە ماوە لە حەشارگە دەربهێنرێت.
من لەو نموانانەدا کاری ڕابردوو دەهێنمە ناو ڕستەکانەوە، چونکە نامەوێ لێرەدا بەدرێژی هەموو سەرو بەرێك و ئەنجامێکی دوور و نیزێکی ئەم دیاردەیە بکوتمەوە، لەبەر زێدە درێژی و ئاڵۆز و بلۆزی باسەکە، ناو ناوەییێکیش، بەنیازی پتر وونکردنەوە، نموونە لە غەیری ڕابردووش دەهێنمەوە. هۆی بایەخ دانیشم بە ڕابردووەوە لەوەوە دێت، کە هەر خۆیەتی پلەی هێزو بێ هێزی کارەکانی تێدا بەدیار دەکەوێت، چونکە دیتمان لە ئایندە (مضارع)دا ڕاناوە چالاکەکان ناگۆڕێن لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ.
ئێستا دێمە سەر روناك کردنەوەی دەروونی حەشارگەکە:
لەکاری ڕابردووی تێپەڕدا کە ڕاناوی چالاکی بەهێزو ناوەندی وەیا ناوەندی و بێ هێز کۆبونەوە، هەمیشە ڕاناوە بەهێزترەکە دەبێتە کارا (فاعل) و بێ هێزەکەش دەبێتە بەرکار (مفعول)، هەر چەندێکیش جێگەیان بەیەکتر بگۆڕێتەوەو ڕاناوە بەهێزەکە لەشوێنی بەرکاردانێیت و بێ هێزەکەش بخەیتە شوێنی کاراوە، هەمیسان ڕاناوە بەهێزەکە هەر بەکارایی (فاعلی) دەمێنێتەوە. دەزانین

لەرابردووی تێپەڕدا کارا (فاعل) بەرکارەکە (مفعولەکە) دەخاتە پێشەخۆیەوە وەك کە دەڵێی (نانم خوارد، گۆشتمان کڕی، چێرۆکت نووسی) هەر بەو پێیەش کە ڕاناوی چالاك (واتە ڕاناوی لکاو) بەدوا یەکتردا دێن، ڕاناوەکەی پێشەوە دەبێتە بەرکارو ئەوی دواییش دەبێتە کارا، بەڵام کە ڕاناوەکان لەدوو پلەی جیاوازی هێزدا بوون، هەمیشە هێزدارەکە دەبێتە کارا:

**دیتمن واتە من ئێوە وەیا ئەوانم دیت.**

**دیتنم هەمیسان بەواتای من ئێوە وەیا ئەوان دیت (لەهجەی پژدەر).**

لەم نموونەیەدا ڕاناوی (م) لە پلەی ناوەندی هێزدایە، ڕاناوی (ن)یش لەپلەی بێ هێزی تەواودایە بۆیە هەر (م)ەکە دەبێتە فاعل. بەڵام کە ڕاناوی (م) لەگەڵ ڕاناوی (ت)ی کەسی دووەمی تاکدا هات، هەمیشە ڕاناوەکەی (ت) دەبێتە فاعل:

**دیتمت واتە تۆ منت دیت.**

**دیتتم هەمیسان بەواتای تۆ منت دیت.**

کە ویستت بڵێیت (من تۆم دیت)، دەبێ ڕاناوە بێ هێزەکە کەسی دووەمی تاك بهێنیت، کە (یت، ی)ە:

**من دیتمیت (وەیا دیتمی).**

**لەم نموونەیەی (دیتمی) راستییێکی گەورە خۆ بەدیار دەخات:**

ئەگەر لە گوتەی (دیتمی) مەبەست کەسی دووەمی تاك بوو و (ی) کە کورت کرایەوەی (یت) بۆ ڕاناوی (م) فاعلە و (ی)ەکە مەفعولە. بەڵام ئەگەر لە گوتەی (دیتمی)دا ڕاناوەکەی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك بۆ ئەوسا ئەو دەبێتە فاعل و ڕاناوەکەی (م) دەبێتە مەفعول، چونکە ڕاناوی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك بەهێزترە لە ڕاناوی (م) جێگاکەشی جێگەی فاعلە، چونکە کەوتۆتە دواوەی ڕاناوەکەی تر. کەواتە لەرستەی (دیتمی)دا ئەگەر مەبەست (دیتمیت) بۆ ڕاناوی (م) فاعلە و (ی ـ یت) مەفعولە، بە پێچەوانەی ئەوەی ڕاناوەکەی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك بێت، کە ئەوسا (م)ەکە دەبێتە مەفعول و (ی)ەکەش فاعل.

لەم دەستوورەوە دەزانرێ ئەگەر دوو ڕاناوی بەهێز لەکاری رابردووی تێپەڕدا کۆبوونەوە، ڕاناوەکەی پێشەوە دەبێتە مەفعول و هی دواوەش دەبێتە فاعل بەپێی دەستووری گشتی ڕێزمان وەك کە لەهەندێ شێوە ئاخاوتنندا دەڵێین (دیتمانیان ـ

واتە ئەوان ئێمەیان دیت). بەڵام راستتر ئەوەیە لەتەك ڕاناوی بەهێزدا کە ببێتە فاعل ڕاناوی بێ هێز بەکار بێت وەك مەفعول. باشتر و دروستتر ئەوەیە بگوترێ (دیتیانین ـ بەواتای ئەوان ئێمەیان دیت) کە بەپێی دەستووری ڕاناوی بێ هێزی (ین) بۆ کەسی یەکەمی کۆ وەك مەفعول هاتۆتەوە. ئێمە کە ڕاناوی (م) لەپێش و لە پاشی ڕاناوی فاعل بەکاردێنین و دەڵێین (دیتمیان، دیتیانم) لەهەردوو حاڵیشدا (م)ەکە مەفعولە، بۆیە چونکە ڕاناوی (م) لە پلەی ناوەندی هێزدایەو بە فاعلی و بە مەفعولی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ڕاناوە بەهێزەکان شێوەی بێ هێزیان هەیە، کە ببێتە مەفعول، کەواتە چاکتر ئەوەیە لەحاڵی مەفعولیدا شێوە بێ هێزەکەیان بەکاربێت.

لە ئایندە (مضارع)دا دەستوورێکی گشتی هەیە کە بریتییە لەوەی ڕاناوی لکاوی دوای نیشانەی ئایندە کە دەنگی (دە)یە (لەشێوەی سلێمانی دەنگی ﴿ئە﴾یە) هەمیشە دەبێتە مەفعول لەبەرئەمە کە دەڵێی (دەتان بینم) ڕاناوی (تان) مەفعولە و ڕاناوی (م) فاعلە، هەروەهاش کە دەڵێی (دەتان بینین، دەیان بینن) لەهەموو حاڵدا ڕاناوەکەی دوای (دە)ی ئایندە مەفعولە. لێرەدا دیمەنێکی بەڕواڵەت سەیر دێتە پێش چاو: ڕاناوە بەهێزەکان بوونەتە مەفعول و بێ هێزەکانیش فاعل. هۆی ئەم دیاردەیە لەوە دێت کە ڕاناوی لکاوی فعلی ئایندە (مضارع) هەمیشە بێ هێزە هەرچەند فاعلیشە، واتا لەگوتەی (دەبینین)دا ڕاناوی (ین) فاعلەو دەبێ فاعل بێت، ئیتر بەناچاری ڕاناوی بەهێزی کەسەکان وەك مەفعول دێتەوە لە مضارعدا، چونکە مومکین نییە (وەیاخود پەسەند نییە) لە مضارعدا ڕاناوی بێ هێز بەغیری فاعیلیەت بێت.

ئەم تێبینییەی هاتنی ڕاناوی بێ هێز بۆ کاری ئایندە و هی بەهێز بۆ رابردووی تێپەڕ، جارێکی تریش لەسەرنج گرتن لە صیغەی رابردووی بەردەوام تێ دەخوێندرێتەوە:

وەك دەزانین صیغەی رابردووی بەردەوام (ماضی استمراری) نیشانەی ئایندەی لەپێشەوە دێت، وەك کە دەڵێین (دەمان دیت، دەی خوارد، دەتان بیست، لێرەدا کاری تێنەپەڕمان پێویست نییە، چونکە دەمانەوێ بزانین کاراو بەرکار چۆن رەفتار دەکەن، دیاریشە لەکاری تێنەپەڕ بەرکار پەیدا نابێ).

گوتمان لەکاری ئایندەدا هەمیشە مەفعول دەکەوێتە دوای نیشانەی (دە)ی

ئایندەوە، وەك (دەمگرن، دەمبینن..) بەڵام لەرابردووی بەردەوامدا چونکە کارەکە ئایندە نییەو ڕابردووە، نیشانەکەی (دە) سروشتی خۆی دۆراندووەو لەوە دەرچووە نیشانەی ئایندە بێ، بۆیە ئەو ڕاناوەی بەدوا (دە)کە دادێت ڕاناوی فاعیلە نەك مەفعول، ڕاناوەکەی مەفعولیش کە دەکەوێتە دوایی فعلەکەوە ڕاناوی بێ هێزی مەفعولە وەك کە لە عادەتی دەڵێی (هەڵیان گرتم، رایان گرتم). ئەم ڕاستییەیە مەتەڵەکەی، دەمگرن (ئایندە ـ مضارع)
دەمگرتن (رابردووی بەردەوام)
روون دەکاتەوە: وەك دەبینیت، دۆزینەوەی ئەم دیاردەیەی بەهێزی و بێ هێزی ڕاناوی چالاك (لکاو) روپەڕەییێکی هەڵ نەدرایەوەی ڕێزمانی کوردی هەڵ دەداتەوە کە لەوێدا نهێنی و نەزانراوی هۆی بەشێك لە رەفتارە سەیرەکانی ڕاناوی لکاو دێتە ناو جغزی ئاشکرایی و زانراوییەوە. هەڵدانەوەی رۆپەڕەی ئەوتۆیی لەتاکە ڕێی لێکۆڵینەوەی ڕەسەن و سەربەخۆی زمانەکەمانەوە مومکین دەبێت، هەرگیز بەرووناکایی خواستنەوەی دەستوراتی ڕێزمانە بێگانەکان حەشارگەی هێندە خۆماڵی رۆشن نابێتەوە.

*** وەرگیراوە لەکتێبی چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، مامۆستا مەسعوود محەمەد، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٩ — ١٧.**

# فەرهەنگی زمانناسی

# زاراوەگەلی بواری وزەو گەرمی بزووتن

بەشی یەکەم

ئا : رزگار بەکر وەلی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆی سەلاحەدین

| کوردی | عربی | ئینطلیزی |
|---|---|---|
| فراوانبوونی لەناکاو | توسيعة مفاجئة | Abrupt enlargement |
| ڕێچکەی ڕەها | المسار المطلق | Absolute path |
| پاڵە پەستی ڕەها یەکسانە بە پاەپەستۆی گێج+ پاڵە پەستۆی ئە تمۆسفیر | الضغط المطلق | Absolute pressure |
| پاڵە پەستۆی ڕەها : دەکاتە پاڵە پەستۆی هەوا + پاڵە پەستۆی پێوەر | الضغط المطلق | Absolute pressure |
| هەڵمژەر، مێژەك | الماص | Absorber |
| توانای هەڵمژین | امتصاصية | Absorbtivity |
| هەلمژین، مێژتن | امتصاص | Absorption |
| هەڵمژین | الامتصاص | Absorption |
| تاودان، تاوسەندن | التعجيل | Acceleration |
| تاودان | تعجيل | Acceleration |

| | | |
|---|---|---|
| Acceptance angle | زاوية الاستقبال | گۆشەی پێشوازی |
| Access door | باب نفاذ | دەرگای چوونە ژوور |
| Accumulator | مركم | کەڵەکەکەر، کۆمکەر |
| Acoustic velocity | سرعة صوتية | خێرایی دەنگ |
| Activated alumina | الومينا المنشطة | ئەلۆمینای چالاککراو، ئەلۆمینا بزڤاندی |
| Activated carbon | كربون منشط | کاربۆنی چالاککراو، کاربۆنی بزڤاندی |
| Actual air | الهواء الحقيقى | هەوای تەواو( راستەقینە ) |
| Adhesion | تلاصق | پێوەنووسان، |
| Adiabatic flow | جريان اديباتى | ڕۆیشتنی ئەدیاباتی |
| Adiabatic process | العملية الاديباتية | پرۆسەی ئەدیاباتی: ئەو پرۆسێسەیە کە گواستنەوی گەرمایی لە دەرەوە بۆ سیستەمیك وە یان لە لە سیستەمەکەوە بۆ دەرەوە یەکسانە بە سفر |
| Adsorbate | ممتز | جیاکراوە |
| Adsorbent | ماز (مادة مازة) | جیاکەرەوە |
| Adsorption | الادمصاص، الامتزاز | جیاکردنەوە: جیاکردنەوەی دوو ماددە لە یەکتری بە هۆکاری میکانیکی |
| Aerated burber | محراق هوائى | سوتێنەری هوایی |
| Aeration | تهوية | هەواگۆڕکێ |
| Aeration | تهوية مزجية | هەواگۆڕکێ، باوەشاندن: تێکەڵ بوونی هەوای نوێ لە گەڵ هەوای کۆنی ناو بۆشاییەکی دیاریکراو. |
| Aerodynamic | الارودیناميك | ئیرۆدینامیك، هەوا بزووتن |
| Aerofoil | سطح انسيابى | ئیرۆفۆیل، ڕوویەکی گونجاو |

| | | |
|---|---|---|
| Aerosol | ايروسول (هباء جوى) | ئێرۆسۆل: کۆبوونەوەی هەورێك لە تەنۆلکەی بچووك، رەق یان شل، ماددەی هەڵواسراو لە هەوادا. وە تیرەی تەنۆلکەکان لە نێوان ١٠٠ مایکرۆن تا ٠,٠١ مایکرۆن یان بچوکتر. بۆ نموونە تۆز، تەم، وە دووکەڵ |
| Aging | تقادم، تعتيق | پیربوون، پیرکردن |
| Aging room | غرفة الازمان(التعتيق) | ژووری کۆنکردن( پیرکردن ) |
| Air agitation | تقليب بالهواء | تێکەڵکردن بە هەوا |
| Air blast cooling | تبريد بالسفع الهوائى | ساردکردن بە هەوا باراندن |
| Air conditioner | مكيف الهواء | هەوا سازکەر، هەوا سازێنەر |
| Air conditioning | تبريد و تدفئة الهواء | هەوا سازکردن، هەوا سازاندن |
| Air conditioning | تكييف الهواء | هەوا سازکردن |
| Air cooled condenser | مكثف مبرد بالهواء | خەستکەرەوە بە هەوا ساردکرنەوە |
| Air cooler | مبرد الهواء | ساردکەرەوی هەوا، هەوا ساردکەرە |
| Air cycle | دورة الهواء | سووڕی هەوا |
| Air diffuser | ناشرة الهواء | هەوا پرژێنەر، هەوا برژێنە |
| Air heater | سخان الهواء | هەواگەرمکەرە |
| Air tunnel | نفق هواء | تونێلی هەوا |
| Air ventilation | تهوية الهواء | هەواگۆرکێ، باوەشاندن، باگۆرکێ |
| Air washer | غسالة الهواء | شۆرەری هەوا، شۆرەر بە هەوا، هەوا شۆرە |
| Air-water system | مجموعة الهواء و الماء | سیستەمی هەوا و ئاو |
| Algaemt | طحالب | قەوزە، بەمبلۆك |
| Alignment | التسطير | ڕیزکردن، ڕێزبەندی |
| Alkylation | الالكلة | تفتاندن، بە ئەلکالی کردن |

| | | |
|---|---|---|
| Aluminous fire-bricks | الطابوق النارى الالومينى | کەرپوچی ئاگری ئەلۆمینی |
| Ambient air | هواء المحيط | هەوای دەرووبەر، بایی دۆرماندۆر |
| Ambient conditions | الظروف الجوية | ڕەوشە هەوای دەوروبەر |
| Ammonia | نشادر (امونيا) | گازی ئەمۆنیا |
| Anaerobic | البكتريا اللاهوائية | بەکتریای بێ هەناسە |
| Ancillary equipment | المعدات المساعدة | ئامێرە یاریدەدەرەکان |
| Anemometer | مقياس السرعة | پێوەری خیرایی، ئەنیمۆمیتەر |
| Aniline point | نقطة انيلين | خاڵی ئەنیلین |
| Annual drift | الانحراف السنوى | لادانی ساڵانە |
| Antemeridian(A.M.) | قبل الظهر | پێش نیوەڕۆ، بەری نیڤرۆ |
| Anti freeze | مانع التجمد | دژە بەستن |
| Anti knock rating | مقاومة الفرقعة | بەرگری کردنی لێدان |
| Aphelion | الاوج الشمسى | پۆپەی خۆرگەرمی، ئەفیلیۆن |
| Aqua ammonia | امونيا سائلة | ئەمۆنیای شل، ئاوی ئمۆنیا |
| Arctic circle | الدائرة القطبية الشمالية | بازنەی جەمسەری باکوور |
| Ash content | محتوى الرماد | پێکهاتەی خۆڵەمێش، پێکهاتەی سووتوو |
| Asphalted base | اساس اسفلتى | بنچینەی قیڕی، بنستری قیڕی |
| Associated gas | الغاز المصاحب | هاوەڵگاز |
| Astronomy | علم الفلك | ئەستێرە ناسی |
| Atmosphere | جو | کەش، ئە تمۆسفیر |
| Atmospheric distillation | التقطير تحت الضغط الاعتيادى | دلۆپاندن لە کەشی ئاسایی |
| Atmospheric gas burner | محرق الضغط الجوى(للغازات) | پەرەمێزی کەشە هەوا |
| atomization | التذرية | پرژاندن |
| Atomization | التذرية | پرۆژاندن، پەشاندن |

| | | |
|---|---|---|
| Atomization by fluid | التذرية بواسطة الموائع | پرۆژاندن بە یارمەتی گازاو |
| Attenuation | تهوية | هەواگۆڕکێ |
| Attitude | الارتفاع | بەرزی، بڵندی |
| Auto balancing | ذاتی الموازنة | هاوسەنگی ئۆتوماتیکی، خۆ هاوسەنگی |
| Auto ignition | الاتقاد الذاتی | داگیرسانی خۆیی، بەخۆ هەڵبوون |
| Auto thermal | الحرارة الذاتية | گەرمی خۆجێی |
| Automatic defrosting | اذابة الصقيع اوتوماتيكيا | شەختە لابردنی ئۆتۆماتیکیانە |
| Autumnal equinox | نقطة الاعتدال الخريفی | خالی ناوەندی پایزانە، خاڵی یەکوەختی پایزانە |
| Aviation fuels | وقود الطيران | سووتەمەنی فڕۆکە |
| Aviation turbine fuels | وقود الطائرات التوربينية | سووتەمەنی فڕۆکە تۆربینیەکان |
| Awning | مظلة الشباك | پێچەی پەنجەرە، سەرپەنجەرە، سڤاند |
| Axial flow | جريان محوری | داشلانی تەوەری |
| Axially symmetric flow | جريان متماثل محوريا | داشلانی چوونیەکی تەوەرەیی |
| Azimuth angle | زاوية الزوال | گۆشەی ئاوابوون، گۆشەی نەمان |
| Baffle | عارضة | بەربەست، کۆسپ |
| Balanced draught | تيار السحب المتوازن | تەووژمی ڕاکێشانی هاوسەنگ |
| Band | حزمة | گورز، چەپك |
| barometer | بارومیتر | بارۆمیتەر: پێوەری پالە پەستۆی هەوا |
| Barometric condenser | المكثف البارومیتری | خەستکەرەوەی بارومیتری |
| Bends | منحنيات | چەماوەکان |
| Bernoulli's theorem | نظرية بيرنولی | بیردۆزی ( هاکێشەی ) بیرنۆلی |

| | | |
|---|---|---|
| Bitumen | بتيومين | **بتیومین: ماددەیەکی هیدرۆکاربۆنی ئاڵۆزە لە نەوتی خاو بەرهەم دەهێنرێت وە بەکار دەهێنرێت لە کارەکانی ساردکرنەوەدا لەو شوێنانەی کە نەگایاندنی گەرمییان بۆ ئە نجامدراوە، وەك ماددەیەکی کەتیرەیی بۆ چەسپاندنی بۆردە نەگەیەنەرەکان.** |
| Blades | ارياش | **پەڕەکانی تۆربین، دەفك** |
| Blast furnace | الفرن النفاخ | **تەندووری فوودراو** |
| Blasuis friction factor equation | معادلة معامل احتكاك بلازيوس | **هاوکێشەی هاوکۆلکەی لیکخشانی بلازیۆس** |
| Blue gas | الغاز الازرق | **شینە گاز** |
| Boiler | البويلر | **بۆیلەر، گیزەر** |
| Boiling | غليان | **کولاَن، کولَ دان** |
| Bole metric | اجهزة تحسس حرارة الاشعاع | **ئامێری هەستکردن بە گەرمایی تیشکدانەوە** |
| Bomb calorimeter | مسعر القنبلة | **کالۆریمەتری بۆمبا** |
| Boost fluids | السائل الاضافى | **شلەی سەربار** |
| Bottom dead center | النقطة الميتة السفلى | **خاڵی مردووی خوارەکی** |
| Bound | مقيد، محصور | **قەیشکراو، بەند، گرێدراو** |
| Boundaries | حدود | **ڕۆخەکان، کەنارەکان** |
| Boundary layer | الطبقة المتاخمة | **ڕۆخەچین** |
| Bourdon gauge | مقياس بوردن | **پیوەری بۆردن** |
| Brake horse power | القوة الحصانية الواقعية(الكبحية) | **توانای ئەسپی بەوەستان** |
| Bricks | الطابوق | **کەرپوچ، خشت** |
| Brine | محلول ملحى | **گیراوەی خوێدار، خوێیاو** |

| | | |
|---|---|---|
| briquettes | فحم القوالب | ڕەژووی قالبەکان |
| British thermal unit(BTU) | وحدات الحرارة البريطانية | یەکەکانی گەرمی بەریتانی( I.E. ) |
| British units | الوحات البريطانية | یەکەکانی بەریتانی |
| Brown coal | الفحم البنى | خەڵووزی بۆر |
| Bubble caps | طواقى فقاعية | کلاوەی بلقدار |
| Bucket | دلو | دەولك، سەتل |
| Bulk | اجمالى | گشتی |
| Bunsen burner | مصباح بنزن | سوتینەری بنزن |
| Buoyancy | الطفو | سەرئاوکەوتن |
| Burner | محرق | سووتێنەر، سۆژینەك |
| Burner tip | فتحة المحرقة النهائية | نووکی ڕەمی پەرەمێز |
| Burning zone | المنطقة المحترقة | شوینی سووتاندن |
| Calcining | تكليس | بەکلس کردن، کالیساندن |
| Calorific value | القيمة الحرارية | بەهای گەرمی |
| Capillary | خاصية شعرية | دیاردەی موویی |
| Capillary rise | تصاعد شعرى | بەرزبوونەوەی موویی |
| Carbon residue | الكاربون المتبقى | کاربۆنی پاشماوە،کاربۆنی بەرماوە |
| Carbonization | الكربنة | بەکاربۆن کردن |
| Carborundum bricks | طابوق كاربورندم | کەرپوچی کاربورۆندم |
| Carnot cycle | دورة كارنوت | سووری کارنۆت سووریکی سیرمۆدینامیکی نموونەییە کە زۆرترین ووزەی گەرمی دەگۆڕێت بۆ ووزەی میکانیکی وە بە زۆری لە شیکردنەوەی ئیشکردنی سیستەمەکانی ساردکردنەوەدا بەکاردەهێنرێت. |

| | | |
|---|---|---|
| Cartesian | كارتيزية | كارتيزيان، پۆو تان : دیاری کردنی شوێنی خاڵێك به پۆوتانی x,y,z |
| Cascade condenser | مكثف تعاقبى | خەستکەرەوەی بە کۆمەڵ |
| Catalytic cracking | التكسير بالعامل المساعد | درزبردنی به هۆکاری ماددەی یاریدەدەر |
| Cauchy number | رقم كوشى | ژمارەی کۆشی |
| Cavitation | تكهف | دروست بوونی بڵق، خلۆلەبوون |
| Cavitation number | متغير تكهف | هاوکۆلکەی دروست بوونی بۆشایی |
| Ceiling void | فراغ السقف | بۆشایی بنمیچ، ڤالاهیا بانێ |
| Celerity(for pressure) | سرعة (لموجات الضغط) | خێرایی( بۆ شە پۆڵەکانی پاڵە پەستۆ) |
| Celestial | سماوى | ئاسمانی |
| Cellular insulator | عازل خلوى | دابڕی خانەیی |
| Centipoises | سنتى بويزنى | سەنتی پۆیز: یەکەی پێوانەی لینجی= ٠,١ نیوتن.چرکە\مەتر دووجا |
| Centistokes | سنتى ستوك | سێنتی ستۆك: یەکەی پێوانەی لینجی کینیماتی = مەتر دووجا\چرکە |
| Centrifugal acceleration | تعجيل مركزى | تاودانی چەقی |
| Centrifugal pump | مضخة الطرد المركزى | ترومپای چەقە پاڵنەر |
| Centroids | مراكز متوسطة | ناوەندە چەق، لاچەق |
| Cetane number | العدد السيتانى | ژمارەی سیتان: پێوەرە بۆ جۆریەتی سووتەمەنی بزوێنەری دیزل وە چەند ژمارەکە بەرز بێت ئەوا جۆری سووتەمەنیەکە باشە. |
| Characteristic curves | منحنيات خصائصية | چەماوەکانی تایبە تمەندی |

| | | |
|---|---|---|
| Charging | شحن | بارگاوی کردن |
| Check valve | صمام عدم ارجاع | زمانەی چێك كردن |
| Chemical treatment | المعاملة الكيميائية | چارکردنی کیمیاوی |
| Chezy formula | معادلة شيزى | هاوكێشەی شێزی |
| Chilled water | ماء مبرد | ئاوی ساردكراوە، لۆلاڤ |
| Chilling | تبريد(مفاجىء) | تەزاندن |
| Chimney | المدخنة | دووكەڵكێش، كونە باچكە، باچكە |
| Chromospheres | طبقة الشمس اللونية | كرۆمۆسفیر، چینە رەنگدارەكانی خۆر |
| Cipolletti weir | هدار سيبوليتى | جۆگەی سیبۆلیتی: جۆگەی برگە شیوە لاكێشە یان سێگۆشە بۆ پێوانی داشلانی شلەكان لە كەنالی كراوەدا |
| Circulation | تدوير | سووڕانەوە |
| Cloud point | نقطة التعكير | خاڵی تەڵخ بوون ( شێلووبوون ) |
| Cloud point | نقطة التغبش | خاڵی تەڕاوێلكە |
| Coal | الفحم المتحجر | خەڵووزی بەردین |
| Coal gas | غاز الفحم | گازی خەڵووز |
| Coating | غلاف، غطاء | روو پۆش كردن |
| Coefficient | معامل | هاوكۆلكە |
| Coefficient of performance | معامل الاداء | هاوكۆلكەی ئەنجام دان |
| Cohesion | تماسك | سخایەتی، پێكەوەنووسان |
| Coil | ملف | كۆیل، گلۆلك، گلۆڵە |
| Coke | الكوك | خەڵووزی كوك |
| Cold starting | بدء التشغيل( فى المحرك) | سەرەتای ئیشكردن( لە بزوێنەر) |
| Collector | المجمع | كۆكەرەوە، كۆمكەر |
| Combustion | الاحتراق | سووتان |

| | | |
|---|---|---|
| Combustion calculations | حسابات الاحتراق | ژمێریاری سووتـان |
| Combustion chamber | غرفة الاحتراق | ژووری سووتـان |
| Combustion characteristics | مميزات الاحتراق | ئەدگارەكانی سووتـان |
| Comfort air conditioning | تكييف الهاء للراحة | هەواسازكردن بۆ حەسانەوە |
| Compressibility factor | معامل الانضغاطية | هاوكۆلكەی پەستاندن |
| Compression | الانضغاط | پەستاندن |
| Compression ignition engines | محركات الانضغاط-الاتقاد | بزوێنەری پەستانە سووت |
| Compression ratio | نسبة الانضغاط | ڕێژەی پەستاندن |
| Computational fluid dynamics | ديناميك حسابات الموائع | بزووتنی ژمێریاری شلگازەكان |
| Concentrators | مركزات | چڕكەرەوەكان |
| Condenser | المكثف | خەستكەرەوە، چڕكەرەوە، كۆندێنسەر |
| conduction | الاتصال | گەیاندن، پێ گەیاندن |
| Conductivity | توصيلية | توانای گەیاندن |
| Conformal transformation | تحويل تطابقي | گواستنەوەی هاوشێوەیی |
| Conical diffuser | ناشر مخروطي | بڵاوكەرەوەی قووچەكی |
| Conjugate depths | اعماق مترافقة | قوڵاییە هاوتاكان |
| Content | محتوى | ناوەڕۆك |
| Continuity equation | معدلة الاستمرارية | هاوكێشەی بەردەوامی |
| Contracted weir | هدار متقاص | جۆگەی بەرتەسك |
| Contraction | تضييقة | تەسكبوونەوە، تەنگەبەری |
| Contraction coefficient | معامل التقاص | هاوكۆلكەیبەرتەسكی |
| Contraction loss | فقد القاص | زیانی بەرتەسكی |
| Control section | مقطع توجيه | بڕگەی ئاڕاستەكردن |

| | | |
|---|---|---|
| Control surface | سطح توجيه | رووتەختی ئاراستەکردن |
| Control volume | حجم توجيه | قەبارەی ئاراستەکردن |
| Controller | منظم | رێکخەر |
| convection | الحمل | هەڵگرتن |
| Convoluted | ملتف، ملفوف | پێچراو |
| cooling | التبريد | ساردکرنەوە، رچاندن |
| Cooling load | الحمل التبريدی | بارتای ساردکردن |
| Coordinates | احداثيات | پۆ و تان |
| Core area | مساحة القلب | رووبەری ناواخن( کاکڵ ) |
| Cork | فلين | فلین، تە پەدۆر |
| Cork pipe covering | غطاء انابيب فلينى | دا پۆشینی بۆری بە فلین |
| Correlation | ترابط | گریدان، هەڤبەندی |
| Corrosion inhibitors | مضادات التاكل | دژەتەنی داخوران، دژە مادەی ( دارزین ) |
| Counter current flow | جريان التيار المعاكس | داشلاندنی پێچەوانەی تەووژم |
| Cracking | التكسير | درزبردن |
| Cracking gas | غاز التكسير | گازی شکاندن |
| Crank case | علبة المرافق | کێس ی مەکینە ، تەشتی رۆن |
| Crest, edge | حافة | رۆخ، لێوار، هنداڤ |
| Critical | حرج | مۆلەق، تەنگەتاو |
| Critical pressure | الضغط الحرج | پاڵە پەستۆی شلۆق، فشارا گڤانەیی |
| Critical slope | الانحدار الحرج | لاری تەنگەتاو |
| Cross flow | الجريان المتقاطع | داشلاندنی یەکتربڕ |
| Crust freezing | تجميد القشرة | بەستنی توێکڵ |

| | | |
|---|---|---|
| Cryogenic | كرايوجينى | **كرايوچينى:** دەستەواژەیەکی گشتىيە کە بەکاردەهێنرا بۆ تێکەڵاوەکانی بەستن، بەڵام ئێستا بەکار دەهێنریت بۆ ڕێگاکانی وە دەستهێنانی بارەکان پلەی گەرمی زۆر نزم کە لە نێوان -١١١ پلەی سەدی تا نزیك سفری ڕووت، وە ئەم ڕێگایە بەکار دەهێنرێت بۆ بەهەم هێنانی گازە دەگمەنەکان لە هەوای زەپۆشدا. |
| Cryostat | كرايوستات | **کرایۆستات:** ئامێریکە بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی پلەی گەرمای زۆر نزم کە دەگاتە -٢٨٦ پلەی سەدی. |
| Cupola | فرن الدست(القبة) | **کورەی کلاوەدار، تەندووری کیوپۆلا** |
| Current | تيار | **تەزوو** |
| Current meter | مقياس سرعة التيار | **پێوەری تەزووی کارەبا، تەزوو پێوەرە** |
| Cycle | دورة | **سووڕ:** زنجیرەیەك لە کرداری گەرمی بزوتن کە بە کۆمەل ئەنجامدەدرێت بە بوونی ماددەی ئیشکردن وە توانای گەڕانەوەی هەیە بۆ ئەو خاڵەی کە لێوەی دەستی پێکردبوو. |
| Cycling | اداء دورى | **دووبارە بوونەوە بە سووڕ (سووڕداری)** |
| Cyclone | مصيدة المواد الصلبة(ترشيح) | **تەلەی مەوادە ڕەقەکان ( پاڵاوتن )** |
| Cylinder | اسطوانة | **لوولەك** |
| Cylindrical vortex | دوامة اسطوانية | **گێژاوی لوولەکی** |

| | | |
|---|---|---|
| Darcy-weisbach equation | معادلة دارس وايزباخ | هوكێشەی دارسی وایزباخ: ئەم هاوکیشەیە بە کار دەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی بڕی زیانی ئاست لەبەر بوونی لێخشاندن لە کاتی داشلانی شلگاز بە ناو بۆڕیەکاندا. |
| Deceleration | تقصير او تعجيل تناقصي | داکەوتنی تاودان، هێواشبوونەوە |
| Deep well pump | مضخة آبار قديمة | ترومپای قوولە بیر |
| Deflection | الانحراف | لادان، سکدان |
| Defrosting | اذابة الصقيع | شەختەلابردن |
| Degassing | طرد الغاز | بێ گازکردن |
| Dehumidifier | جهاز ازالة الرطوبة | شێ لابەر |
| Dehydration | ازالة الماء | ئاو لابردن |
| Dehydrator | وعاء نزع الماء | ئاو لابەرە، زوهاکەر |
| Dehydrogenation | سلب الهيدروجين | بێ هایدرۆجین کردن |
| Delay period | فترة التاخير | کاتی دواخستن |
| Density | كثافة | چڕی، تێراتی |
| Density gradient | انحدار الكثافة | پلیکانەی چڕی |
| Desalination | ازالة الملوحة | خوێ لابردن |
| Desiccation | تجفيف | ووشك كردنەوە، هەڵم لابردن |
| Destructive Distillation | التقطير الاتلافي | دلۆپاندن بە لابردن |
| Device | جهاز | ئامێر، ئالآڤ |
| Dew point | نقطة الندى | خاڵی ئاونگ |
| Diesel fuels | وقود الديزل | سووتەمەنی دیزل |
| Diesel power plant | محطة توليد القدرة بواسطة محركات الديزل | ویستگەی بەرهەمهێنانی توانا بەبزوێنەری دیزل |
| Differential manometer | مانومتر فرقي | مانۆمیتەر: بۆ خوێندنەوەی جیاوازی پاڵە پەستۆ |

| | | |
|---|---|---|
| Differential pressure | الضغط التفاضلي | پالە پەستۆی جیاکاری |
| Diffuse flux | الفيض المنتشر | لێشاوی بڵاوبووەوە، لەهی بەربڵاو |
| Diffuser | ناشر | بڵاوکەرەوە: ئەو ئامێرەیە کە بەکار دەهێنرێت بۆ کەم کردنەوەی خێرایی شلگاز لەکاتی داشلانی بە ناویدا، وە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی پالە پەستۆی گازاوەکە بە پێی یاسای بیرنۆلی. |
| Dimension | البعد | دووری، ڕەهەند |
| Dimensional analysis | تحليل بعدی | شرۆڤەکردنی دووریيەکان |
| Dimensionless | لابعدی | بێ دوورایی، بێ ڕەهەند |
| Dimensions | ابعاد | دوورایی یەکان، ڕەهەندەکان |
| Dimmer | خافت الضوء | ڕۆناکیەکی کز |
| DIN(Deutsche Norm) | المقاييس الالمانية | ستانداردی ئەڵمانی ( DIN ) |
| Dipping | تغطيس | نقوومکردن، تێ هەڵنان |
| Direct flux | الفيض المباشر | لێشاوی ڕاستەوخۆ |
| Discharge | تصريف | لێشاوی گازاو، داشلاندنی شلگاز |
| Discharge | تصريف | دەرڕێژکردن، ڕۆکردن |
| Discharge coefficient | معامل التصريف | هاوکۆلکەی دەرڕێژکردن |
| Disk friction | احتكاك القرص | لیکخشاندن بەدیسك |
| Dispersion | تشتيت، تشتت | پەرشبوونەوە، جیاکردنەوە |
| Dissipation | تبديد | پەرشبوونەوە، بژالەبوون |
| Distillate | قطارات | دڵۆپێنراو |
| Distillation | تقطير | دڵۆپاندن |
| Distillation gas | غاز التقطير | گازی دڵۆپاندن: ئەو گازەی لە ئە نجامی کرداری دڵۆپاندن پەیدا دەبن |

| | | |
|---|---|---|
| Disturbed flow | انسياب مشوش | داشلانی پەشۆکاو |
| Diverging flow | انسياب متباعد | داشلان بە پەلی |
| Diversity factor | عامل التباين | هۆکاری هەمەجۆری |
| Dolomite bricks | طابوق دولمايت | کەرپوچی دۆلۆمایت |
| Dome | قبة | کلاّوە، گومبەت، گومەز |
| Domestic fuel | الوقود المنزلی | سووتەمەنی ناومالّ |
| Domestic refrigerator | ثلاجة منزلية | بەفرخەروەی مالّەوە |
| Doped | مطعم | موتروبە کراو، پەترمە کراو |
| Double glazing | تغطية زجاجية- مزدوجة | داپۆشەری جووت شووشە |
| Doublet | ثنائی | دووانەیی، جووتە |
| Down comer | الماسورة النازلة | بۆڕی دابەزین |
| Down wash velocity | سرعة الاجتراف السفلی | خێرایی شووشتن لەخوارەوە |
| Draft head | سمت سحب | بەرزی ڕاکیشان |
| Draft tube | انبوب سحب | بۆڕی ڕاکێشان |
| Drag | الاعاقة | بەرگری راکیشان |
| Drag | اعاقة | بەرگری، ئاستەنگ |
| Drag coefficient | معامل السحب | هاوکۆلکەی بەرگری( ڕاکیشان ) |
| Drag diagram | مخطط الاعاقة | هێلکاری بەرگری |
| Draught | تيار السحب | تەووژمی ڕاکیشان |
| Drier | مجفف | ووشککەرەوە |
| Drift velocity | سرعة الانجراف | خێرایی ڕامالّین |
| Drip | نضح | دلّۆپە، لیّچوون، دەلاّندن |
| Drop method | طريقة القطرة | ڕێگای دلّۆپ |
| Droplets | قطرات دقيقة جدا(رذاذ) | دلۆپی زۆر بچوكّ، پرووشە، پەشك |

ئەوەرەیەک بۆ گفتوگۆ

## دەق و زمان لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی دا نین؟!

گرنگە دەرك بەوە بکەین، کە هەریەك لە ( دەق) و( زمان) بە عەقڵی دوور لەمیتۆدیی تەنیا دوو ئامرازو کەناڵی گەیاندنن.
لەم چەند ساڵەدا ئەو دووە هێندە خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ کراوە، بە جۆرێ هەردوو سنووری یەکتر ئەوەندە دەتەنن، ڕیشاڵ و شا دەمارەکانیان تێکەڵ بەیەك بىن.
دەق هەر ڕستەو وشەیە؟! ئامرازە زمانییەکان چ رۆڵێك دەگێڕن لە هەناوی دەقدا؟! ئەوانە چی لە دەق دەکوژن و چی دەبوژێننەوە؟! لەکامەیان مرۆڤ و کێشەکانی تیرۆر دەکرێن؟! ئەستاتیکای دەق دەتوانێ رۆحی دەق بپارێزن؟! ئەرێ هەژموونی هزرو ئایدیا لەبەرانبەر ستاتیکا چی بەسەر ئەدەبی سۆشیالیستی هێنا؟! ئەمە لەتەرەف مەندێکەوە رۆحی بونیادگەرییە وهەژموونی فۆرم بەسەر واتا و پەیام هەر کوشتنی بیرو هزرو ئایدلۆژیا نییە، بەڵکو کوشتنی خودی مرۆڤیشە!!
لەو نێوە، قەیرانی مرۆڤ بەخەنەبەندانی وشەوە تیرۆر دەکرێت!
لەلایەکی تر، هەر دەق خۆی حاڵەتە لە زمانی نووسراودا لەهەمان کاتیش بەگوێرەی بنەماکانی تیۆری گوتارەوە، دەق خۆی گوتارێکی زیندووە!
هێرمۆنتیکا ئەوەندەی پەیوەستە بە زمانەوە هەندە پەیوەست نییە بە ئایدیۆلۆژیاوە، چونکە ئەوە خودی دەقە هێرمۆنتیکا دەخولقێنێ نەك بە پێچەوانەوە. لەمەدا دەردەکەوێ هەژموون و ستاتیکای دەق رۆڵی خۆیان دەبینن لە گەشەکردنی زمانەوانی دەقدا.
لێرەوەش هێرمۆنتیکا پاڵپشت بە ئامرازە زمانییەکان و چوارچێوە زمانەوانیی و نازمانەوانییەکەی دەقەوە خوێندنەوەیەکی تر بۆ دەق دەکات!
گۆڤاری ( زمانناسی) ئەو دەرگایە لەسەر ئەو بنەمایە دەکاتەوە، کە (زمان) و ( دەق ـ ئەدەب) دوو دنیای زیاتر لەیەك نزیکن نەك هەر یەکەی لە پەرگەیەك بێ ... هیوادارین بە نووسینەکانتان ئەو تەوەرەیە دەوڵەمەند بکەن.

**خاوەنی ئیمتیاز**